ڕۆشنبیریی سیاسی

ڕۆشنبیریی سیاسی و کاریگەری لە بەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە

سەروەر حەمە ئەحمەد

رۆشنبیریی سیاسی

ڕۆشنبیریی سیاسی

سەروەر حەمە ئەحمەد

هەولێر
٢٠١٣

- ڕۆشنبیریی سیاسی

- نووسینی: سەروەر حەمە ئەحمەد
- نەخشەسازی ناوەوە: سەنگەر دلاوەر عەبدوللا
- بەرگ: ڕێمان
- ژمارەی سپاردن: (٢١٧) لەساڵی ٢٠١٣
- نرخ: (٣٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠١٣
- تیراژ: ٧٥٠ دانە
- چاپخانەی موکریانی (هەولێر)

زنجیرەی کتێب (٧٧٩)

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

ناوەڕۆك

پێشەکی

زانستی سیاسەت وەك هەر زانستێکی دیکە لـە مێـژە بایـەخی داوە بـە لایەنـە کولتوورییـەکانی سیاسـەت، دیـاردەی ڕۆشـنبیریش یەکێکـە لـە دیـاردە هـەرە گرینگەکانی نێو ئەم زانستە کە بۆتە جێگەی گرینگی پێدانی زانایانی ئەم زانستە، بەو پێیەی کە ڕۆشنبیریی سیاسی بەشێکە لە ڕۆشـنبیریی گشـتیی کۆمـەڵگـە کـە مەبەست لێی کۆمـەڵێك زانیاریی و تێڕوانین و ئاراستە و بەهای باوە سەبارەت بـە کاروباری سیاسی و حوکمڕانی، دەوڵەت و دەسـەڵات، وابەسـتەبوون و ڕەوایـەتی، بەشداریکردن، کە پێوەندییان بە سیاسەتەوە هەیە لە هەموو کۆمـەڵگەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا سرووشتی پێوەندیی نێوان هاووڵاتی و حکوومەت ڕون دەکاتەوە. بۆیە هەر لە سەدە کۆنەکانەوە فەیلەسووفان و هزرڤانان تێڕوانینی خۆیان لەسەر ئەم بابەتـە دەربڕیوە، بۆ نموونە لەسەدەی شەشەمی پێش زاینی دا "کۆنفۆشیۆسی" فەیلەسووفی چینی لە سێ نووسـراوەکەی خۆیـدا (بـاوەڕی میـانڕۆی و گـەورەترین فێرکـردن و گۆڕانکارییەکان) جەخت دەکاتەوە لەسەر چـاندنی تـۆوی ڕاسـتی و دادپـەروەری و خۆشەویسـتی و ڕۆشـنبیریی لـە دەروونـی مرۆڤەکانـدا، ئەمـەش لـە ڕێگـەی فێرکردنێکی جدییەوە بۆ ئەوەی سیستەمێکی سیاسی تەندروست بێتە ئـاراوە کـە فەرمانڕەواییەکی چاك بکات، دواتر پاش دوو سەدە فەیلەسووفی یۆنانی "ئەرستۆ" لە دەروازەی یەکەمی کتێبـی سیاسـەتدا ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کـردوە کـە هـەموو کۆمـەڵگەیەکی سیاسی خاوەنی هەندێك کولتوور و ئاکاری دیـارکراوە کـە زامنـی سەقامگیری و بەردەوامبونی دەکەن. پاشان ئەگەر باسـێك لەسـەردەمە نوێیـەکان بکەین دەبینین کـەوا فەیلەسـوفەکان باسـی ڕەهەنـدەکانی ڕۆشـنبیریی سیاسـییان کردووە، "جان جاك ڕۆسۆ" فەیلەسووفی فەرەنسی کـە لـە سـەدەی هـەژدە ژیـاوە ئاماژە دەکات بە گرینگی هەست و سۆزی گشتیی و گونجاو بۆ دیموکراتی سیاسی.

هەروەها "ئەلیکس دی تۆکیڤیلی" فەرەنسی لە کتێبی (دیموکراتی لە ئەمەریکا) جەخت دەکاتەوە لە ڕۆڵی بەها کولتووریەکان لە پرۆسەی سیاسی لە ناو کۆمەڵگەی ئەمەریکی دا. بۆیە دەبینین فەیلەسووفان و هزرڤانان پێوەندییەکیان دروستکردووە لە نێوان ڕۆشنبیریی سیاسی و سیستەمی سیاسی فەرمانڕەوا و بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکرات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی گشتیی ئەم لێکۆڵینەوە فەلسەفییانە مەیلی تێڕامان و وردبوونەوە بەسەریاندا زاڵ بووە، ئیتر وەك کاردانەوەیەك بۆ ئەم مەیلە لەلایەك و کاردانەوە بۆ کاریگەریی ڕەفتاری لە لێکۆڵینەوە سیاسییەکاندا لەلایەکی دیکەوە تیمێك لە زانایانی سیاسەت بایەخیان داوە بە لێکۆڵینەوەی کولتووری سیاسی لە ڕووی تیۆری و مەیدانییەوە. لەو دەمەشەوە بۆ یەکەمجار زاراوەی ڕۆشنبیریی سیاسی لە وتارە نێودارەکەی "گابریل ئەلمۆند"دا لەژێر ناونیشانی (سیستەمە سیاسییە بەراوردکارەکان) بەکارهاتووە کە لە ساڵی ١٩٥٦ دا بڵاوکراوەتەوە. پاشان بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش تەشەنەی کردووە و باسی لێوەکراوە.

بۆیە دەکرێ وێنای ڕۆشنبیری سیاسی بکەین وەك ژینگەیەك یان کەشێکی سایکۆلۆژی و بەهایی کە سیستەمی سیاسی لەناویدا کار دەکات و هەموو ڕێچکە سیاسییە جیاوازەکان دەگرێتە خۆی، کە بەها و بیروباوەڕ و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان لەم ژینگەیەدا کار لەسیستەمی سیاسی دەکەن و لەژێر کاریگەریی ئەو سیستەمەدا جووڵەی ئاسایی خۆیان دەکەن.

خستنەڕووی بابەتی تۆژینەوەکە:

ئاشکرایە لە گشت تۆژینەوەیەکدا پێویستە دیاردەیەك یاخۆ کێشە و بابەتێك بوونی هەبێت و سەرنجی لێتۆژ ڕابکێشێت بۆ لێکۆڵینەوەی، بۆیە یەکێك لەو کارانەی کە لێتۆژ پێی هەڵدەستێت بریتییە لە دیارکردنی بابەتی تۆژینەوەکەی و جیاکردنەوەی لەو بابەتانەی کە پێوەستن پێوەی. ڕۆشنبیریی سیاسی یەکێکە لەو بابەتانەی کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا جێی گرینگی و بایەخی تایبەتین و پانتاییەکی بەرچاوی لە زانستی سیاسەتدا دیارکردووە. بۆیە لەبەر کەمی تۆژینەوە لەسەر ئەم بابەتە لەلایەك و گرینگی و زیندوی خودی بابەتەکە لەلایەکی دیکەوە ئەوەندەی لە تواناماندا بوو بێت هەوڵمان داوە لە چوارچێوەی ئەم تۆژینەوەیەدا تیشکێك بخەینە سەر (ڕۆشنبیریی سیاسی و کاریگەریی لە بە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە (هەرێمی کوردستان وەك نموونە).

گرینگی تۆژینەوەکە:

هەر کۆمەڵگەیەك بۆ ئەوەی سیستەمێکی دیموکراتی تێدا بەرجەستە ببێ لەپاڵ بوونی بنەما و پێداویستیەکانی دیموکراتی، پێویستیی بە بوونی ڕۆشنبیرییەکی بەرزی سیاسی هەیە بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵگەیە ئامادەگی ئەوەی تێدابێ کە بنەما دیموکراتییەکان تێیدا بەرجەستە ببێ، لەم تۆژینەوەیەدا (هەرێمی کوردستان)مان بە نموونە وەرگرتووە، پاشان کەمی لێکۆڵینەوە لەبارەی کۆمەڵگەی ئێمە و لەسەر بابەتێکی هەستیاری وەك ڕۆشنبیریی سیاسی بە شێوەیەکی زانستی و پشت بەستوو بە میتۆدی زانستی، گرینگی ئەم جۆرە توێژینەوانە ڕوون دەکاتەوە.

ڕۆشنبیریی سیاسی لەبەر بڵاوترین ئەو چەمکانەیە کە لە لایەن زانایان و شرۆڤەکارانی سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتییەوە بایەخی بەر چاوی پێ دەدرێت. لەم تۆژینەوەیەدا دەمانەوێت سرووشت و شێواز و ڕەهەندەکانی ڕۆشنبیریی سیاسی لە کۆمەڵگەدا شرۆڤە بکەین و کاریگەرییەکانی لە بەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە بخەینەڕوو.

ئامانجی تۆژینەوەکە:

لە پشت هەموو تۆژینەوەیەکەوە کۆمەڵێك ئامانج هەیە کە لێتـوێژ لـە ڕێگـەی تۆژینەوەکەیەوە دەیەوێت پێیان بگات. ئامانجامان لەم تۆژینەوەیە لەوەدا خـۆی دەبینێتەوە، کە لە ڕێگـەی ئـەم تۆژینەوەیـەوە بگـەین بـە وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسیارانەی لای خوارەوە:

١. ئایا ڕۆشنبیریی سیاسـی تـا چـەندە دەتـوانێ ڕۆڵ ببینـێ لـە بـەدیموکراتیزەبوونی کۆمەڵگە؟.
٢. پێوەندی و کاریگـەریی نێـوان ڕۆشـنبیریی سیاسـی و شـێوازی سیسـتەمی سیاسی چۆنە و بە چ شێوەیەکە؟.
٣. ڕۆشنبیریی سیاسی لە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو و دیموکراتیدا بە چ ڕێگە و کەناڵێك بەدی دەهێنرێت؟.
٤. ڕەوشی ڕۆشنبیریی سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردی و هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێك دایە؟ و تاکی کورد تا چەند ڕۆشنبیرە بە پرسە سیاسییەکان؟.

گریمانەی تۆژینەوەکە:

ڕۆشنبیریی سیاسی بابەتێکە لێتۆژ لە زۆر ڕوانگەوە دەتوانێت تۆژینەوەی لەسەر بکات و پێوەندیی بە زۆر پرسی جۆربەجۆرەوە هەیە، بێگومان هەموو تۆژینەوەیەك پێویستیی بـە گریمانە هەیـە تـاکو چوارچـێوەیەك بـۆ تۆژینەوەکـەت دابنێیـت و بگەیتـە بەرئـەنجامی گریمانەکـەت، لـە میانـەی تۆژینەوەکەمانـدا ئـەم گریمانـە سـەرەکییەمان خسـتۆتەڕوو، "ڕۆشنبیریی سیاسی ڕۆڵێکی بەرچاو و کارای هەیە لە بەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە".
لەگەڵ ئەم گریمانە لاوەکییە (ڕۆشـنبیریی سیاسـی لای تـاکی کـورد لـە ئاسـتی پێویست دا نییە).

میتۆدی تۆژینەوەکە:

لەم تۆژینەوەیەدا پشتمان بە میتۆدی (وەسفی ـ شیکاری سیاسی) بەستووە کە بریتییە لە تاوتوێکردنی بیرۆکەکە لەژێر ڕۆشنای بیروڕا جیاوازەکان بەو پێیەی کە لەسەرەتادا وەسفی بابەتەکە دەکرێت و پاشان شیکردنەوەیان لەبارەوە دەکەین، دیارکردنی میتۆدی تۆژینەوەکە بەکارێکی هەستیار دادەنرێت و لێتۆژ دەبێت بە ئاگاییەوە ئەو میتۆدە هەڵبژێرێت کە لەگەڵ بابەتەکەی دا بگەنجێت، چونکە میتۆد بریتییە لە ڕێوشوێن و ڕێگەی جیاواز بۆ گەیشتن بە زانین و زانیاریی کە ڕێگە و پلانی دیارکراو دەگرێتە خۆی بۆ تاوتوێکردنی پرسیارەکان و تاقیکردنەوەی گریمانەی تۆژینەوەکە، لەو کاتەی کە شیکاری سیاسی ئەو میتۆدەیە کە لە ڕێگەیەوە زانیارییەکان لە چوارچێوەی زانستی سیاسەت شی دەکرێنەوە و هەڵوەستەیان لەسەر دەکرێت، هەروەها ئەم تۆژینەوەیە لە دەروازەی دووەمی دا کە تایبەتە بەلایەنی مەیدانی بۆ لێکۆڵینەوەی زانیارییەکانی نێو فۆڕمی ڕاپرسییەکە کە بەشێکە لە تۆژینەوەکە پشتمان بە میتۆد و داتا ئامارییەکان بەستووە تاوەکو بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی زانیارییە هاتووەکان شی بکەینەوە و شرۆڤەیان بکەین.

گرفت و ئاستەنگەکانی تۆژینەوەکە:

بێگومان هیچ تۆژینەوەیەك بەبێ گرفت و ئاستەنگ بەڕێوەناچێ و ئەنجام نادرێت، بەڵام ئاستەنگ لە هەموو تۆژینەوەکاندا وەك یەك نابێت و دەگۆڕێت بەپێی بابەتی تۆژینەوەکە، لەو گرفت و ئاستەنگانەی کە دووچارمان بووە بریتی بووە لە گرفتی گرانی بەدەست خستن و دۆزینەوەی سەرچاوەی کوردی لەسەر بابەتێکی وەك ڕۆشنبیریی سیاسی کە بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمییانە نووسرابێت، ئەمە سەبارەت بەلایەنی تیۆری تۆژینەوەکە، هەرچی سەبارەت بە ئاستەنگەکانی لایەنی مەیدانییە ڕەنگە زۆرتر و گرانتر بوو بێت لەبەرئەوەی هەموو کەسێك ئامادە نییە، وەڵامی پرسیارەکانی فۆڕمی ڕاپرسیەکە بداتەوە، هەندێك لەوانەش کە وەڵامیان

داوەتەوە، بێ هەڵوێستەکردن و بیرکردنەوە لەبارەی پرسیارەکانەوە خانەکانی نێو فۆڕمەکەیان پڕکردۆتەوە، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەشێك بووە لە گرفتەکان سەرەڕای بوونی چەندین گرفتی دیکە.

پەیکەری تۆژینەوەکە:

ئەم تۆژینەوەیە لە دوو دەروازەی سەرەکیی پێکهاتووە، دەروازەی یەکەم، کە دەکاتە لایەنی تیۆری ئەم تۆژینەوەیە، هەوڵمانداوە چەند زانیارییەك بخەینەڕوو، کە سێ بەشی لێکۆڵینەوەکە دەکەوێتە ئەم دەروازەیەوە. لەبەشی یەکەمدا باس لە ناساندنی چەمکی ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیریی سیاسی دەکەین. لە لایەکەوە تیشکێك دەخەیەنە سەر چەمکی ڕۆشنبیری، لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆشنبیریی سیاسی شرۆڤە دەکەین. بەشی دووەمی تۆژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەسەر ڕۆشنبیریی سیاسی و دیموکراتی، کە تیایدا ئاماژە بە ڕۆشنبیری سیاسی و کاریگەری لەبەر دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە دەکەین، لەگەڵ ئەوەشدا باسێك لە کاریگەری و پێوەندیی نێوان ڕۆشنبیریی سیاسی و شێوازی سیستەمی سیاسی دەکەین، هەر لەم بەشەدا تیشکێك دەخەینە سەر کەناڵەکانی بەدیهێنانی ڕۆشنبیریی سیاسی لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیدا. هەرچی بەشی سێیەمی تۆژینەوەکەمانە باس لە پرسی ڕۆشنبیری سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەکەین کە تیایدا ئاماژەبە ناسیۆنالیزم و کولتووری کورد لەلایەك و سیستەمی سیاسی و پێوەندیی هاووڵاتی و دەسەڵات لەلایەکی دیکەوە دەکەین، لەگەڵ ئەوەشدا تیشکێك دەخەینە سەر ڕەوشی ڕۆشنبیریی سیاسی لە هەرێمی کوردستان. دەروازەی دووەمی تۆژینەوەکە بریتییە لە لایەنی مەیدانی، سێ بەش لە خۆدەگرێت لە بەشی یەکەمدا باس لە ئامادەکارییەکانی پرۆسە مەیدانییەکە کراوە، لە بەشی دووەمدا باس لە شیکردنەوەی ئەنجامی فۆڕمەکانی تۆژینەوەکە

کراوە، بەشی سێیەممان تەرخانکردووە بۆ بەرئەنجامی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکە و پێشنیاز و ڕاسپاردەکان لەبارەیانەوە، تۆژینەوەکەش کۆتایی دێت بەو بەرئەنجام و ڕاستییانەی کە پێی گەیشتووین.

لێتوێژ

سەروەر حەمە ئەحمەد

٢٠١٠/٦/١ هەولێر

دەروازەی یەکەم: لایەنی تیۆری

بەشی یەکەم: ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیریی سیاسی.

(١ـ١) چەمکی ڕۆشنبیریی [١]

(١ـ١ـ١) پێناسەی ڕۆشنبیریی.

دیـاره هــەر کۆمەڵگەیـەك خـاوەن تایبەتمەنـدیی خۆیـەتی کـە ڕەنگدانـەوەی ئـەو ڕۆشنبیریە باوەیە کە لەنێو تاکەکانیدایە، ئەو ڕۆشنبیریەی کە هەیە کۆمەڵێك بەها و چەمك و ڕەوت و ئاراستە و زانیـاریی گەشـە پـێ دەدات. کـە لـە ڕێگـەی میراتـی مێژووی و شارستانی و کەتواری جـوگرافی و پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتی و سرووشـتی سیستەمی سیاسی و ئابوورییەوە بەدەستهاتوون و بەدیهێنراون، سەرەڕای ئەوەی کـە هۆکـار و کارتێکــەرە دەرەکیــەکان ڕۆڵیــان هــەبووە و شــارەزای و وابەســتەبوونە جیاوازەکانیان پێکهێناوە، کە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە و دەگۆڕێت.

بۆیە کاتێك کە ڕاڤەی چەمکی ڕۆشنبیریی دەکـەین دەبیـنین جیاوازییـەکی زۆر لـە نێـوان لێتـۆژان و هزرڤانانـدا هەیـە لـەبارەی ئـەم چـەمکە و پێناسـەکردنی، لـە

---

(١) چەمکی ڕۆشنبیری هاوواتای چەمکی (الپقافە)یە لە زمانی عەرەبی و چەمکی (Culture) لە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و چەمکی (kultur) لە زمانی ئەڵمانی دا.

هەمانكاتدا لێتوێژان و هزرڤانان نەگەیشتوونەتە ڕێكەوتنێك تاكو پێناسەیەكی دیاركراو و یەكگرتوو بەم زاراوەیە ببەخشن.

هەندێ لە لێتوێژان و هزرڤانان چەمكی ڕۆشنبیریی دەهەمبەر بەها و واتای ژیار (حضارة) دادەنێنن، هەندێكی دیكەیان ئەم چەمكە دەبەستنەوە بە ناوەڕۆك و كرۆكی پەروەردەی تاكەكانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا كۆمەڵێكی دیكەیان ئەم چەمكە بەكاردەهێنن بۆ جیاكردنەوەی مرۆڤەكان و چالاكی و كارەكانی لە ئەوانی دی لە كۆمەڵگە دا [٢].

لە پێناسە كلاسیكییەكاندا زاراوەی ڕۆشنبیریی بەم شێوەیە گوزارشتی لێكراوە كە "ڕۆشنبیریی ڕێگەی ژیانی خەڵكە way of life ". لە لایەكی دیكەوە (ڕۆشنبیریی واتای زانیاریی گشتیی و پسپۆڕی دەگەیەنێ، كە ئەمەش ناوەڕۆكەكەی بریتییە لەو زانیارییانەی كە بەرهەمی هزر و داهێنان و شاكاری مرۆڤە، كە كۆبۆتەوە بە درێژای ڕەوتی شارستانێتی و زانیاریی مرۆڤەكان لە هەموو بوارێكدا، كە پێكهاتووە لە زانیاری سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئاینی و زانستی و ئەدەبی و ئابووری و فەلسەفە و هونەر و بەڕێوەبردن) [٣]. واتە ڕۆشنبیریی خۆی لە كۆمەڵێك مەعریفە و هەست و كار و چالاكی و لێهاتووی دەبینێتەوە كە كەسێك لە كەسێكی دیكە جیادەكاتەوە، بۆیە دەكرێ بڵێین ڕۆشنبیریی شێوەیەكی سەرتاپاگیرییە لە هەموو بوارە جۆربەجۆرەكانی هەر كۆمەڵگەیەك لە كۆمەڵگەكان. لە چوارچێوەی پێناسەكردنی زاراوەی

---

(٢) د.عبدالله احمد الذيفاني، التربية والمجتمع والثقافة، مجلة دراسات اجتماعية، مجلة فصلية علمية يصدرها قسم الدراسات الاجتماعية، بيت الحكمة ـ بغداد، سنة الثانية، رقم (٥)، ٢٠٠٠م، ص ١٢.

(٣) خالید خاڵ، كوردایەتی و ڕۆشنبیری، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی ، ٢٠٠٧ز، ل ٤٠.

ڕۆشنبیرییدا ئاماژە بە چەمکی ڕۆشنبیریی دەکەین لە گۆشەنیگای هەندێ لە زانایان و فەیلەسووفان و هزرڤانانەوە، بۆنموونە:

تایلۆر Taylor ئەنترۆپۆلۆجیستی ئینگلیزی لە پێناسەی ڕۆشنبیرییدا دەڵێت: (ڕۆشنبیریی بریتییە لە تێکڕای ئەو ئاوێتەیەی کە مەعریفە و بیروباوەڕ و هونەر و ڕەوشت و یاسا و نەریت و توانا و ئاکارەکان بە خۆیەوە دەگرێ، کە مرۆڤ لە ئەنجامی بوونی وەك ئەندامێکی کۆمەڵگە وەریان دەگرێت). لەلایەکی دیکەوە کلکهورن Kluckhorin ڕۆشنبیریی بەم چەشنە پێناسە دەکات (ڕۆشنبیریی بریتییە لەو هۆکارە جیاجیایانەی ژیان کە مرۆڤ لە کۆنەوە لەگەڵ ڕەوتی مێژوووەوە پێیان گەیشتوە. ئەو هۆکارانەش چ ئاشکرا و چ نادیارەکانیان، چ هۆشەکی و چ ناهۆشەکیەکانیان بێ، ئەوانەی لە کاتێکی دیارکراودا هەنە و چ ئەوانەی دەبنە چەند هۆکارێکی ڕابەرایەتی، ڕەفتاری تاکەکان لە کۆمەڵگەدا ئاراستە دەکەن) [٤]

شاعیری ئینگلیزی ئیلیوت T.S.Eliot لە پەڕتووکەکەیدا بەناوی (چەند تێبینییەك لەمەڕ پێناسەی ڕۆشنبیریی) دەڵێت: (ڕۆشنبیریی شێوازی ژیانی گەلێکی دیارکراوە کە لە چێوارێکدا دەژین). واتە ڕۆشنبیریی بەشێوەیەکی سادە و ساکار دەکرێ بلێین (ئەو پاڵنەرەیە کەوا لە مرۆڤەکان دەکات مەیلی ئەوەیان هەبێت کە ژیان شایەنی ئەوەیە تێیدا بژیت) [٥].

کەواتە ئەوە ڕۆشنبیریە کەوا دەکات ئەم کۆمەڵگەیەی کە مرۆڤەکان تێیدا دەژین ببێتە کۆمەڵگەیەکی تەندروست، سەرباری ئەو جیاوازییەی کە هەیە لە پێناسەکردنی زاراوەی ڕۆشنبیرییدا، بەڵام لێرەدا ئاماژە بەو پێناسەیە دەدەین کە تا ڕادەیەك

---

(٤) نقلا عن: موريس دوفرجية، علم اجتماع السياسة، ت:د.سليم حداد، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠١م، ص٧٧-٧٨.

(٥) وەرگیراوە لە: د.شێرزاد نەجار، هزر و سیاسەت، بەرە و ڕۆشنبیرێکی هاوچەرخ، و : محەمەد وەسمان، دەزگەی O.P.L.C بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠٠٥ز، ل ١٧.

کۆدەنگیەك هەیە لەسەری و پێناسەیەکی بلاوە لەم بوارەدا کە دەڵێ (رۆشنبیریی گوزارشتە لە سیستەمێکی تەواو لەو هەڵسوکەوتانەی بەدەستهاتوون، کە لە رێگەیەوە تاکەکانی نێو کۆمەڵگەیەکی پێ پۆلێن دەکرێت) [٦].

رۆشنبیریی پێویستییەکی ژیانە بۆ هەموو مرۆڤێك، رەوتێکی بەردەوامە لەناو هەموو کۆمەڵگەیەکدا کە پاڵنەری سەرەکیی بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگەیە لە رووە جۆر بەجۆرەکانەوە، ئەو بەرئەنجام و بەرهەمانەش کە لە رێگەی رۆشنبیریی و بزاڤێکی لەم چەشنەوە بە دەستدێت مولکی مرۆڤایەتییە و هەموو کەسێك بۆی هەیە سوودی لێ وەربگرێ و بەکاری بێنێ بۆ بەرژەوەندیی گشتی.

(٦) د.عبداللة احمد الذيفاني، مصدر السابق، ص ١٣.

(١-١-٢) پێناسەی ڕۆشنبیر:

بە پێویستیی دەزانین ئەگەر بەشێوەیەکی کورتیش بێ تیشکێك بخەینە سەر ڕۆشنبیر و باسێکی لێوە بکەین تاوەکو بزانین ڕۆشنبیر کێیە؟ و بە چ کەسێك دەوترێت ڕۆشنبیر؟.

ڕۆشنبیریی فاکتەرێکی پێشکەوتنی مرۆڤەکانە لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ گەیشتن بە پسپۆڕی و کارامەیی و داهێنانکاری لە پێناو پێشکێش کردنی هونەرێکی گەورە.

لە ڕووی زمانەوانییەوە ڕۆشنبیر لە دوو وشە پێکهاتووە و وشەیەکی لێکدراوە. وشەی (ڕۆشن) لە زمانی کوردیدا واتە ڕووناك، وشەی (بیر) واتە هزر، واتە ڕۆشنبیر بەیەکێ دەوترێت، کە هزری ڕووناك بێ و خاوەن هزر بێ، کەواتە خاوەن هزر و ڕووناکبیر و ڕۆشنبیر یەك واتایان هەیە. پێناسە و ناساندن زۆرە بۆ چەمکی ڕۆشنبیر، لێرەدا ڕاڤەکردن و ڕای چەند هزرڤانێك دەخەینە ڕوو سەبارەت بە زاراوەی ڕۆشنبیر، ڕۆشنبیر لەلای زانای کۆمەلایەتی ئەمەریکی "پارسۆنز" بەم چەشنە پێناسەکراوە کە دەڵێت: (ڕۆشنبیر ئەوانەن کە پسپۆرن لە کاروباری ڕۆشنبیریدا و بایەخدانیان بە پرسەکانی ڕۆشنبیریی دەخەنە پێش هەموو پێوەرێکی کۆمەلایەتیی ڕۆژانەی دیکەوە) [٧].

"ژولین بێندا" هزرڤانی فەرەنسی دەڵێت: (ڕۆشنبیران وەکو گرووپێکی بچووکی شا و فەیلەسووفان ناو لێ دەنێت، کە خاوەن تواناکارێکی زۆر باش و بەهرەمەندە ڕەوشتییەکانن) [٨].

---

(٧) خالید خاڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

(٨) سۆران علیپور، ڕۆشنبیر کێیە؟ چارەنووسی چییە؟، کۆمەڵەوتار ، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧ز، ل ٣٣.

واتە خودان بەهرەیەکی زۆر و بەهایەکی باڵاکان، ئەو کەسانەن کە ویژدانی مرۆڤایەتی چێ دەکەن.

"ئەدوارد شیلز" لەبارەی ڕۆشنبیرانەوە دەڵێ: (ئەو توێژەی نێوان فێرخوازەکانن، کە خواستی سیاسییان هەیە چ ڕاستەوخۆ بە کۆششکردن بۆ ئەوەی ببن بە چاکی کۆمەڵگەکەیان (دەستەبژێری کۆمەڵگەکەیان)، یان ناڕاستەوخۆ بە کۆششکردن بۆ داڕشتنی ویژدانی کۆمەڵگەکەیان و کارکردن بەسەر دەسەڵاتی سیاسی لە بڕیاردانی گەورەدا)[٩].

"کاستۆریادیس" لە پێناسەی ڕۆشنبیر دا دەڵێت: (ڕۆشنبیران کەسانێکن کە هەر پیشەیەکیان هەبێت، تێدەکۆشن بواری پسپۆڕیان تێپەڕێنن و کارایانە گرینگی بەو شتانە بدەن، کە لە کۆمەڵگەکەیاندا ڕوودەدات و بە گوتاریان و بە خستنەڕووی ڕاشکاوانەی بیروڕای گشتییان توانیویانە یان دەتوانن کار بکەنە سەر گۆڕانی دیاردەکانی نێو کۆمەڵگەکەیان)[١٠].

بەم پێیە زاراوەی ڕۆشنبیر بۆ ئەو کەسانە بەکاردێت کە زانیارییان هەبێ لە بوارە جۆر بەجۆرەکاندا و جێ پەنجەیان دیار بێت بەسەر کایە جۆربەجۆرەکانی ژیانەوە، خودی چەمکی ڕۆشنبیر پێوەرێکی ڕۆژئاواییە و هەڵقوڵاوی ئەزموونی ژیاری ڕۆژئاوایە، هەرچی ڕۆشنبیرە کەسانێکی هەڵگری بیر و باوەڕێکن.

---

(٩) وەرگیراوە لە: فازل عومەر ڕەشید، ڕۆڵی ڕۆشنبیر لە شەڕی ناوخۆدا، گۆڤاری خامە، گۆڤارێکی ئەکادیمی زانستی قوتابیانەی وەرزییە، سەنتەری خامە بۆ ڕاگەیاندن و لێکۆڵینەوەی قوتابیان دەری دەکات، هەولێر، ژمارە (٢)، زستانی ٢٠٠٦ز، ل ٦٣.

(١٠) ڕامین جەهانبەگلو، مۆدێرنەکان، و: ئازاد بەرزنجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩ز،ل ٣١.

دەتوانین ئەم چەند خاڵە وەکو پێوەرێك بۆ ڕۆشنبیریی سەرکەوتوو دەستنیشان بکەین:
١ــ دانـانی بەرنامەیـەکی گونجـاو بـۆ خۆڕۆشـنبیرکردن، هـەروەها بـۆ بڕیـاردان و هەنگاونان و دەست بەکاربوون، داڕشتنی پلانێکی گونجـاو بـۆ خۆڕۆشـنبیرکردن کـە تیایدا ئامانجی خۆی دیاری بکات.
٢ـ بەشداریکردن و ئامادە بوون لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا وەکو کـۆڕ و سـیمینار، دیارکردنی کاتێکی گونجاو بە شێوازێکی بەردەوام بۆ خوێندنەوە.
٣ـ کارکردن لە پێناو پێشکێش کردنی هونەرێکی گەورە، هێزێکی نویێ بۆ چاکسازی (کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسـی و...هتـد) ئەمـەش دەبێتـە هـۆی دەرکـەوتنی تواناکانی ڕۆشنبیر، بۆ لابردنی تاریکی و لیڵی لەسەر ڕاستییەکان.
٤ـ ئاراستەکردنی ڕەخنەی بونیادنەرانە و قوڵبوونەوە لە هەموو بارێکی مـەعریفی، ئەمەش پێویستیی بە پسپۆڕی و زانیاریی تەواو هەیە بۆ خوێندنەوە و تـاوتوێکردنی ڕووداوەکانی ڕۆژگار.
٥ـ ڕۆشنبیر کەسێکی ئارام و دان بەخۆداگرتووە، ئـەرکی سـەر شانیشـی بـەردەوام هەوڵدان و سەرکەوتنە بەسەر گرفتەکان، تاکو دەبێتە خاوەن داهێنانێکی نویێ.
٦ـ سوود وەردەگرێت لە هەموو سەرچاوە زانستی و زانیارییەکان و هەوڵی دۆزینەوە و بەدەستهێنانی زانیاریی ورد دەدات.
٧ـ ڕۆشنبیر تامەزرۆی فێربـوون و خوێندنـەوەی بەردەوامـە و هـەوڵ دەدات هـەل و دەرفەتە زێڕینەکان بۆ بەرژەوەندی گشتیی بقۆزرێتەوە و بە پێی گونجان و پێویسـتیی زانیاریی خۆی بڵاو دەکاتەوە.
٨ـ خۆڕاهێنان و گـەڕان و بەدواداچـوون بـەدووی سەرچـاوەی نـویێ و لێکدانـەوە و لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکان و خوێندنەوەی کەتواربینانە لەبارەیانەوە.
٩ـ هەوڵدان بۆ کۆکردنەوە و پێکـەوە گرێـدانی بابەتـە هاوچەشـنەکان، چـێکردن و بەرهەمهێنانی بابەتی نویێ و پێوەندیدار بۆ کەتواری کۆمەڵگە، قسـەکردن لـەبارەی تەنگژەکان و ڕێگەچارەکان.

(١-١-٣) ئەركەكانی ڕۆشنبیری.

کۆدەنگییەك لە نێوان زانایان و لێتوێژان بەدی دەکرێت لەبارەی ئەرکەکانی ڕۆشنبیریەوە، کەوا ڕۆشنبیریی کۆمەڵێك ئەرك بەرهەم دەهێنێت :

١- دیارکردنی دەروازە و ڕێگەیەك بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بتوانن پێداویستییەکانیان تێربکەن و بەدەستی بهێنن.

٢- دیارکردن و پێناساندنی ئەو شێوە و ڕێسا باوانەی کەوا مرۆڤەکان دەیبەخشێت بە نەوەکانی دواتر.

٣- میکانیزمەکانی فێرکردن.

٤- دابەشکردنی کەرەستە بنەڕەتییەکان کە بەردەوامی بە ژیان دەدات.

٥- دیارکردنی ڕێگە و دەرچەیەك کە پێوەندییە مرۆییەکان ڕێکدەخات لە کۆمەڵگەیەکدا.

٦- بە دەستهێنانی ژیانێکی هاوبەش لەنێوان تاکەکان لەگەڵ یەکدی، مانەوە لەسەر بنەمای پاڵنەر و بەرگرییەکان لە لای تاکەکان لە میانەی هاوکاریکردن لە کارەکاندا تاکو ڕەوتی ژیان بەردەوام بێت [١١].

---

(١١) أ.د.عبداللة أحمد الذيفاني، مصدر السابق، ص ١٣.

(١-١-٤) جۆرەكانی ڕۆشنبیریی:

ئاماژەمان بەم زاراوەیە دا وەكو فۆڕمێكی گشتیی و ئەوەمان خستەڕوو، كە ڕۆشنبیریی برێتییە لەو برە زانیارییە بنەڕەتییەی، كە هەر تاكێك لە تێكڕای بوارەكاندا هەیەتی، بەڵام بەشێوەیەكی گشتیی ڕۆشنبیریی بۆ دوو جۆری سەرەكیی پۆلێن دەكرێ لەسەر بنەمای ئەو بابەتانەی كە لە خۆی دەگرێت، هەروەها بەگوێرەی ئەو دابەشكردنە مەعریفییەی مرۆڤەكان بۆ بابەت و بوارە جیاوازەكان.

یەكەم: ڕۆشنبیریی (مرۆیی): بابەتە مرۆییەكان لە خۆدەگرێ وەكو زانستە كۆمەڵایەتییەكان و زانستە مرۆییەكان و هەندێ لێكۆڵینەوەی دەروونی و فەلسەفی، هەروەها لێكۆڵینەوەی ئەو بێژە و گوتە كاریگەرانەی كە بە جوانكاری لە دەربڕیندا ناسراون، كە خۆیان لە ڕەوانبێژی، شیعر، چیرۆك و ڕۆمان دەبیننەوە.

دووەم: ڕۆشنبیریی زانستی: ئەم جۆرە ڕۆشنبیرییە پتر مەبەست لێی لێكۆڵینەوە و بوونی زانیارییە لەسەر بابەتە زاستییەكانی وەكو (فیزیك، كیمیا، زیندەوەرزانی، بیركار و...هتد[١٢]).

ئەم جۆرە پۆلێنكردنەی ڕۆشنبیریی لە مێژوودا شتێكی نوێیە و لەسەردەمانی كۆندا فەیلەسووف و هزرڤانان هەردوو جۆرەكەیان پێكەوە كۆكردۆتەوە، بەڵام لەم چەند سەدەی دواییدا دوای ئەوەی زانست بەشێوەیەكی بەرچاو گەشەی كرد و مەعریفە مرۆڤایەتیەكان فرەوانبوون و چەندین لقیان لێ دروست بوو، بۆیە ڕۆشنبیریی لە توانایدا نەبوو بە شێوەیەكی گشتیی بایەخ بە تێكڕای لایەنە جیاجیاكانی ڕۆشنبیریی

---

(١٢) بەهرام محەمەد كاكل، ڕۆشنبیری...كۆمەڵگەی مەدەنی، چاپی یەكەم، چاپخانەی بینای، سلێمانی، ٢٠٠٦ز، ل ١٢ – ١٣.

بدات، بگره پەنایان بردە بەر پسپۆڕی لە لقێك لە لقەکانی زانست و ڕۆشنبیریی. بەم چەشنەش لەسەر بنەمای جۆری بابەتـەکان هەسـتان بـە دابەشـکردن و پـۆلێنکردنی ڕۆشنبیریی بەسەر ئەو دوو جۆرەدا، لەم نێوەندەشدا ڕۆشنبیریی سیاسی لە چوارچێوەی جۆری یەکەمدا باسی لێوە دەکرا.

(٢.١) ڕۆشنبیریی سیاسی Political Culture

(١.٢.١) پێناسەی ڕۆشنبیریی سیاسی

بێگومان یەکێك لە گرفتەکانی زانستی سیاسـەت پێناسـەکردنی زاراوەکـانی نێـو ئـەو دەرەتانەیە، لەبەرئەوەی ڕێکەوتنێك نییە لە نێوان ئەو هزرڤانان و لێتوژانەی سەرقاڵن لـەم زانست و بوارەدا. بۆیە زاراوەی ڕۆشنبیریی سیاسیش لەم گرفتە بەدەر نییـە، چـونکە لـە بنەڕەتدا تەباییەك لەسەر پێناسە و واتـای چـەمکی ڕۆشـنبیریی نییـە لەلایـەن زانایـانی ئەنترۆپۆلۆجیا و کۆمەڵناسان لەلایـەك و لەبـەر نوێبـوونی زاراوەی چـەمکی ڕۆشـنبیریی سیاسی لەلایـەکی دیکـەوە، بـەڵام هەرچـۆنێك بێـت ڕۆشـنبیریی سیاسـی بەشـێکە لـە ڕۆشنبیریی گشـتیی و یەکێکـە لـە ئـامرازە سـەرەکییەکانی کـار و چـالاکی سیاسـی و پێوەرێکە بۆ پێگەیاندنی سیاسـی و کاریگـەری دەبـێ لەسـەر پلـەی بەشـداری سیاسـی هاووڵاتییان لە دەوڵەت و کۆمەڵ و پارت و ڕیکخراو و یەکە جۆربـەجۆرەکان دا. چـەندین پێناسەی جۆراوجۆر و جیاواز بۆ چەمکی ڕۆشنبیریی سیاسی کراوە لەوانە:

گابریل ئەلمۆند بەم شێوەیە پێناسەی ڕۆشنبیریی سیاسی دەکات و دەڵێت: (ڕۆشنبیریی سیاسی برێتییە لە دابەشکردنێکی تایبەت بە ڕێنماییە سیاسییەکان، بەهاکان، هەستەکان، زانیارییەکان و بەهرەکان کە کاریگەریی لەسەر ڕەوشتی تاکەکان دەکات، هەروەها ڕۆشنبیریی نەتەوەیی سیاسیش کاریگەرە لەسەر ڕەوشتی هاووڵاتییان و سەرکردەکان و لە ڕێگەی سیستەمی سیاسی) [١٣].

ئەلموند ڕۆشنبیریی سیاسی بە جۆرێك باسی لێوەدەکات کە پێوەندیی بە بەها دیموکراتییەکانەوە هەیە و ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە فەراهەمکردنی دیموکراتی، پێی وایە گرینگی و چییەتی ڕۆشنبیریی سیاسی لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە جیاوازە، چونکە لایەنی مۆراڵی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاینی و جۆراوجۆر هەیە لە نێوان دەوڵەتەکاندا، کە ئەستەمە ڕۆشنبیرییەکی سیاسی گشتیی وەك یەك هەبێ لە هەریەك لە دەوڵەتانی خاوەن شارستانی، کە ئاستێکی نزمیان لە ژیانی شارستانییەت هەیە.

لوشیان بای لەبارەی ڕۆشنبیریی سیاسییەوە دەڵێ: (ڕۆشنبیریی سیاسی کۆمەڵێك بیروباوەڕ و هەستە، سیستەمێك و واتایەك دەبەخشێتە پرۆسەی سیاسی، ئەو ڕێسا جێگیرانە دێنێتە ئاراوە کە حوکم دەکات لەسەر هەڵسوکەوتی تاکەکان لەناو سیستەمی سیاسییدا. واتە ڕۆشنبیریی سیاسی بەپێی ئەم بۆچوونە ئەو پێوەر و نموونە سیاسییانە دەگرێتەوە کە ئەندامانی کۆمەڵێکی سیاسی پێوەی پابەندن) [١٤].

---

(١٣) نقلا عن : جابريل أية الموند وجى.بنجام باويل الابن، السياسات المقارنة في وقتنا الحاضر، ت: هشام عەبدوڵآ، الطبعة الاولى، الدار الاهلية للنشر والطبع، عمان، ١٩٨٨م، ص ٦٩.

(١٤) د. کەمال مەنوفی، تیۆری سیستەمە سیاسییەکان، و: ئاوات ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، شوێن نەنوسراوە، ٢٠٠٧ز، ل ٢٠٣.

واتــه کرۆکــی ڕۆشــنبیریی سیاســی لــه بــەها و و ئاراســتە و ڕفتــار و زانیارییــە سیاسییەکانی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە سەرچاوە دەگرێ، بەمەش ڕۆشنبیریی سیاســی گوزارشت دەکات لە توخمە مەعنەویەکان.
مــوریس دوڤرجیــە هزرڤــانی فەرەنســی لــەبارەی ڕۆشــنبیریی سیاســییەوە دەڵێــت: (ڕۆشنبیریی سیاسی بە شێوەیەکی گشتیی لایەنی سیاسی ڕۆشنبیرییە، بەو شێوەیەی کە خۆی کۆمەڵە ڕێکخستنێکی ڕۆشنبیرییە) (١٥)
جیمس ئەندرســون بــەم چەشــنە پێناســەی ڕۆشــنبیریی سیاســی دەکــات و دەڵێــت: ڕۆشنبیریی سیاسی بریتییە لەو بەشەی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە، کە ئــەو بــەها و داب و نەریتانە لە خۆدەگرێت کە پێوەستە بەوەی حکوومەت چۆن کارەکانی بکات، لەگــەڵ ئەوەشدا سرووشتی پێوەندی نێوان هاوولاتی و حکوومەت ڕوندەکاتەوە).
فیلپ برو ڕۆشنبیریی سیاسی بەم شــێوەیە دەناســێنێ (ڕۆشــنبیریی سیاســی کۆمــەڵێك زانیاریی و بیر و باوەڕە، کە ڕێگە بە تاك دەدات کە واتایەك بــەو ئەزموونــە ڕۆتینییــە ببەخشێت کە پێوەندی بەو دەسەڵاتەوە هەیە، کە حوکمڕانیان دەکات، هــەروەها ڕێگــە بە گرووپەکان دەدات وەك ژێــدەرێك بــۆ ناســاندنی ناســنامەیان بــەکاری بهێــنن و لــە هەمانکاتدا وەك سەرچاوەیەك ناوی بنێنن ڕۆشنبیریی سیاسی) (١٦). کەواتە ڕۆشنبیریی سیاسی دەرفەت بە هەر تاکێك دەدات کە پێگە و سەنگی خۆی لــە بــواری سیاســییدا دیار بکات.

---

(١٥) نقلا عن: د. عبدالله محمد الرحمن، علم الاجتماع السياسيی، الگبعە الاولی، دار النهچە العربیە، بیروت، ٢٠٠١م، ص ٤٣٦.

(١٦) عوسمان عەلی حەسەن، بەشداری سیاسیی (لێکۆڵینەوەیەکی سیاسیی کۆمەڵایەتی یاساییە) گۆڤاری یاسا و ڕامیاری، گۆڤارێکی نیو سالانەیی زانستییە، لەلایەن کۆلێژی یاسا و ڕامیاری زانکۆی سەلاحەدین دەردەچێت، ساڵی شەشەم، ژمارە(٤)، ٢٠٠٨ز، ل ٨٥.

ڕۆشنبیریی سیاسی لقە ڕۆشنبیرییە و لقێکە لە ڕۆشنبیریی گشتیی کۆمەڵگە، کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگە هەیە و کاریگەری ئەویشی لەسەر دەبێت، بەڵام ناتوانێت لە دەرەوەی چوارچێوەی گشتیی کۆمەڵگە بێت، واتە ڕۆشنبیریی سیاسی لە دەوری ئەو بەها و بڕوایانە دەسوڕێتەوە، کە لە کۆمەڵگەدا باڵادەستن و کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەندامەکانی جا چ حوکمڕان بن یان حوکمڕانیکراو.

ڕۆشنبیریی سیاسی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بەوە جیادەکرێتەوە کە لە گۆڕاندایە و بە ڕەهایی جێگیر نییە، لێرەشدا قەبارە و ڕادەی گۆڕانەکەی گرێدراوی چەند هۆکارێکە کە لە کۆمەڵگەدا بوونیان هەیە [17].

بۆیە ڕۆشنبیریی سیاسی لە کۆمەڵگەیەکانەوە بۆ ئەوی دیکە جیاوازە و دەگۆڕێت هەروەها لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی دیکە جیاوازە ئەو جیاوازییەش جۆراو جۆر دەیسەپێنن وەك (بنەچە، ڕەگەز، شوێنی نیشتەجێبوون، پیشە، ئاستی خوێندن، باری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و...هتد).

(١-٢-٢) ڕەهەندەکانی ڕۆشنبیریی سیاسی.

بەشێوەیەکی گشتیی دەتوانین سێ جۆر لە ڕەهەندی ڕۆشنبیریی سیاسی دەستنیشان بکەین و باسی بکەین کە بریتین لەم ڕەهەندانەی خوارەوە.

١ـ ڕەهەندی مەعریفی Cognitive[18]: یەکەم ڕەهەندە کە دەبێ بیری لێ بکرێتەوە، ڕۆشنبیریی سیاسی کۆمەڵێك زانیاریی لەخۆ دەگرێت لەبارەی

---

(١٧) کنێر عەبدوڵا، بەشداری کردن لەنێوان ڕۆشنبیری و پەروەردەکردندا، گۆڤاری سەردەم، گۆڤارێکی تایبەتە بە وەرگێڕان و کولتووری بیانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ساڵی دەیەم، ژمارە(٥٥)، هاوینی ٢٠٠٨ز، ل ٤٩.

سیستەمی سیاسی، کۆمەڵێ مەعریفە و ادراکی هەیە لەم ڕووەوە، لە هەمانکاتیشدا هەر تاکێك نەخشەی زانیاریی و ورد و جیاوازی هەیە بۆ دیاردە و ڕووداوە سیاسییەکان، کە ئەو زانیارییانە دەزگەکانی سیاسەتی لەناو وڵات پێ پێناسەدەکرێ، تاکەکان بەزانیاری جیاوازەوە دەپرسن دامەزراوە سیاسییەکانی وڵاتەکەی چین و کامانەن، کێن ئەو کەسانەی کە دەسەڵاتی ڕاستەقینەیان لایە و ڕۆڵ دەگێڕن، چۆنییەتی پۆلێنکردنی حزبە سیاسییەکان و ئاراستە سیاسییە جیاوازەکان و...هتد، کەواتە ڕەهەندی مەعریفی سەرجەم ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە کەلای تاك کۆ بۆتەوە بۆناسینی دیاردە سیاسییە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەکەی کەئەوەش ڕۆشنبیرییەکی سیاسی لابنیات دەنێ [19].

٢ـ ڕەهەندی سۆزگەرایی Affectife: هەرچەندە ئەم ڕەهەندە لە چاو ڕەهەندی مەعریفی کەمتر ڕوونە، بەڵام گرینگی لەو کەمتر نییە بۆ دیارکردنی هەڵوێستی سیاسی، کە تیایدا یان هەستێکی سۆزداری سەرسامبوون بەسیستەمی سیاسی دێنێتەدی، یان ڕق لێبوون و ڕەتکردنەوە، بەهەند وەرنەگرتنی کاروباری دامەزراوەکان و بویەر و دیاردە سیاسییەکان دێتەپێش لەسەر بنەمای سۆز و هەستی تاك بەرامبەر دامەزراوە سیاسییەکان، بۆ نموونە گومان لەوەدا نییە کە وا زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگە سەیری تەلەڤیزیۆن دەکەن و گوێ لە ڕادیۆ دەگرن و ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە، ئەو شتانەی کە لەو کەناڵانەوە پێیاندەگات کاریگەری لەسەریان دەبێت، بەڵام ئەم کاریگەرییە ناگاتە ئاستی ئەو کاریگەرییەی کە سەرکردەی سیاسی نەتەوەیی کاریزمی هەیەتی، لەبەرئەوەی هاووڵاتییان بە شێوەیەکی سۆزداری پێوەی بەستراونەتەوە.

---

(١٨) ادراکی، **(Cognitive)** مەبەست لێی مەودای ئەو زانیاریانەیە کە تاك لەبارەی مەبەستە سیاسییەکان هەیەتی.

(١٩) د. کەمال مەنوفی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٣.

٣ـ ڕەهەندی هەڵسەنگاندن **Evaluative**: ئەم ڕەهەندە بڕیارە گرینگەکان لە خۆدەگرێ لەبارەی دیاردە سیاسییەکان، کە هەر تاکێك ژیانی سیاسی هەڵدەسەنگێنێ لەسەر بنەمای کۆمەڵێ بنەمای لێکدراو زنجیرەیی، کە دواجار بڕیار دەدات بە قبوڵکردن و بڕواپێبوون یان ڕەتکردنەوە بڕوا پێ نەبوون، کە بەگشتیی توخمەکانی ڕەهەندی هەڵسەنگاندن پێکدێت لە (بەهاکان، بیروباوەڕەکان، پرەنسیپەکان، نموونە بالاکان، ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی، کە کاریگەریی نابێت لەسەر ڕەفتاری سیاسی) [٢٠].

(٣.٢.١) جۆرەکانی ڕۆشنبیریی سیاسی:

بەپێی ئەم تێگەشتنە لە ڕۆشنبیریی سیاسی بە پێناسە و ڕەهەندەکانییەوە جۆرە ڕۆشنبیرییەکی سیاسیمان پێ دەبەخشێت، کە خەسڵەتەکانی لەنێو دەوڵەت و کۆمەڵگەکاندا جیاوازە، بۆیە پۆلێن کردنی شێوە و جۆرەکانی ڕۆشنبیریی سیاسی گرینگە.

بەم پێیە گابریل ئەلمۆند و سدنی فربا سێ جۆر لە ڕۆشنبیریی سیاسی دەستنیشان دەکەن بەم شێوەیەی خوارەوە [٢١].

١ـ ڕۆشنبیریی سیاسی سەرەتایی Parochial Culture: ئەم جۆرە ڕۆشنبیرییە لەو کۆمەڵگە سەرەتایانەدا بوونیان هەیە، کە گەشەکردنیان لاواز و کەمە، کە تیایدا ئاراستە و ڕۆڵی هاووڵاتییان بەرامبەر پرسە سیاسییەکان زۆر کەمە و لە ئاستێکی نزم دایە. خەڵکی شتێکی ئەوتۆ کە شیاوی سەرنج و ئاماژە پێکردن بێ نازانن،

---

(٢٠) د . کەمال مەنوفی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٣.

(٢١) د.کەمال مەنوفی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٥ تا ٢١٨. وە ، عوسمان عەلی حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٧ تا ٨٩.

لەبارەی ئامانج و مەبەستە سیاسییەکان کەلە ژیانی سیاسییدا هەیە و وە ناتوانن هیچ حوکمێکی تەندروست بدەن لەبارەیانەوە، هیچ کاریگەریان لەسەر کۆی سیستەمی سیاسی و بەڕێوەبردنی کار و چالاکییەکانی نییە، خەڵکی لەم جۆرە ڕۆشنبیرییە کە لە کۆمەڵگە خێڵەکی و سەرەتاییەکاندا هەیە یان لەو کۆمەڵگە نوێیانەی کە پرۆسەی تەواوکاری یان تەواو نەکردووە، یان لەو دەوڵەتانەشدا کە لە قۆناخی سەرەتایی بونیادنانی سیاسییدان و ناتوانن لەگەڵ سیاسەتی گشتییدا بن و ڕۆڵێکی چالاکییان هەبێ، بەواتایەکی دیکە ئەم جۆرە ڕۆشنبیرییە ناوچەییە و ڕۆشنبیرییەکی نیشتمانی نییە، هەر لە دەستپێکەوە ئاراستەی تاکەکان لەبارەی ئامانجە سیاسییەکان لێك نێزیك دەبنەوە و هەمان هەڵوێستیان بەرامبەر سەرکردە سیاسییەکان دەبێت.

٢ـــ ڕۆشنبیریی سیاسی پاشکۆیەتی Subject Political Culture: ئەم جۆرە ڕۆشنبیرییەش ناتوانێ بە تەواوەتی ڕۆشنبیرییەکی نیشتمانی بونیاد بنێ، بەڵام هاوولاتی تیایدا هۆشمەند دەبێت بە سیستەمی سیاسی[٢٢] و ئەو کارانەی کە دەیکات، کە جاری وا هەیە تاك پێی خۆشحاڵ دەبێ یان ڕقی لێ دەبێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا هەستێکی لاواز و سادەیە بۆ چالاکی سیاسی لە هەمانکاتدا دامەزراوەکان وەڵامیان زۆر کەمە بەرامبەر پێداویستیەکانی تاکەکان، لە لایەکی دیکەوە ئەم جۆرە

---

(٢٢) "گابریل ئەلمۆند" پێناسەی سیستەمی سیاسیی دەکات بەوەی "سیستەمی سیاسیی سیستەمێکە لە کارلێکردن و ئاوێتەبوونەکان، کە لە هەموو کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆدا بوونی دەبێ، پەیوەستیشە بەکار و فرمانی (کامڵبون و گونجاندن) جا چ لەسەر ئاستی ناوەخۆبێ واتە لەناو چوارچێوەی کۆمەڵگەکەدا یان لەسەر ئاستی دەرەکیدا واتە لە نێوان ئەو کۆمەڵگەیە و کۆمەڵگەکانی دیکە ئەمەش لە ڕێگەی بە کارهێنانی بەکردەوەی هۆکار و ئامێرەکانی زەبروزەنگی ڕەوا". وەرگیراوە لە: عومەر حەمەدەمین نورەدینی، سیستەمی نوێی جیهانی و دۆزی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٣ز، ل٣٠.

ڕۆشنبیرییه (ڕۆشنبیریی ملكەچگەرای)شی پێ دەگوترێ بەو واتایەكی پێوەندیی فەرمان لەسەركراوەكان بە سیستەمی سیاسییەوە پێوەندییەكی ملكەچییە، بەم شێوەیە فەرمان لەسەركراوەكان ئاگایان لە دەسەڵاتی حكومەت دەبێت، بەڵام ناتوانن بەشداری كارا بكەن لە سیستەمی سیاسییدا، چونكە باوەڕیان وایە كە هیچ نرخێك بۆ ڕۆڵیان دانانرێت جا بەهۆی دانپێدانەنانی سیستەم بێ بە بەشداریان، یان دانپێدانان بە توانای لاوازی و بەرئەنجامی ئەو كاریگەرییەی كە بۆ هەر یەكە لە input و output (تێهاویشتەكان و دەرهاویشتەكان) [(٢٣)] كە لە سیستەمی سیاسییدا هەیە، هەروەها ئەم جۆرە كولتوورە لەو كۆمەڵگەیانەدا هەیە و باوە كەوا دەستەی بەڕێوەبردنی وڵات هەژموونێكی تەواویان هەبووە بەسەر زۆرینەی كاروبارەكانی كۆمەڵگە، بەو شێوەیە سەیری خۆیان دەكەن كەوا بەشێكن لە سیستەمی سیاسی و كاریگەریی تەواوی بەسەریانەوە هەیە و تاكەكانی ناو ئەم كۆمەڵگەیانە خاوەنی ویستی سەربەخۆی خۆیان نین، پرۆسە سیاسییەكان بەشێوەیەكی ڕۆتینی بەڕێوە دەچن، تاكەكانی كۆمەڵگەش ڕۆڵێكی ئەوتۆیان لە گۆڕانكارییەكان یان خستنە ژێر پرسیاری پرۆسە سیاسییەكاندا

---

(٢٣) "دیڤید ئیستۆن" بەم شێوەیە باس لە تێهاویشتەكان و دەرهاویشتەكان دەكات بە جۆرێك كە، (input): بریتین لەو پاڵەپەستۆ و كاریگەرییانەی كە سیستەمی سیاسی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و پاڵی پێوە دەنێن بۆ چالاكی و جووڵە.ئەم تێهاویشتانە لە ژینگە و ناو خودی سیستەمەكەشەوە هەڵدەقوڵێن، هەموو سیستەمێكیش كراوەیە بۆ وەرگرتنی كاریگەرییەكانی ئەو ژینگەیەی كە تێیدا دامەزراوە.

(output):برێتییە لە وەڵامدانەوەی سیستەم بۆ داواكارییە كردەییەكان یان پێشبینیكراوەكان، بەواتایەكی تر بریتیە لەو سیاسەت و بڕیارانەی كە پێوەندییان هەیە بە دابەشكردنی سامانەكانەوە، لەوانەیە دەرهاویشتەكان بە یەكێك لەم شێوانە بێت (ئەرێ، هێمایی، نەرێ) وەرگیراوە لە: د. كەمال مەنوفی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٠

نییە، بگرە ملکەچی هەموو بڕیارەکانن و بێدەنگی و وەستاوی بـاڵ دەکێشـێت بەسـەر گشت ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دا [(٢٤)].

٣ـ ڕۆشنبیریی سیاسی بەشداریکردن Participation Political Culture: ئـەم جـۆری ڕۆشنبیرییە بە پێچەوانەی هەردوو جۆری پێشترە، کە باسمـانکرد، هاووڵاتییـان لـەم جـۆرە ڕۆشـنبیرییەدا وای دەبیـنن کـە دەرفـەتی بەشـدارییان لـە ژیـانی سیاسـی و سیستەمی سیاسییدا زۆرە، لە بەرئەوەی هاووڵاتی لە ئاسـتێکی بـەرزی هۆشمەنـد و هۆشیاری دایە بەرامبەر کاروباری سیاسی، ڕۆڵی کاریگـەر دەگێڕێـت و کاریگـەریی دەبێت لەسەر سیستەمی سیاسی، دەتوانن ئـەو سیسـتەمیەش بگـۆڕن و هـەمواری بکەن لە ڕێگەی کار و چالاکی جۆراوجۆر و چالاکی کاری سیاسییانەوە، ئەمەش لـە ڕێگەی ئـامرازە جۆربـەجۆرەکانی بەشـداری سیاسـییەوە دەبێـت وەك هەڵبـژاردن و خۆپیشاندان و ناڕەزای دەربڕین و بەشداری لە حزبی سیاسـی و گرووپـەکانی فشـار و پێکهێنانی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵگەی و...هتد.

بەکورتی دەتوانین بڵێین کە چەمکی (ڕۆشنبیریی سیاسی بەشداریکردن)، دەتوانێ ئەوە دیار بکات کە پێی دەوترێ (چاوەڕوانییەکانی دیموکراتی)، زانینی ئـەوەی کـە تـا چ ئاستێك سیسـتەمی حـوکمی سیاسـی دەتـوانێ بـە وەڵامدانـەوە بـۆ پێداویسـتی و بەرجەسـتەکردنی پێداویسـتییەکانی تـاك و بـەدیهێنانی بـۆ ئەوانـەی کـە لـە کۆمەڵگەیەکدان بەو پێیەی کە ئەندامی بەشدار و کارای ئەو کۆمەڵگەیەن.

---

(٢٤) سەروەر محەمەد عەبدوڵا، کۆسپەکانی بونیادنانی کولتووری بەشداریکردن، گۆڤاری هێشتا، هەڵەبجە، ژمارە ٦ و ٧، ٢٠٠٧، ل ٤ و ٥ .

(٤.٢.١) ئەرکە سەرەکییەکانی ڕۆشنبیریی سیاسی:

ڕۆشنبیریی سیاسی کۆمەڵێك ئەرکی سەرەکیی لە خۆدەگرێ کە دەروازەیەك دەکاتەوە بۆ باسکردن و دەرخستنی زۆرێك لە ئامانجە گشتییەکانی سیستەمی سیاسی بۆ ئەوەی زەمینەسازی بکات لە پێناو بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی و شارستانی.

دەکرێت گرینگترین ئەرکەکانی ڕۆشنبیریی سیاسی بەکورتی بەم شێوەیە بخەینەڕوو:

١. لێکۆڵینەوە لەبارەی ڕۆشنبیریی سیاسی هاوکاریمان دەکات بۆ ئەوەی لە پێکهاتە و ڕەگەزەکانی بونیادی سیاسی تێ بگەین کە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بوونیان هەیە.

٢. ڕۆشنبیریی سیاسی یارمەتیمان دەدات بۆ شیکردنەوەی ئەو پێوەندییەی کە لە نێوان هاوولاتی و دەسەڵاتی سیاسیدا هەیە، کە لە ڕێگەیەوە جۆری ڕۆشنبیرییەکە لای جەماوەر و چاوەڕوانییەکانی جەماوەر لە دەسەڵاتی سیاسی دەزانرێ، تا چەندە دەسەڵاتی سیاسی یاخۆ حکومەت پێداویستییەکان دابین دەکات و ئەو ئامانجە سیاسییانەی کە خولیای جەماوەرە، ئەو جەماوەرەی کە خودان ڕۆشنبیرییەکی سیاسییە دەتوانێ دەسەڵات هان بدات بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانیان لە میانەی بەشدارییەکی کارا و چالاکی جۆراوجۆر، بە پێچەوانەی ئەو جەماوەرەی کە خاوەن بەشدارییەکی کلاسیکی بەرتەسکە.

٣. یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی ڕۆشنبیریی سیاسی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لەبارەی پرۆسەی بەشداری سیاسی و چۆنییەتی بەردەوامی و نوێکردنەوەی، ڕۆشنبیریی سیاسی ڕەگەزی هەرە سەرەکیی و بنچینەی گەشەپێدانی پرۆسەی بەشداری سیاسی و پەرەپێدانی سیاسییە، کە دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە پرۆسەی نوێبوونەوەی ڕۆشنبیریی سیاسی هاوکارمان دەبێت لە دروستکردنی جۆرێك لە پاڵنەرایەتی و کار و گەشەکردنی چالاکی دیموکراتی کارا لە ژیانی سیاسییدا، کە ئەمەش نایەتەدی ئەگەر لە ڕێگەی ڕۆشنبیریی و هۆشیاری سیاسی کۆمەڵەوە نەبێت.

٤. چێکردنی کەسایەتیی نیشتمانی یەکێکی دیکەیە لە ئەرکە سەرەکییەکانی ڕۆشنبیریی سیاسی، کە پرۆسەی بایەخدان بە ڕۆشنبیریی سیاسی بەشداری دەکات لە بەرەو پێشبردنی ڕێوشوێنەکانی بەشداری سیایی، پێشکەوتن و دەرچوون لە ڕۆشنبیریی دیارکراو بەرتەسك و سنووردار بۆ ڕۆشنبیرییەك کە خولیای بەشداری کردن بێت، چونکە ڕۆشنبیرییەکی سنووردار ڕەنگدانەوەی گوێ پێ نەدانی سیاسی و بەشداری نەکردنە لە چێکردنی بڕیاری سیاسییدا لەسەر ئاستی ناوچەیی یان نەتەوەیی ـ نیشتمانی، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر دەرکەوتنی کەسایەتی نەتەوەیی دەبێت، کە جۆری ئەدای سیاسی و کۆمەڵایەتی لای جەماوەر بەرامبەر کێشە نیشتمانی و پرسە نیشتمانییەکانیان و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی و ئامانجە گشتییەکانیان بەلاوازی نیشان دەدات.

٥. ڕۆشنبیریی سیاسی و مافی هاووڵاتیبوون: دیارە تا ئاستی ڕۆشنبیریی بە واتا گشتیی و سیاسییەکەی بەرزبێت هاووڵاتی باشتر دەتوانێت مافە سرووشتی و شارستانی و سیاسییەکانی دەستەبەر بکات و ڕۆشنبیرییەکی سیاسی ئەوتۆ پەیدا بکات، کە بەهۆیەوە بکارێت کارکرد و ئەرکی مافە سیاسییەکانی خۆی بکات وەك مافەکانی هەڵبژاردن و بەشداریکردن و بوون بەئەندام لە پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی و خۆپیشاندان و ناڕەزای دەربڕین و...هتد، کە هەموو ئەمانە بەشداری دەکەن لە چێکردنی ڕۆحی هاووڵاتیبوون کە خۆی لە چەندین ماف و ئەرك و بەرپرسیارێتی دەبینێتەوە دەهەمبەر بە کۆمەڵگە و بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی و گەشەپێدان و نوێکردنەوەی بەشێوەیەك کە لەگەڵ ڕەوتی ژیان بگونجێ.

٦. ڕۆشنبیریی سیاسی و نوێگەرای: فراژووبوون و پەرەپێدانی گشتیی گومانی نییە کە پرۆسەی فێرکردنی سیاسی بەشێکە لە پێکهاتووەکانی پرۆسەی فێرکردن و ڕۆشنبیریی و پەروەردەی گشتیی کە تاك کۆششی بۆ دەکات و سیستەمی سیاسی پێشکەوتوو جەختی لەسەردەکاتەوە، یان ئەو سیستەمەی کە دەیەوێت کۆمەڵگە بەرەو پێشکەوتن و نوێبوونەوە بەرێت. کەواتە ڕۆشنبیریی سیاسی بەشداری لە

پرۆسەکانی گەشەپێدانی گشتیی وەك گەشەی ئابووری کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکات، کەوابێ ڕۆشنبیریی سیاسی گرینگی هەیە بۆ گەشەپێدانی هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵ بەشێوەیەکی گشتیی [٢٥].

ڕۆشنبیریی سیاسی وەك لە ئەرکەکانی دەردەکەوێت ڕۆڵێکی بەرچاو و کارا دەگێڕێت لە کایە جۆر بە جۆرەکانی کۆمەڵگە بەگشتیی و پێکهێنانی بونیادی سیاسی بەتایبەتی، بوونی ڕۆشنبیریی سیاسی لە ئاستێکی بەرز لە هەر کۆمەڵگەیەکدا کەشێکی دیموکرات، دەخولقێنێت، واتە پێوەندییەکی پتەو و بەهێز هەیە لە نێوان ڕۆشنبیریی سیاسی و بەدیهێنانی دیموکراتی لەناو کۆمەڵگەکاندا و کاریگەریی دەبێت لە بەرزکردنەوەی پلەی بەشداری سیاسی هاووڵاتییان.

(١-٢-٥) پێکهاتەکانی ڕۆشنبیریی سیاسی:

دەکرێ لێرەدا قسە لەسەر کۆمەڵێك ڕەگەز و بنەمای پێکهێنەری ڕۆشنبیریی سیاسی بکەین، جا ئەم بنەمایانە ئەوانە بن کە دەوڵەت پێڕەویان دەکات و داوایان دەکات (ڕۆشنبیریی فەرمانڕەوایان) یان ڕۆشنبیریی فەرمی و ئەوانە بن کە لەلای تاکەکانی کۆمەڵگە هەیە. ئەمانەی خوارەوە پێکهاتەکانی ڕۆشنبیریی سیاسین.

١ـ سەرچاوە: چوارچێوەی هزری فەلسەفی خەملیوو یاخۆ سەرچاوەی سەرەکیی بۆ کاری سیاسی، چونکە ئەم پێکهێنەرە مێژوو شرۆڤە دەکات و ئامانج و تێڕوانینەکان دیار دەکات، هەروەها پاساو بۆ هەڵوێست و ڕەفتارەکان دێنێتەوە، لەهەمانکاتدا ڕەوایەتی دەبەخشێتە سیستەمەکە.

---

(٢٥) عبداللة محمد عبدالرحمن، مصدر السابق، ص٤٤٠ - ٤٤٣ .

٢ـ ئاراسته بەرەو كاری گشتیی: لێرەدا جیاوازییەك هەیە لە نێوان ئاراستەی تاك كە ئارەزوو دەكات بۆ بەرزبوونەوەی پلە و پایەی تاك و زاڵكردنی بەرژەوەندی تاكە كەسی، لەگەڵ ئاراستە و مەیلی گشتیی و كۆمەڵكاری كە واتای باوەڕبوون بەگرینگی كاری هاوبەش لە هەردوو بواری كۆمەڵایەتی و سیاسییدا، ڕووكردنە كاری گشتیی و هەستكردن بە بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتی بەرامبەر كێشەكانی كۆمەڵگە یەكێكە لە گرینگترین پێكهاتەكانی ڕۆشنبیریی سیاسییدا، لەبەرئەوەی ئەم هەستكردن بە بەرپرسیارێتییە پاڵ بەهاوولاتییەوە دەنێت بەرەو سەوداكردنی ئەرێنی لەگەڵ كێشە و بابەتەكاندا لەژێرسایە و سێبەری ڕۆشنبیرییدا [٢٦].

٣ـ ئاراستە بەرەو سیستەمی سیاسی: ڕووكردنە سیستەمی سیاسی و باوەڕبوون بە پێویستیی لایەنگری بۆی و هۆگربوونی پێیەوەی لە پێویستییەكانی هەستكردنە بەهاونیشتمانی بوون و ئەو ماف و ئەركانەی كە لێی دەكەونەوە، چونكە هەر ڕۆشنبیرییەكی سیاسی پێویستە بازنەیەكی گشتیی دیار بكات بۆ كاری سیاسی و سنووری ڕەوایی لە نێوان ژیانی گشتیی و ژیانی تایبەتی دەستنیشان بكات.

هەروەها ڕۆشنبیریی سیاسی زانینی سنووری بەشداریكردن لەو سیستەمەدا دەسەپێنێت وەك پێگەی كۆمەڵایەتی و باری خێزانی و ڕەگەز و تەمەن. جگە لەمانە هەندێك ڕۆشنبیریی سیاسی سورە لەسەر دیاركردنی كاری سیاسی لەدەوڵەت و پۆستە سیاسییەكان و ئەو میكانیزمانەش دیار دەكات بۆ چەسپاندنی ئامانجەكانی دەوڵەت،

---

(٢٦) وەرگیراوە لە:" الشبكة النبأ المعلوماتية "(الثقافة السياسية) منشور على الموقع التالي، http://ar.wikipedia www.googl.com ٢٠٠٩/١٢/٢١. كنێر عەبدولا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩-٥٠.

لەبەرئەوەی ئەوە ڕۆشنبیریی سیاسییە کە پشتگیری سیستەم دەکات و سنوور و چوارچێوەکانی دیار دەکات و ئەو زانیاریانەی پێ دەبەخشێت کە لە کەتواری ژینگە و تایبەتمەندییەوە بەرهەم دێن و مانەوەی مسۆگەر دەکەن و دەیپارێزن.

١. هەستکردن بە شوناس: هەندێك پێیان وایە هەستکردن بە لایەنگری یەکێکە لە گرینگترین بیروباوەڕی سیاسی، ئەمەش هەستی تاکە بۆ لایەنگری سیستەمی سیاسی کە یارمەتی دەدات بۆ ڕەوایەتیدان بەم سیستەمە هەروەك یارمەتیشی دەدات بۆ مانەوەی و پلاندانان بۆی لە کاتی ڕووبەڕووبونەوەی تەنگژەکان، لە هەمانکاتدا هەستکردن بەلایەنگری بۆ نیشتمان یارمەتی دەرە بۆ گەشەکردنی هەستکردن بەئەرکی نیشتمانی و قبوولکردنی پابەندییەکان، هەر وەك چۆن یاریدەدەرە بۆ تێگەیشتن لە ماف و بەشداریکردنی چالاکانە لە پرۆسە سیاسییەکاندا لەمیانەی هاوکاری دامودەزگە حکومییەکان و دامەزراوە سیاسییەکان و قبوولکردنی بڕیارەکانی دەسەڵاتی سیاسی و باوەڕبوون بە ڕۆڵی چالاکانەیان لەگشت بوارەکاندا (٢٧).

---

(٢٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(١-٢-٦) پێوەندیی چەمکی ڕۆشنبیریی سیاسی

بە چەند زاراوەیەکی دیکەی هاوشێوەی

لە زانستی سیاسەتدا هەندێك لە چەمك و زاراوەکان تاڕادەیەك لێکچوونێك هەیە لەنێوانیاندا و لە یەك نێزیك دەبنەوە لەو واتایەکی کە هەڵیان گرتووە، لەو ئامانجەی کە کاری بۆ دەکەن، لێرەدا هەوڵ دەدەین لەپاڵ چەمکی ڕۆشنبیریی سیاسییدا تیشکێك بخەینە سەر چەند چەمکێکی دیکەی وەکو هۆشیاری سیاسی و گەشە و پەرەسەندنی سیاسی و ڕۆشنبیریی سیاسی حزبی و پێگەیاندنی سیاسی و بەشداریکردنی سیاسی، هەروەك لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێکرد ڕۆشنبیریی سیاسی برێتییە لە کۆمەڵێ ئاراستە و بیر و باوەڕ و هەست، کە واتای سیستەم دەبەخشێتە پرۆسەی سیاسی، هەروەها بنەما جێگیرەکان دەبەخشێتە حوکم (سیستەمی حوکمڕانی) بۆ کارکردنی تاك لەناو سیستەمی سیاسی.
هەروەها ڕۆشنبیریی سیاسی گوزارشتە لە بیرو باوەڕ و جەڤەنگ و بەهای دیارکراو بۆ ئەوەی کۆمەڵگە ڕۆڵی گونجاو ببینێت لە حکوومەت و پرۆسەی سیاسییدا.
لەبارەی هۆشیارییەوە کە پێناسەکراوە بەم شێوە گوزارشتی لێکراوە (هۆشیاری برێتییە لە فۆڕم گرتنی ئەو هزر و بیروبۆچوون و تێگەیشتنەی مرۆڤ، سەبارەت بەژیانی دەوروبەری لە ئاستە جیاوازەکان دا) [٢٨].

---

(٢٨) وەگیراوە لە : چنار سەعد عەبدلا، کاریگەری باری سیاسیی لەسەر گەشەکردنی هۆشیاری نەتەوەی کورد دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١، چاپی یەکەم، بەڕێوبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥ز، ل ١٨ .

هۆشیاری سیاسی برێتییە لە (کۆی گشتیی ئەو کردارە ئەقڵییانەی کە بە شێوەیەکی ئەرێنییانە بەشداری دەکات لە تێگەشتنی مرۆڤ بۆ جیهانی کەتواری، هەروەها تێگەیشتن لە بوونی تایبەتی خۆی و ئەو تێڕوانین و بەرچاوڕوونییەی کە هەیەتی بۆ پرۆسەی سیاسی و بوارە جۆربەجۆرەکان لە ژیانی سیاسییدا) [(٢٩)].

چەمکی گەشە و پەرەسەندنی سیاسی یەکێکی دیکە لەو چەمکانەی کە دەمانەوێت ئاماژەیەکی پێ بدەین، چونکە زاراوەیەکی گرینگە لە بواری زانستی سیاسییدا، کە بەم شێوەیە پێناسەکراوە: (پەرەسەندنی سیاسی پرۆسەیەکی گەشەکارییە لەڕێی ناوەندگەلی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەمەجۆرەوە کە لە ڕێگەیەوە تاك دەتوانێت زانیاریی لێوەر بگرێ و هەڵوێستی ئەوتۆی لا چێ بکات، کە لە کەسەکان و دامەزراوەکان و هەموو شتەکانی دیکەش تێ بگات، کە لە ژینگە سیاسییەکەدا هەیە) [(٣٠)].

لە لایەکی دیکەوە "شینکۆف **Sheinkoof**" واتایەکی گشتگیرتر دەداتە زاراوەی پەرەسەندنی سیاسی و دەڵێ: (پەرەسەندنی سیاسی پرۆسەی گواستنەوەی ڕفتار و نەریتی سیاسییە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە).

هەر لە چوارچێوەی بابەتەکەدا لە جێگەی خۆیدایەتی کە ئاماژە بە چەمکی ڕۆشنبیریی سیاسی حزبی بکەین، کە ڕۆشنبیریی حزبایەتی تەنیا ڕۆشنبیریی گشتیی ناگەیەنێ بگرە ڕۆشنبیریی حزبایەتی (برێتییە لە کرداری تێگەیشتن و بیناکردنەوەی هزر و ڕەوشت و هەڵسوکەوتی ئەندام و کادیران کە ئۆرگانەکان هەر یەکە لە ئاستی خۆی ئەنجامی دەدات، هەموو ڕێکخراوێکی سیاسی پێویستە بەردەوام بێت لەکاردا

---

(٢٩) هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

(٣٠) د.محەمەد بن سعوود ئەلبەشر، سەرەتایەك لە پێوەندیکردنی سیاسیی، و: مەم بورهان قانع، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینیای، ٢٠٠٧ز، ل ١٤٠.

بۆ مسۆگەرکردن و بەدیهێنانی ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیریی لە هەموو بوارەکان بۆ ئەندامانی) [٣١].

لە لایەکی دیکەوە لەپاڵ ئەو چەمك و زاراوانەی کە باسمان لێوەکردن ئاماژەیەکیش بە چەمکی پێگەیاندنی سیاسی دەکەین: (کە ئەو پرۆسەیە دەگرێتەوە کە تاك بە هۆیەوە زانیاریی و ڕاستی و بەها و وێنە سیاسییەکانی تێدیە دەست دەهێنێت، بە هۆی ئەمەشەوە هەڵوێست و ئاراستە هزری و ئایدیۆلۆژییەکانی دێنێتەدی، کە کاریگەریی دەبێ لەسەر ڕەفتار و کاری ڕۆژانە، هەروەها پلەی پێگەیشتوویی و چالاکییە سیاسییەکانی لەناو کۆمەڵگەدا دیار دەکات) [٣٢].

بەشداری سیاسیش وەکو یەکێکی دیکە لە چەمکە بەرچاو و کاریگەرەکان لەناو زانستی سیاسەتدا زۆر قسە و باسی لەسەر دەکرێت و بەکاردەهێنرێت. بەشداری سیاسی کۆمەڵێك چالاکی خۆویستانەیە، کە بەهۆیەوە ئەندامانی کۆمەڵگەیەك لە دانانی فەرمانڕەواکان، هەروەها بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ پشکداری لە شکڵگیری سیاسەتی گشتییدا دەکەن. بەشداری سیاسی لای تاکەکان بەشدارییەکی ئازادانەیە و لە پرۆسەیەکی ئاواد دا تاك خاوەنی ویستیەکی ئازادە .

هەریەکە لە "ساموێل هانتنگتۆن و نیلسۆن" بەم شێوەیە پێناسەی بەشداری سیاسی دەکەن: (بەشداری سیاسی ئەو چالاکییەیە کەوا کۆمەڵێك هاوولاتی دیارکراو بە مەبەستی کاریگەری دانان لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری حوکمیدا) [٣٣].

---

(٣١) محەمەد فاتیح، ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیری حزبایەتی، بەشی ڕووناکبیری (١٠٩) مەکتەبی ڕیکخستن ، سلێمانی ، ٢٠٠٥ز، ل ١٧.

(٣٢) عوسمان عەلی حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢.

(٣٣) ڕابەر تەلعەت، گەنج و بەشداری سیاسی، چاپی یەکەم، دەزگای تۆژینەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦ز، ل ٦١.

لەلایەکی دیکەوە بەشداری سیاسی (بریتییە لەو چالاکییەی کە هاوولاّتیانی ئاسایی ئەنجامی دەدەن، بە مەبەستی کارکردنە سەر پرۆسەی دروستکردنی بریارە حکومییەکان و جێبەجێ کردنیان. جا ئەو چالاکییە تاکەکەسی بێت یان دەستە جەمعی، رێکخراوەیی بێت یان هەرەمەکی، بەردەوام بێت یان پچر پچر، ئاشتیانە بێت یان توندوتیژ ئامێز بێت یان نارەوا، کارا بێت یان ناکارا) [٣٤].

ئەم چەمك و زاراوانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا و شرۆڤەمان کرد، ئەو چەمك و زاراوانە بوون کە لە زانستی سیاسەتدا رۆڵێکی بەرچاو و رۆڵێکی کاریگەرییان هەیە بەسەر پرۆسەی سیاسەوە بەگشتی. کە ئاستی پێشکەوتنی کۆی سیستەم و پرۆسەی سیاسی لە ولاّتدا نیشان دەدەن، هەموو ئەم چەمکانە پێکەوە (رۆشنبیریی سیاسی، هۆشیاری سیاسی، گەشە و پەرەسەندنی سیاسی، رۆشنبیریی سیاسی حزبی، پێگەیاندنی سیاسی، بەشداری سیاسی). پێوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ یەکدی هەیە و تەواوکەری یەکترن، هەر یەکەیان ئەویدی تەواو دەکات، کە پێکەوە لە دەوری ئەو ئامانجە دەخولێنەوە، کە هەوڵدانە بۆ فەراهەمکردنی پرۆسەیەکی سیاسی تێروتەسەل و تەواو کە سەرەنجامی ئەم پرۆسە تەواوەش دەمانگەیەنێ بە بەرقەراربوونی کۆمەڵگەیەکی تەندروست، کە تیایدا پرۆسەی بەدیموکراتیزەبوون دەگاتە ئاستێکی بەرز و بەرچاو.

کەواتە هەبوونی رۆشنبیری سیاسی و هۆشیاری لەلای تاکەکان لە ئاستێکی بەرزدا کۆمەڵگە رۆشنبیر و هۆشیار دەکات لە هەموو ئەو کار و جموجۆڵانەی کە لە پرۆسەی سیاسیدا روو دەدات، کە ئەمەش وا دەکات پێوەرەکانی سیستەمێکی دیموکراتی لە کۆمەڵگەدا سەر هەڵبدات و کۆمەڵگە بەرەو قۆناخی بەدیموکراتیزەبوون ببات.

---

(٣٤) عابد خالید رەسوڵ، رۆڵی حکوومەت لە بەشداریکردنی سیاسیدا، گۆڤاری رۆشنگەری، لە بلاّوکراوەکانی نێوەندی رۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری و سیاسی، شوێن و ساڵ نەنوسراوە ژمارە (٢٥)، ل ١٣٩.

بەشی دووەم: ڕۆشنبیریی سیاسی و دیموکراتی

(٢ـ١) ڕۆشنبیریی سیاسی و سیستەمی سیاسی

(١.١.٢) کاریگەری و پێوەندی نێوان ڕۆشنبیریی سیاسی و شێوازی سیستەمی سیاسی

دیارە ڕۆشنبیریی سیاسی لای هەر تاکێك و لەناو هەر کۆمەڵگەیەکدا پێوەندییەکی پتەوی بە شێوازی سیستەمی سیاسی ئەو دەوڵەتەوە هەیە و کاریگەرییەکانی خۆیشی لەسەر دادەنێت. بۆیە پێویستە تێڕوانینی گشتگیرانەی سیستەمی سیاسی، ژینگە کولتووریەکەی خۆی لە بەرچاو بگرێت کە کار دەکاتە سەر کارکردی سیستەمەکە، چونکە بەشێك لە ڕەفتاری تاکەکان لەناو دەزگە سیاسییەکاندا بە پێی کولتووری سیاسی دیار دەکرێن، کە بەها و ڕەوتە سیاسییەکانی پێ ئاراستە دەکرێن. لەلایەکی دیکەوە داواکاری فەرمانڕەوایکراوەکان لە سیستەمی سیاسی و شێوازەکانی گوزارشتکردن لەو داواکارییانە لەژێر کاریگەری کولتووری سیاسی باودایە. بەم جۆرە گۆڕانکاریی سیاسی پێوەندییەکی توندوتۆڵی بە ڕۆشنبیریی سیاسییەوە هەیە، هەردەم ڕۆشنبیریی پاڵنەرێك دەبێت لەسەر ڕێگەی گۆڕان یان بە پێچەوانەوە [٣٥].

کەواتە هەموو سیستەمێکی سیاسی بۆ ئەوەی توانای بەردەوامبوون و جێگیربوونی هەبێت، هەوڵ دەدات لە ڕێگەی پەروەردەی سیاسییەوە، بەها و نۆرمەکانی خۆی

---

(٣٥) د. کەمال مەنوفی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٦.

لەناخی تاکەکاندا بچێنێت، لێرەشەوە کارێك بکات، کە خۆیان خۆبەخۆو بەویستی خۆیان بەپێی ئەو سنوور و یاسایانە ڕەفتاربکەن کە سیستەمەکە دیاریکردووە. بۆیە هەر سیستەمێکی سیاسی پێویستیی بە ڕۆشنبیریی سیاسی هەیە بۆ ئەوەی هاوکار و یارمەتیدەر بێت و پارێزگاری لێ بکات، بەو پێیەی پێوەندییەکی پتەو پێکیانەوە دەبەستێتەوە، ئەم ڕۆشنبیرییە لە سیستەمێکەوە بۆ سیستەمێکی دی جیاوازە، بەجۆرێك کە لەو سیستەمە سیاسییانەی تاکڕەوییە و دەسەڵاتی تاك تیایدا باڵادەستە ڕۆشنبیرییەکی سیاسی ئەوتۆ لەگەڵی دا گونجاوە کە ڕەهەندەکانی برێتین لە ترس لە دەسەڵات و ملکەچبوون بۆ دەسەڵات و لاوازی مەیلی بەشداریکردن و کەم بڕوای بەشکۆمەندی و خودێتی مرۆڤ و ڕێگە نەدان بە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن [٣٦]، چونکە ئەو سیستەمەی کە تێیدا پرۆسەی بڕیاردان لە لووتکەی هەرەمی سیاسیدا قۆرخ دەبێت، کەشوهەوای ئازادی لێ بزر دەبێت و هیچ جۆرە نەنگییەك نابینن لە بەکارهێنانی ترس و تۆقاندن دژی ژێر دەستەکانی خۆیان، بۆیە ئەم جۆرە سیستەمە بەشداری دەکات لە بەرهەمهێنانی کولتوورێکی سیاسییدا کە پێکهێنەرەکانی لە دەوری ڕقلێبوونەوەی دەسەڵات و ترسان لێی و بایەخ نەدان بە هەموو شتێکی سیاسی و بزریی گیانی دەستپێشخەری و بڵاوبوونەوەی مەیلی تاکایەتی دەسوڕێتەوە، کەواتە لەم جۆرە سیستەمانەدا ڕۆشنبیریی سیاسی لە چوارچێوەیەکی بەرتەسك دایە و تاکەکان لە فەراهەمکردن و بەدەستهێنانی ڕۆشنبیریی دا دەستەوسانن بە هۆی ئەو بارودۆخەوە کە سیستەمی سیاسی خوڵقاندویەتی و داخراوی دامەزراوەکانی جۆربەجۆر بەڕووی هاووڵاتییان تیایدا، بەڵام بە پێچەوانەوە لە سیستەمی سیاسی دیموکراتی ڕۆشنبیرییە سیاسییەکەی وا دەخوازێت کە باوەڕی بە مافەکانی مرۆڤ هەبێ،بڕوای تەواوی هەیە بە پێویستیی پارێزگاریکردنی تاکەکان و ڕێزگرتنی شکۆمەندی مرۆڤەکان لە کاتی هەر

---

(٣٦) کنێر عەبدوڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١.

پێشێلکردن و دەستدرێژیکردنێك بۆ سەر ئازادییـەکانیان، هـەتا ئەگـەر هـاتوو ئـەم دەستدرێژیکردنانە لەلایەن خودی دەسەلاٌتیشەوە بێت، هەروەها ڕۆشـنبیریی سیاسـی لەم جۆرە سیستەمە سیاسییەدا پێی وایە کە بۆ بەردەوامبوون و پاراستن و مانـەوەی سیستەمە سیاسییەکە پێویستە برەو بـدرێت بەهەسـتی متمانـەکردنی دوولایەنـە و باوەڕبوون بە هاوولاٌتیان لەژێر کەشوهەوای کۆمەلاٌیەتی و ڕۆشنبیریی، چونکە ئەمـە وا دەکات کە مرۆڤەکان بیرۆکە و ڕای بەرامبەری قبـوولٌ بکـات و ڕێگـە دەدات بـە بوونی جۆرێك لە ئۆپۆزسیۆن لە چوارچێوەی بنەمای سیاسی کە وردەکارانە دانراوە بۆ ڕێکخستنی پێوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەلٌگەی سیاسی [(٣٧)].

بۆیە دەبینین کە ڕۆشنبیریی سیاسی کاریگەریی بەرچاوی هەیـە لەسـەر سیسـتەمی سیاسی تاڕادەیەکی زۆر، لە گەلێك ولاٌتیشدا ڕۆشنبیریی سیاسی بەشداری دەکات لە دیارکردنی شێوەی سیستەمی حوکمڕانی، بگرە لەگـەلٌ ئەوەشـدا دەشـێت بەشـداری بکات لە دیارکردنی ڕەگەزەکانی سیستەمی حوکمڕانی، سەرباری ئەو کاریگەرییـەی کـە ڕۆشـنبیریی سیاسـی هەیـەتی لەسـەر سیسـتەمی سیاسـی، پێوەنـدیی نێـوان ڕۆشنبیریی سیاسی و شێوازی سیستەمی سیاسی پێوەندییەکی زۆر پتەو و بەهێزە بە جۆرێك کە هەر شێوەیەك لە شێوەکانی ڕۆشنبیریی سیاسی لەگـەلٌ جۆرێـك بونیـادی سیاسی یەکدەگرێتەوە، بەشێوەیەك کەوا ڕۆشنبیریی سیاسی سـەرەتایی (ناوچـەیی ـ کۆن) بەرامبەر بونیادێکی کۆمەلاٌیەتی کلاسیکی نامەرکەزی و ڕۆشنبیریی سیاسـی ملکەچ گەرایی لەگەلٌ بونیادێکی دەسەلاٌت پاوانخوازی و هەروەها ڕۆشنبیریی سیاسی بەشداریکردن دەهەمبەر بونیادێکی سیاسی دیموکراتی یەکدەگرێتەوە [(٣٨)].

لەگەلٌ ئەوەشدا دەکرێت گۆڕانکاریی لە سیستەمی فەرمانڕەوایدا ببێتە هۆی ڕوودانی هەندێك گۆڕانکاریی لە ناوەڕۆکی کولتووری سیاسییدا، بۆ نموونە کاتێـك کۆمەلٌگـە

---

(٣٧) الشبكة النبأ المعلوماتية "الثقافة السياسية"، مصدر السابق.

(٣٨) عوسمان عەلی حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٩-٩٠.

خۆرئاواییەکان سیستەمی دیموکراتیان پەسەند کرد خاوەنی کولتووری دیموکراتی نەبوون، بەڵام بەشداریکردنێکی دیموکراتییانە بووە هۆی خولقاندنی کۆمەڵێك بەها و ئاراستە و هەست و سۆزی گونجاو بۆ سیاسەتی دیموکراتی [٣٩].

هاوڕێکی لە نێوان جۆری ڕۆشنبیریی و جۆری بونیادەکە ئارامی سیستەمی سیاسی بەرقەرار دەکات، ئەگەر ئەم دوو توخمە (ڕۆشنبیریی سیاسی لە لایەك و سیستەمی سیاسی لە لایەکی دیکەوە) لەناو هەر سیستەمێکدا کۆك نەبوون ئەوا کەلێنێ لە نێوان بونیادی سیستەمی سیاسی و ڕۆشنبیریی سیاسی دروست دەبێت و هەڕەشە لەسەر کاری ئەو سیستەمە دروست دەکات، بۆیە دەکرێت بگوترێت جێگیربوونی سیاسی پشت بە ڕۆشنبیریی سیاسی دەبەستێت چونکە تەبایی و ڕۆشنبیریی و کۆکبوونی ڕۆشنبیریی دەستەبژێر و حاکمەکان و جەماوەر یارمەتیدەرن بۆ جێگیربوونی سیاسی، بەپێچەوانەشەوە پارچە پارچەبوونی ڕۆشنبیریی و جیاوازی نێوان ڕۆشنبیریی جەماوەر و ڕۆشنبیریی دەستەبژێر و حاکمەکان سەرچاوەی هەڕەشەکردنە بۆ جێگیربوونی سیستەمی سیاسی، بۆیە دەبینین پێوەندییەکی پتەو هەیە لە نێوان ڕۆشنبیریی سیاسی شێوازی سیستەمی سیاسی و بەشێوەیەکی توندوتۆڵ پێکەوە گرێدراون.

(٢.١.٢) کاریگەری ڕۆشنبیریی سیاسی لە بەدیهێنانی دیموکراتی:

مەبەست لە ڕۆشنبیریی سیاسی ئەو بیروبۆچوون و زانیاری و ئاراستە باوانەیە کە بەرامبەر کاروباری سیاسی و حوکمڕانی، دەوڵەت و دەسەڵات، ڕەوایەتی و بەشداریکردن لەلای تاکەس لە کۆمەڵگەیەکدا هەیە، ئاست و چۆنییەتی

(٣٩) د.کەمال مەنوفی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٦.

ڕۆشـنبیری سیاسـیی لای تاکەکـەس پێوەنـدیی بـە شـێوازی پـەرەوەردەکردنی سیاسییەوە هەیە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا. پـەروەردەی سیاسـیش بریتییـە لـەو پرۆسـەیەی کـە لـە ڕێگەیـەوە تاکەکـەس زانیـاری، بـەها، ئایـدیا و فاکتـە سیاسییەکان وەردەگرێت. لەم چوارچێوەیەشدا، هەڵوێست، ئایدیۆلۆجیا، شێوازی بەشداریکردنی لە پرۆسەی سیاسـی و ساتوسـەودای و ڕەفتـاری ڕۆژانـەی خـۆی لەگەڵ ڕووداوە سیاسییەکاندا دیاری دەکات و ڕادەی بەشداری و کاریگـەربوونی لە پرۆسەی سیاسیدا دەستنیشان دەکات[٤٠].

بڵاوبوونەوەی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی سیاسی لەسەر ئاستی تاکەکەس و لەکۆمەڵگەدا، ڕێگەخۆش دەکات بۆ ئەوەی زانیـاری ڕاسـتەقینە سـەبارەت بـە ڕۆڵـی تاکەکـەس لـە سیستەمی دیموکراتیدا، هەنگاو بەهەنگاو لەناو دامودەزگـە ڕەسمییـەکانی دەوڵـەت و خانـە کۆمەڵایەتییەکانـدا جێگـەی خـۆی بکاتـەوە. هـەر لـە سیسـتەمی خوێنـدن و سیستەمی سیاسییەوە، تا دەگاتە خێزان و ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان.

بەکورتی زانیاری و بەها و نۆرمە سیاسییەکان دەبنە بەشێك لە کولتـووری کۆمەڵگە. بەم پێیەش کولتووری فرەیی و قبووڵکردنی ڕەنگ و دەنگی جیاواز، تێگەیشتن لەوەی هیچ کەس و لایەنێك خاوەنی ڕاسـتی ڕەهـا نییـە و کـەتواری کۆمەڵایـەتی و سیاسـی زۆر لـەوە ئـاڵۆزترە کـە تـەنیا لەچوارچـێوەی یـەك لێکدانەوەدا سنووردار بکرێ، بگرە دەشێت لێکدانەوە و شیکردنەوەی جیاواز بۆ هەر دیاردە و ڕووداو و پێشهاتێك هەبێت، بەم شێوەیە بەشداریکردنی ئەندامانی کۆمەڵگـە لـە بڕیـارو بـەڕێوەبردنی وڵاتـدا و دەستاودەسـتکردنی دەسـەڵات بەشێوەیەکی ئاشتیانە و لە ڕێگـەی سـندووقەکانی دەنگدانـەوە، جیاکردنـەوەی دەسەڵاتەکان و مافی چاودێریکردنیان لەلایەن هاووڵاتیانەوە، حـوکمی زۆرینـە و

---

(٤٠) کنێر عەبدوڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧.

پاراستنی مافی کەمینە دەبێتە بەشێکی ئۆرگانیی کەلتووری کۆمەڵگە و تاکەکەسەکان ئامادە نابن لە هیچ بارودۆخێکدا دەستیان لیٚ هەڵگرن.
بەم شێوەیە، ئەگەرچی هەمیشە زۆرینەی هاوولاٚتیانی کۆمەڵگەیەك، ئەوانەن کە لە دەرەوەی کایەی سیاسین، واتە بە پیشە سیاسەتمەدار یان چالاکڤانی ناو کایەی سیاسی نین، بەڵام بەهۆی هۆشیاری سیاسییانەوە، هەرکاتێك بەشدارییان لە پرۆسەی سیاسیدا کرد (بۆ نموونە لەکاتی هەڵبژاردن و دەنگدان و ڕیفراندۆمەکاندا)، بەو پێیە ڕەفتار دەکەن، کە دەبیٚ لە سیستەمێکی سیاسیدا ڕەفتاربکەن و کاریگەرییان هەبیٚ. لە بەرامبەردا تاچەند دەسەڵاتی سیاسی یان حکوومەت دابین کردنی پێداویستی و ئەو ئامانجانە سیاسیانەی کە خولیای جەماوەرە، ئەو جەماوەرەی کە خاوەن ڕۆشنبیرییەکی سیاسییە دەتوانیٚ دەسەڵات هان بدات بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانیان لە میانەی بەشدارییەکی کارا و چالاکی جۆراوجۆرو، بە پێچەوانەی ئەو جەماوەرەی کە خاوەن بەشدارییەکی کلاسیکی بەرتەسکە [٤١].
لاوازی ئەم بەشداریکردنەش بۆ نزمی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری سیاسی دەگەڕێتەوە لای ئەو جەماوەرە بەرامبەر بە بونیادە سیاسییەکانی کۆمەڵگە، لە هەمانکاتدا یەکێك لە ئەرکەکانی ڕۆشنبیریی سیاسی بریتییە لە لێکۆڵینەوەلەبارەی پرۆسەی بەشداری سیاسی و چۆنییەتی بەردەوامی و نوێکردنەوەی، ڕۆشنبیریی سیاسی ڕەگەزی هەرە سەرەکیی و بنچینەی گەشەپێدانی پرۆسەی بەشداری سیاسی و پەرەپێدانی سیاسییە، کە دەبیٚ ئەو ڕاستییە بزانین کە پرۆسەی نوێبوونەوەی ڕۆشنبیریی سیاسی هاوکارمان دەبێت لە دروستکردنی جۆرێك لە پاڵنەرایەتی و کار و گەشەکردنی چالاکی دیموکراتی کارا لە ژیانی سیاسییدا، کە ئەمەش نایەتەدی ئەگەر لە ڕێگەی

---

(٤١) عوسمان عەلی حەسن، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠.

ڕۆشنبیریی و هۆشیاری سیاسی کۆمەڵەوە نەبێت[٤٢]. واتە ڕۆشنبیریی سیاسی دەبەستێتەوە بە چالاکبوونی دیموکراتی.

هەرچی سەبارەت بەسیستەمی دیموکراتیشە، سەرچاوەکانی پەروەردەکردنی سیاسی جۆراوجۆرو فرە ڕەنگن. هەر لە خودی کایەی سیاسییەوە بگرە (کە دەنگ و ڕەنگی جیاواز و حزب و ڕێکخراوی سەر بە ئایدیۆلۆجیای جۆراوجۆری تێدایە)، تا دەگاتە کەناڵە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی (کە هەر یەکەیان بەپێی بیروبۆچوونی تایبەتی خۆیان چالاکی دەکەن و هۆشیاری سەبارەت بە کایەی سیاسی و ماف و ئازادییەکانی تاکەکەس بڵاودەکەنەوە)، زانکۆکان (کە بەشێوەیەکی زانستی و بەدوور لە ئایدیۆلۆجیا لە کۆمەڵگە و ئەرك و ماف و ئازادییەکانی تاکەکەس، پێوەندیی فەرمانڕەوا و هاووڵاتی، سیستەمە جیاوازەکانی حوکمڕانی...هتد، دەکۆڵنەوە و هۆشیاری سیاسی بڵاودەکەنەوە)، تا ناوەندە ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکان و ناوەندەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و سەنتەرەکانی گفتوگۆ و سیمینار و دایەلۆگ. هەموو ئەو دامودەزگە و ناوەندە جۆربەجۆرانە، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سیاسییەوە، یارمەتی تاکەکان دەدەن تێڕوانینێکی گشتگیرتر و بابەتیتری لەسەر کۆمەڵگە و کایەی سیاسی ناو کۆمەڵگە هەبێت و لەهەموو هەڵوێست و چالاکییەکانیدا، هۆشیارانەتر و کاراتر بەشداری هەبێت، چونکە بەشداریی ڕاستەقینە، بەرهەمی هۆشیاریی ڕاستەقینەیە بەرامبەر بە گرینگیی ڕۆڵ و چالاکیی تاکەکەس لەکایەی سیاسیدا.

لێرەوە گرینگی ڕۆشنبیری سیاسی و ئەو ناوەندانە دەردەکەوێت، کە کار لەسەر بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی سیاسی دەکەن. کە تاچ ڕادەیەك کاریگەرییان هەیە لە بەدیهێنانی دیموکراتی، چونکە لە بنەڕەتدا دیموکراتی بریتییە لەو سیستەمەی دەرفەتی بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسیدا بۆ تاکەکەس

---

(٤٢) د. عەبدوڵا محەمەد الرحمن، مصدر السابق، ص٤٤١ .

دەخولقێنێ، بۆیە تەنانەت ئەگەر ڕێسا و یاسا دیموکراتیەکانیش لە وڵاتێکدا بەرقەرار و لەئارادا بن، بەبێ تاکەکەسی هۆشیار و ڕۆشنبیر بە پرسە جۆربەجۆرەکان ئەم پرۆسەیە پڕ لەکەموکوڕی دەبێت لەبەرئەوەی دیموکراتی ڕاستەقینە، تەنیا کاتێك دەتوانێت بوونی هەبێت، کە تاکەکەسی خاوەن ویستی ئازاد بوونی هەبێت و لە ڕێگەی ئەو باکگراوەندە ڕۆشنبیرییەی کە هەیەتی کاریگەری خۆی دابنێت، ئەمەیش تەنیا لەڕێگەی بڵاوبوونەوەی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی سیاسی و ئازادکردنی تاکەکەس لە کۆتوبەندی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە خێڵەکییەکانەوە بونیاد دەنرێت، بۆیە لێرەوە دەگەین بەو بەرئەنجامەی کە ڕۆشنبیریی سیاسی بە ئاستێکی بەرز لە هەر کۆمەڵگەیەکدا و لە لای هەر تاکێك، کاریگەری دەبێت لە فەراهەمکردنی بنەماکانی دیموکراتی.

(٢.٢) کەناڵەکانی بەدیهێنانی ڕۆشنبیریی سیاسی

لە کۆمەڵگەی دیموکراتی دا.

بەدیهێنانی ڕۆشنبیریی سیاسی لەناو کۆمەڵگەدا و لە ژیانی سیاسی و کاروباری گشتیی دا، بە ڕێگەی چەندین کەناڵی جۆراوجۆرەوە فەراهەم دەبێت، لە هەمانکاتدا زۆری و هەمەلایەنی ئەو کەناڵانەش بایەخێکی زۆری هەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی سیاسی لەلای تاکەکانی کۆمەڵگە سەبارەت بە بونیادی سیاسی و پرۆسەی ڕۆشنبیریی سیاسی و پرسە جۆر بە جۆرەکانی دیکە.
لێرەدا هەوڵدەدەین باس لە (پارتە سیاسییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی، دەزگەکانی ڕاگەیاندن، چەند کەناڵێکی دیکەی وەك خێزان و قوتابخانە و...هتد) بکەین، بەو پێیەی کە ئەم کەناڵانە زیاتر لە هەر ڕێگە و دامەزراوەیەکی دیکە کار و چالاکی ئەنجام دەدەن.
ئەم ڕێگە و کەناڵانە دیارترین ئامرازەکانی پەرەپێدانی ڕۆشنبیرین، کە بێگومان سیستەمە کولتوورییەکان، تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتووبوون لە گۆڕینی بەرنامەڕێژی چوارچێوە کولتوورییەکان. بۆیە فەراهەمکردن و بەدیهێنانی ڕۆشنبیریی سیاسی لەڕێگەی چەند دامەزراوەیەکەوە دێتەدی کەوا لە خوارەوە ئاماژە بە گرینگترینیان دەدەین.

(١.٢.٢) پارتە سیاسییەکان Political Partie:

بێگومان حزب یەکێکە لە پێداویستییەکانی سیستەمێکی دیموکراتی و بەیەکێك لە دەزگەکانی دیموکراتی ناوزەد دەکرێ، بوونی فرە حزبی یەکێکە لە خەسڵەتە دیارەکانی هەر سیستەمێکی دیموکراتی، پارتە سیاسییەکان چەند

ڕێکخراوێکی سیاسین و لە کایەی گشتیی و جۆربەجۆردا کاردەکەن و دەیانەوێت دەسەلاّت وەربگرن، لە زۆرینەی ولاّتەکان دا پارتە سیاسییەکان ڕۆڵێکی گرینگ لە پرۆسێسی دیموکراتیدا دەگێڕن، لە ڕێگەی ئەو کار و چالاکییانەی کە ئەنجامی دەدەن و دەبنە پردی پێوەندی کە هاوولاّتییان و حکوومەت بە یەکتری دە گەیەنن و ئەو ڕێگە و شێوازانەش دابین دەکەن بۆ ئەم مەبەستە [٤٣]، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی پارتە سیاسییەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە پرەنسیپە دیموکراتییەکان دەپارێزن و پراکتیزەی دەکەن، واتە حزبە سیاسییەکان بنەماکانی سیستەمێکی دیموکراتی پێك دەهێنن.

حزب وەك ڕێکخراوێکی سیاسی و کۆمەلاّیەتی رۆڵێکی گرینگ دەبینێت لە دروستکردنی پێوەندی لە نێوان دەسەلاّت و هاوولاّتییان بەتایبەتی ئەو خەڵکانەی کە خوازیاری بەشداریکردنن لە سیاسەتدا، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر کاتێك ڕۆشنبیریی سیاسی لە ئاستێکی بەرزدا بێت لای تاکەکانی کۆمەڵگە، نێزیکبوونەوەی تاکەکان لە دەسەلاّت و ناوەندەکانی بڕیار زیاتر دەبێت و تاك هەست دەکات بەکاریگەرییەکانی خۆی لەنێو سیاسەتی گشتییدا.

بۆیە لە چوارچێوەی کۆمەڵگە نوێیەکانی هاوچەرخ و دەوڵەتانی پێشکەوتودا حزبە سیاسییەکان توخمی گرینگ و ناوەندین لە پرۆسەی دیموکراتیەتدا، لە بەرئەوەی حزب وەك پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان و یاسای دەستووری فەرەنسی "جۆرج بیردۆ" دەڵێت: (ئەو ئامرازەیە کە جێگرەوەی نییە بۆتاك بۆ ئەوەی بتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر بەڕێوەبردنی کار و باری گشتیی) [٤٤].

---

(٤٣) کۆمەڵێك نووسەر، زانستی سیاسیی، وتاوات ئەحمەد، چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٦، ل ٨١ .

(٤٤) سەعید مەموزینی، سیاسەت گەمەیەکی بەردەوام، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی ٢٠١٠ ، ل ١٣٤ .

بەم شێوەیە حزبە سیاسییەکان ئامرازێکە کە هاوولاتییان لە میانەیەوە کار و چالاکی و کاریگەرییەکانی خۆیان ئاراستە دەکەن بەرامبەر بە سیستەمی سیاسی.
لێرەدا پێش ئەوەی کە باسی ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان بکەین وەك ئامرازێك بۆ فەراهەمکردنی ڕۆشنبیریی سیاسی تیشکێکی کورت دەخەینە سەر چەمکی پارتە سیاسییەکان و مێژووی سەرهەڵدانی پارتە سیاسییەکان، دیارە سەبارەت بە چەمکی پارتە سیاسییەکان پێناسەی هەمە جۆری بۆکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەنێو پێناسە جۆربەجۆرەکاندا خاڵی هاوبەش هەیە، هەرچەندە کەوا چونیەك نین، لەگەڵ ئەوەشدا بەم شێوەیە گوزارشتیان لێکردووە (حزب دەستە و گرووپ و ڕێکخراوێکی سیاسییە کە هاوبیران و لایەنگرانی ئایدیایەك بە پێی ویستی خۆیان کۆدەبنەوە پرۆگرام و پێڕەوی ناوەخۆی هەیە لەگەڵ سەرکردایەتی و ڕێبازی تایبەتی خۆی و لە کۆمەڵە مرۆڤێکی هاوئامانج پێك دێت کە لەژێر ئالآکەی کۆبوونەتەوە [٤٥].
هەروەها "مۆریس دوڤرجیە" پرۆفیسۆری فەرەنسی لەمەڕ حزبە سیاسییەکان دەڵێت (کۆمەڵە خەڵکێکی یەکگرتوون لەسەر بنچینەی سیستەمێك) [٤٦].
کەواتە پارتە سیاسییەکان گوزارشتن لەکۆبوونەوەی ژمارەیەك هاوولاتییان لەڕێکخستنێکی دیاری کراودا کە دەیەوێت بەرگری لە بەرژەوەندی و سەرکەوتنی بیرۆکەکانیان بکان و گفتوگۆ لەگەڵ گەل دا بکات بە هۆی پێدانی بەرنامەی چاکسازی لە ژیانی سیاسیدا، وە بەشداریان پێ بکات بۆ ئەوەی لایەنگری زۆر بەدەست بهێنن.

---

(٤٥) زاهیر محەمەدی و یاسین حاجی زادە، فەرهەنگی سیاسیی(ئارش)، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپ نەنوسراوە، ساڵی ٢٠٠٦، ل ١٧١ .

(٤٦) وەرگیراوە لە : مسعود عبدالخالق، مەوسوعەی جودی، نووسینگەی تەفسیر، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٨، ل ٥٧٠ .

له لایەکی دیکەوە یاساناسی ناوداری فەرەنسی" ئەندریە هۆریـۆ" بـەم شـێوەیە پێناسەی حزبە سیاسییەکان دەکات:(حزبەکان ڕێکخستنی بـەردەوامن و لەسـەر ئاستی نیشتمانی و ناوچەیی کار و چالاکییان هەیـە، لـە پێنـاو بەدەسـتهێنانی پشتگیری گەل، بە مەبەستی گەیشتن بە دەسەلاّت بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتێکی دیاری کراو) (٤٧).

پاشان ئەگەر بێینە سەر باسی مێژووی پارتە سیاسییەکان و بنچینەی سـەرهەلّدانی دەبیـنین پێوەندییـەکی زۆری بـە پەرەسـەندنی دەولّـەتی مـۆدێرن و دیمـوکراتی پەرلەمانییەوە هەیە لە ئەوروپای خۆرئاوا و ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

"بلامبورا" لەگەلّ "موریس دوڤرجیە" کۆکن لەسەر ئەوەی بیرۆکەی حزب یەکەم جار لـە ئەوروپا سەری هەلّداوە، لە سەدەی نۆزدە لە ئینگلترا بە شـێوەیەکی ڕوون دوای ڕیفـۆڕمی هەلّبژاردن لە سـالّی ١٨٣٢ دا، لـە ولاّتـە یـەکگرتوەکانی ئەمـەریکا حزبـی سیاسـی دەرکەوتن لە ، سەردەمی سەرۆك "ئەندرۆ جاکسۆن" لە سالاّنی١٨٣٠.

پاشان پارتە سیاسییەکان فرەوانبونیان بە خۆیەوە بینی و لـە ولاّتـانی تـردا سـەریان هەلّـدا وەك ئـەلّمانیا و فەرەنسـا (٤٨)، لەگـەلّ ئەمەشـدا، کـە ئینسـکلۆپیدیای کۆمەلّناسی کە ئینسکلۆپیدیای جیهانییە لەبارەی سەرهەلّدانی حزبـە سیاسـییەکان هەمان مێژووی تۆمار کردووە و دەلّێ: (هەتا سالّی ١٨٥٠ لە هیچ ولاّتێك حزبایەتی لێ نەبووە، بەو واتا و پێناسەی کە ئێستە بۆ حزب دەکرێـت). کـە لـە قۆناخـەکانی دواتردا ئـەزموونی حزبایـەتی لـە کۆمەلّگـەکانی دیکـەدا بـەدیار کـەوتن و ڕۆلّـی بەرچاویان گێڕا لە وەبەگەڕخستنی کۆمەلّ لە کایە جۆربە جۆرەکاندا.

---

(٤٧) وەرگیراوە لە : عوسمان عەلی وەیسی، حزب لە کۆمەلّگای سەردەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلاّت، هەولێر، سالّی ٢٠٠٩، ل ٢٢-٢٣ .

(٤٨) نقلا عن : د.حسان محمد شفیق العانی، الانظمة السیاسیة و الدستوریة المقارنة، بدون مطبعة و طبعة، سنة ٢٠٠٧، ص ٢٥٦ .

پاش شیکردنەوە و پێناسەکردنی چەمکی پارتە سیاسییەکان و ئاوڕدانەوەیەك لە مێـژووی سەرهەڵدانی و ئەو ڕۆڵە ئەکتیڤەی کە لە کۆمەڵگەدا ئەنجامی دەدات. لێرەدا ئامـاژە بـە پارتە سیاسییەکان دەکەین وەك یـەکێك لـەو کەناڵانـەی کـە ڕۆڵـی بەرچـاوی هەیـە لـە فەراهەمکردنی ڕۆشنبیریی سیاسیدا. بۆیە کاتێك کە باس لە پارتە سیاسییەکان دەکـەین لە بەدیهێنانی ڕۆشنبیریی سیاسیدا، دەبیـنین کـەوا پارتـە سیاسـییەکان بـە یـەکێك لـە گرینگترین میکانیزمـەکانی نوێکردنـەوەی کولتـووری دادەنرێـت دەتوانێـت لـە ڕێگـەی بەرنامەکانی ڕۆشـنبیرکردنی سیاسـییەوە بـەها نوێیـەکان بخاتـە دەروونـی تاکەکانـەوە و زانیاریی سیاسی پتریان پێ بدات، لەگـەڵ ئـەوەی دەتوانێـت جـەماوەر تـەیار و ئاراسـتە بکات بۆ ئەنجامدانی بەرنامەی گەشەپێدان بەهەوڵ و ماندووبوونی خۆیـان کـە جگـە لـە شوێنەوارە مادییەکانی، چەند شوێنەوارێکی مینۆکیشـی (گـوزارەی) دەبێـت لـە بـواری نوێکردنەوەی گیانی دەستپێشخەری و هیواداری، هەروەها قایلکردنی جەماوەر بۆ سـود و کاری هاوبەش و جەختکردن لەسەر وابەستەگیان بۆ سیستەمی سیاسی [٤٩].

حزبی سیاسی هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە بۆ بە دیهێنانی ئامـانجێکی دیـاری کـراو دادەمەزرێ و کۆمەڵـە ئـەرکێکی سـەرەکیی لـە کۆمەڵگـە هەیـە، یـەکێك لـەو کـارە سەرەکییانەی کە پێی ئەنجامی دەدات برێتییە لە پێکهێنانی ئاراستە و هزرەکـان کەواتـە حزب رۆڵی هەیە لە پێکهێنـان و ڕەخسـاندن یـان لـە داڕشـتنەوە و پاراسـتنی هەسـتی سیاسی لەلای تاکەکان، کەوا حزبەکان بەخشینی زانیاریی و ئاشکراکردنی بۆ هاوولاتییـان لە میانەی ڕۆژنامە و بلاوکراوەکان و کۆبوونەوە و کار و چالاکییەکانی حزب) [٥٠].

بۆیە دەبینین پارتە سیاسییەکان فاکتەرێکی گرینگن لە پرۆسەی پەروەردەکردندا ئەمـەش لە ڕێگەی چەسپاندنی بەها و چەمك و بڕواگەلی سیاسی دیـارکراوەوە لـەناو کۆمـەلانی خەڵکی بەمەبەستی ئاڕاستەکردنی تاکەکان ڕووە و سیاسەتێکی دیارکراو. کـەوابێ پارتـە

---

(٤٩) د. کمال مەنوفی، هەمان سەرچاوە پێشوو، ل ٢٣٤ .

(٥٠) د.حسان محمد شفیق العانی ، نفس المصدر السابق ، ص ٢٥٨ .

سیاسییەکان ڕۆڵێکی دوو جەمسەری لە پرۆسەی پەروەردەکردنی سیاسیدا دەگێڕن، کە ئەویش خۆی لە پشتگیریکردنی ڕۆشنبیریی سیاسی باو و خولقاندنی ڕۆشنبیریی سیاسی نوێدا دەبینێتەوە. ڕۆڵی حزب لە بواری گۆڕانکاریی و فەراهەمکردنی ڕۆشنبیریی دا بەستراوەتەوە بە چەند فاکتەرێکەوە کە دیارترینیان بریتییە لە ئایدیۆلۆژیا و ڕێکخستنی حزبی و سەرکردایەتی کاریزمایی، واتە دەبێت حزب ئایدیۆلۆژیایەکی ناپارێزکاری هەبێت و ئایدیۆلۆژیایەك بێت داوای گۆڕینێکی ڕیشەیانەی ڕەوشەکانی کۆمەڵگە بکات بۆ ئەوەی بتوانێت کولتوورێکی سیاسی نوێ بخولقێنێت، لەلایەکی دیکەشەوە هەتا ئۆرگانەکانی حزب چالاکانەتر و بەربلاوتر کار بکات و زیاتر جەماوەری میللی لە خۆبگرێ زۆر زیاتر کاریگەری دەبێت□لە بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی سیاسیدا.

بەهەمان شێوەش پێوەستبوونی حزب بەسەرکردایەتییەکی کاریزماییەوە توانای حزب پتر دەکات لە بەدیهێنان و پەرەسەندنی ڕۆشنبیریی [٥١].

لە کۆتای دا دەڵێین هەبوونی پارتی سیاسی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی وڵات، پێداویستییەکی هەرە سەرەکییە لە پێداویستییەکانی دیموکراتی و بەبێ هەبوونی پارتە سیاسییەکان ناکرێت لە وڵاتێك باس لە هەبوونی دیموکراتی بکرێت، چونکە پارتە سیاسییەکانن ئەو ڕەوشە دیموکراتییە دەخولقێنن لە وڵاتێکی دیموکراتدا، هەر لەبارەی ڕۆشنبیرکردنی سیاسیانەی جەماوەرەوە پارتە سیاسییەکان وەکو قوتابخانەیەکن بۆ ڕۆشنبیرکردنی جەماوەر لە ڕووی سیاسی و هەموو ئەو بابەت و پرسە و بوارانەش کە بە سیاسەتەوە گرێدراون یان سیاسەت ساتوسەودایان لەگەڵدا دەکات وەك پرسەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی) [٥٢].

---

(٥١) د.کەمال مەنوفی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٧ .

(٥٢) ڕزگار محەمەد قادر، لە پێناو کوردستانێکی نوێ دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٢٢١-٢٢٢ .

پارتە سیاسییەکان لە ڕێگەی کۆبوونـەوەی حزبـی و بڵاوکـراوە و کەناڵـە ڕاگەیاندنـەکانی خۆیانەوە بابەتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان تاوتوێ دەکات و دەیانکەنە بابەتی گفتوگـۆ و ڕا گۆڕینـەوە کـە لـەم کـردارەدا جـەماوەرێکی زۆر گوێییـان لێ ڕادەگـرن و بەشداریان لەگەڵدا دەکەن و لە ئەنجامی ئەوەشدا فێری شتی نوێ دەبن و لەسەر شتی نـوێ پەروەردەدەبن و ڕۆشنبیریی سیاسی نوێش بونیاد دەنێنن.

(٢.٢.٢) ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی: Civil Society

ڕێکخراوەکـانی کۆمەڵگـەی شارسـتانی یـەکێکی دیکەیـە لـەو ڕێگـە و کەناڵـە سەرەکییانەی، کە ڕۆشنبیریی سیاسی لە کۆمەڵگەدا بەدی دەهێنێت و بڵاوی دەکاتـەوە و تاکەکان ڕۆشنبیر و هۆشیار دەکات لەسەر بابەت و دیـاردە سیاسـی و کۆمەڵایەتیـەکان. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی دەزگەیەکی فەرمانڕەوای نییە، بگـرە جۆرێکـە لـە چالاکی ئارەزوومەندانە، لەسەر ڕۆشنبیرییەکی ئارەزوو مەندانـە، کاردەکـات لـە ڕێگـەی چالاکوانە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆشنبیرەکان لەسـەر وەگەڕخسـتن و ڕۆشـنکردنەوەی ڕۆح و هەستی کاری بە کۆمەڵ و پڕکردنەوەی ئەو بۆشایانەی کە دەوڵەت ناتوانێت پڕیان بکاتەوە بە هۆی زۆربوونی کارەکان (٥٣). واتـە دەوڵـەت و حکوومـەت هەرچـەندە فـرەوان بێـت و دامودەزگەی پتری هەبێت هەرگیز ناتوانێت سەرتاپای پێداویسـتییەکانی کـەرت و بـوارە جۆراوجۆرەکانی ژیـانی کۆمەڵگـە پڕبکاتـەوە و هەڵبسـوڕێنێ. ئەمـەش وا دەکـات کـە ئۆرگانی دیکە لەناو دەوڵەتدا هەبن وەکو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی تـاکو ئـەو کەلێنانە پڕبکەنەوە، ئەم ڕێکخراوانە پێویستە لەسەریان ببنە بنەمای دروستکردنی پـردی دایەلۆگ لە نێوان دەسەڵات و هاووڵاتیانـدا، دایـەلۆگێکی شارسـتانییە لەسـەر بنـەمای

(٥٣) د. سهيل عروسي، المجتمع المدنى و الدولة، طبعة الاولى، دار الفكر، دمشق – سوريا، سنة ٢٠٠٨، ص ٨٧ .

گوێگرتن و خستنه ڕووی خواسته ڕەواکان له لایەن سەر جەم چین و توێــژەکانی کۆمەڵگــه [٥٤].

ڕێکخراوی شارستانی ئەکتیڤ و کارا له هەر سیســتەمێك و کۆمەڵگەیــەکی دیموکراتیــدا ڕۆڵێکی چالاکانەی هەیه له برەودان به بزاڤی ڕۆشنبیریی و دەبنه ســەکۆیەکی دایــەلۆگ و گفتوگۆ و پردی پێوەندی له نێوان هاوولاتیان و دەسەڵاتی سیاسی و وه هۆشــیارکردنەوه و ڕۆشــنبیرکردنی تاکــەکان بەرامبــەر بــه پرۆســەی سیاســی، ئاشــکرایه زانایــانی بــواری کۆمەڵناسی به گشتیی بایەخ و گرینگی گەورەیان داوه به پرسەی پێناسەکردنی چــەمك و زاراوەکان، کۆمەڵگەی شارستانی وەکو هــەر چــەمکێکی تــر لــەم حاڵەتــە بــەدەر نییــه، زاراوەی کۆمەڵگەی شارستانی به یەك ڕستەی جێگیر پێناسه ناکرێ بگره به شێوازی جۆر بەجۆر گوزارشتی لێکراوه، ئەرکی کۆمەڵگەی شارستانی لەوەدا چڕدەبێتەوه که گرووپێــك له خەڵك له دەوری یەك کۆببنەوه بۆ ئەوەی کێشه هاوبەشەکانیان چارەسەر بکــەن، بۆیــه کۆمەڵگەی شارستانی برێتییــه لــه " کۆمەڵگەیــەك کــه ئەندامــەکانی ئەوەنــده ئــازادن دەتوانن بۆ ڕاپەڕانــدنی کاروبــاره سیاســی و کۆمەڵایەتیــەکانیان ڕێکخــراو و ئەنجومــەنی جۆراوجۆر پێك بهێنن" [٥٥]. کۆمەڵگەی شارستانی خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیان هەیه، که ئامانجیان ئەوەیه رسیستەمێکی سیاسی دیموکرات یان ئایدۆلۆژییەکی تەندروست یــان حکوومەتێکی کارا بێننه سەر کار، له ڕێگەی ئەو کار و چالاکییانەی که له کۆمەڵگــەدا ئەنجامی دەدەن و هەوڵ دەدەن بۆ چێکردنی تاکێکی ڕۆشنبیر و کۆمەڵێکی هۆشیار.
کۆمەڵگەی شارستانی له ڕۆژگاری ئەمڕۆدا نموونەیــەکی نــوێی سیســتەمێکی دیمــوکراتی بەردەوام و وەرچەرخاوه، کۆمەڵگەی شارستانی لای هزرڤانی ئیتاڵی ئەنتۆنیۆ گرامشی لــه پێوەندییه ڕۆشنبیریی ئایدیۆلۆژییەکان پێك دێت، بەو پێیەی هەموو چــالاکییه گیــانی و

---

(٥٤) ڕابەر تەلعەت، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨ .

(٥٥) دامەزراوەی میهەن، کۆمەڵگەی مەدەنی هێزێکی نوێ، و: کۆسار فەتاحی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٦، ل ٨ .

ئەقلانییەکان لە خۆدەگرێت، کەواتە کۆمەڵگەی شارستانی لای گرامشی کات و ساتی ئەرێنی و کارا لە پێشکەوتنە مێژوویییەکانە، بۆیە گرامشی جیاواز لە فەیلەسووفان و هزرڤانانی دیکە پانتاییەکی نوێی خستە سەر ناوەڕۆکە سیمانتیکییەکەی کێشمەکێشی ئایدیۆلۆژیانە، چەمکی کۆمەڵگەی شارستانی بەو بۆچوونە پانتاییەکە بۆ کێشمەکێشی ئایدیۆلۆژیانە، جا ئەگەر جڤاکی سیاسی پانتاییەك بێت بۆ کۆنترۆڵی سیاسی بە هۆی هێز و دەسەڵات، ئەوا کۆمەڵگەی شارستانی پانتاییە بۆ هەژموونی ڕۆشنبیریی و ئایدۆلۆژی[56].

کەواتە لەم تێڕوانینەی گرامشی بۆ کۆمەڵگەی شارستانی دەگەینە ئەو ڕاستییەی کەوا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی ڕۆڵێکی چالاکانەیان هەیە لە هەژموونی ڕۆشنبیریی و برەدان بە ڕەوتی هۆشیاری لەنێو کۆمەڵگەدا، لەلایەکی دیکەوە هزرڤانی ئینگلیزی "تۆماس بین" ١٧٣٧ – ١٨٠٩ یەکەمین کەسە کە جیاوازی کردووە لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی شارستانی، بەبۆچوونی ئەو (دەوڵەت قەوارەیەکی دروستکراوە و سەپێنراوە بەسەر کۆمەڵگەدا و ڕێگە بە ڕۆڵی تاکەکان نادات، کە کۆششی ئارەزوومەندانە بدات، لەبەرئەوەی دەوڵەت بەسرووشتی خۆی خاوەن و دەسەڵاتە، بەڵام کۆمەڵگەی شارستانی بە پێچەوانەی کۆمەڵگەی سیاسی (دەوڵەت) دەیچوێنێ و پێکیان دەگرێتەوە، کۆمەڵگەی شارستانی بەرای ئەم هزرڤانە تەنیا گەشەسەندوو دەبێ بە گەشەسەندنی چاکەکانی شارە و بەها و شکۆمەندییە شارستانییەکان وەکو هاوکاری، خۆشەویستی نێوان مرۆڤەکان، ڕۆحی بە کۆمەڵ، چالاکی ئارەزوومەندانە، یەکسانی، دادپەروەری، بەرەو کاری بێ لایەنی و... هتد) کۆمەڵگەی شارستانی تمپیلی ئەم جۆرە چاکانە دەکات، کە ئەمانەش دەبنە پاڵپشتییەك دژی حکوومەتی تۆتالیتاری و دژی بەزۆر ڕۆچوونی هیلاکبەرانە، کۆمەڵگەی

---

(٥٦) د.کەریم ابوحلاوە، گیروگازی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی، و: اسماعیل کوردە-ڕەوشت ڕەشید=نوری بێخاڵ، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٤، ل ٨٠ – ٨٣.

شارستانی پانتایی رەوشتی بەرجەستە دەکات لەنێوان حاکم و مەکوم، چەمکی کۆمەڵگەی شارستانی برێتییە لەو گۆڕەپانەی کە دامەزراوەی ئارەزوومەندانە لە خۆدەگرێت لە نێوان تاك و دەوڵەتدا (٥٧).

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی ڕۆڵێکی ئەوەندە گرینگیان لە بەڕێوە چوونی پرۆسەی دیموکراتی هەیە بە جۆرێك زۆر لە شارەزایان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن و دەڵێن ئەستەمە قسە لەسەر دیموکراتی لە وڵاتێك دا بکرێت ئەگەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی لەو وڵاتە دا نەبن، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی و پارتە سیاسییە فەرمانڕەوایەکان پەکیان خرابێ و کۆنترۆڵکرابن، بەڵام دەبێت ئەوەش لە یاد نەکەین کە کۆمەڵگەی شارستانی بەبێ جۆرێکی تایبەت لە زانیاریی و ڕۆشنبیریی و مەعریفە و هۆشیارییەکی پتەوبەرز ئەستەمە درووست ببێت، دەکرێت دوو ئاکاری سەرەکیی ئەو شێوە زانیاریی و مەعریفە و ڕۆشنبیرییە جیابکەینەوە، کە بۆهاتنە کایە و بەرقەراربونی کۆمەڵگەی شارستانی پێویستن کە بریتین لە ڕەخنەییبوون و ڕێژەییبوون. ڕەخنەییبوون بەو واتایەی کەلەبەرامبەر ستراتیژەکانی بێدەنگکردن و دیسپلینکردن و بێمافیدا بێدەنگ نابێت، ڕێژەییبونیش بەو واتایەی بەناوی هەقیقەتێکی رەهاوە نادوێت و بەناوی ئەو راستیشەوە کەس بێدەنگ ناکات و دنیا و دیاردەکان بە شێوەیەکی سادە بۆ ڕەش و سپی و دۆست و دوژمن دابەش ناکات (٥٨).

لە کۆتایدا دەڵێین کاتێك کەوا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی پۆلێن دەکرێت بۆچەندین ڕێکخراو و گرووپ یەکێك لەو گرووپانە پێیان دەوترێت ڕێکخراوە هزری و ڕۆشنبیرییەکان، ئەو ڕێکخراوانە دەگرێتەوە کە بایەخ بە پتەوکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی

---

(٥٧) شوقی جلال، المجتمع المدنی و ثقافة الاصلاح، الطبعة الاولی، دار العین، القاهرة، ٢٠٠٥، ص٣١-٣٤.

(٥٨) مەریوان وریا قانع، شوناس و ئالۆزی، چاپ نەنوسراوە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ١٨٠.

ڕۆشنبیریی توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەیان دەدەن لە بوارێکی دیارکراوی ڕۆشنبیریی، بۆ نموونە ئەو ڕێکخراوانەی کە بایەخ بە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی یاسایی یان سیاسی یان کۆمەڵایەتی دەدەن، هەروەها ئەو ڕێکخراوانەش دەگرێتەوە کە هەوڵی پراستن و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی و کولتووری توێژێکی نەتەوەیی یان ئاینی یان ئاینزانی دیاری کراو دەدەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو زانکۆ و سەنتەرانەی تۆژینەوەش کە بایەخ بەلایەنی هزری و رۆشنبیری دەدەن.

(٣.٢.٢) دەزگەکانی ڕاگەیاندن: Mass Media

دەزگەکانی ڕاگەیاندن یەکێکی دیکە لە کەناڵەکانی بەدیهێنانی ڕۆشنبیریی سیاسی و ڕۆڵێکی گرینگ و بەرچاو دەبینێت لە هەموارکردن و گۆڕینی بەها و بۆچوون و ئاراستەی تاکەکان، لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا و بەشداری دەکات لە ئامادەکردنی هاووڵاتییان بۆ گێڕانی ڕۆڵێکی ئەکتیڤ و سوودمەند، لێرەدا دەزگەکانی ڕاگەیاندن مەبەستمان پێی هەر سێ جۆری ڕاگەیاندنی بینرا خوێنرا و بیستراوە وەك تەلەڤیزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تۆڕی ئینتەرنێت، کە ئەم ئامرازانە ڕۆڵێکی گرینگ لە پرۆسەی پەروەردەکردنی سیاسییدا دەگێڕن، بەو پێیەی کە لە ڕێگەی ئەم ئامرازانەوە تاکەکان چەکدار دەبن بە زانیارییە سیاسییەکان و بەشداری دەکەن لە پێکهێنان و سەقامگیربوونی بەها سیاسییەکان.

لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەسەر ئاستێکی فرەوان گەشەدەکەن و گواستنەوەی زانیاریەکان لەبارەی بریار و سیاسەتەکانی چینی حوکمران بۆ جەماوەر و هەروەها گواستنەوەی زانیارییەکان لەسەر داخوازی و کاردانەوەی جەماوەر بۆ

بژاردەی فەرمان ڕەوا. ئەو دەرپەڕینە بەردەوامەی زانیارییەکان لە سەرەوە بۆ خوارەوە و بەپێچەوانەشەوە جەخت لەسەر بەها و ڕۆشنبیرییە سیاسییە باوەکان دەکاتەوە [٥٩].
بۆیە دەزگەکانی ڕاگەیاندن لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەهۆی پێشکەوتنی بەرچاوی تەکنۆلۆژیاوە ڕۆڵێکی ئەکتیڤ دەگێڕن لە پێکهێنانی ڕۆشنبیرییەکی سیاسی نوێ دا.

لەم ڕوانگەشەوە کە باس لە میدیا دەکەین بەشێوەیەکی گشتیی شرۆڤەی دەکەین بە پێی ئەو ئەرك و چالاکییانەی کە ئەنجامی دەدات دابەشمان نەکردووە بۆ سەر میدیای ئەهلی و میدیای حزبی.

پێش ئەوەی کەباس لەدەزگەکانی ڕاگەیاندن بکەین وەك ئامرازێکی سەرەکیی بۆ فەراهەمکردنی ڕۆشنبیریی سیاسی، دەمانەوێت تیشکێك بخەینە سەر پێناسەی چەمکی ڕاگەیاندن و مێژووی سەرهەڵدانی.

پێناسەکردنی چەمکی ڕاگەیاندن بە چەندین شێواز گوزارشتی لێکراوە و هەندێك پێیان وایە "ڕاگەیاندن پەیامێکی هزرییە و چەند ناوەڕۆکێکی جیاجیا و ئامانجی جیاواز لە خۆدەگرێ بەپێی ئەو ناوەڕۆکانەی کە گوزارشتی لێ دەکات، بەو نیازەی لەڕێی هۆکارە جیاجیاکانی پێوەندییەوە لەگەڵ خەڵکی دا بدوێ" [٦٠]. هەروەها لە فەرهەنگی "ویستەردا" هاتووە کە (ڕاگەیاندن ئەو کردەوەیەیە کە تیایدا ئاڵوگۆڕی چەمکەکان لە نێوان کەسەکاندا دەهێنێتەکایەوە بە بەکارهێنانی هێمای زانراو، یان برێتییە لە زیادکردنی هۆشی جەماوەر بەهەواڵ و زانیاریی و ڕا بەمەبەستی کارتێکردن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ) [٦١].

---

(٥٩) کنێر عەبدولا ، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١ و ٦٢.

(٦٠) د.هانی ئەلرەزا و د. رامز عەممار، ڕای گشتی و ڕاگەیاندن و بانگەشەکردن، و: ئەحمد سەلام، چاپخانەی ئەلەند، چاپ و ساڵ نەنوسراوە، ل ١٠١.

(٦١) وەرگیراوە لە : هەڤاڵ ئەبوبەکر، ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی کوردی، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٢، ل ١٦.

لەلایەکی دیکەوە میدیا بەم شێوەیەش گوزارشتی لێکراوە کە (ڕاگەیاندن بریتییە لە هێنانی چەند ڕا و بۆچوون و بابەتێکی ڕۆشنبیریی، وە چەند ڕاستییەکی بابەتییە کەهەندێ کاریگەریان هەیە لەسەر بیروباوەڕ و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەوانەی کە شتەکانیان بۆ دەگوازرێنەوە) (٦٢).پاشان ئەگەر باسێکی کورت لە مێژووی ڕاگەیاندن بکەین دەبینیین کە ڕاگەیاندن مێژوویییەکی کۆنی هەیە و دەتوانین بڵێین لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤ و نیشتەجێبوونی لەسەر زەویدا بوونی هەبووە، چونکە ئەگەر ڕاگەیاندن شێوەیەك لە شێوەکانی پێوەندیکردن، کەناوە زانستییەکەیەتی، بەم واتایە هەر لەسەرەتای دروستبونی ئادەمیزادەوە پرۆسەی ڕاگەیاندن دەستی پێکردووە و مرۆڤ خۆی پراوەی کردووە لە میانەی قسە و وتووێژەوە بەکاری هێناوە بۆ قەناعەت پێهێنانی بەرامبەر و تێگەیاندنی، پاشان لەگەڵ گەشەکردن و بەرەو پێشچوونی مرۆڤەکان و گەشەکردنی کایە مرۆڤایەتیەکان و پەرەسەندنی پێوەندییە مرۆی و نێودەوڵەتیەکان، ڕاگەیاندنیش وردە وردە گەشەی کردووە و بە چەندین قۆناخی جۆراوجۆردا گوزەری کردووە تا گەیشتۆتە ئەم قۆناخەی ئێستەی (٦٣). بەم شێوەیە ڕاگەیاندن تەنیا لە چوارچێوەیەکی تەسکی بیستن و نوسیندا نەماوەتەوە و چەندین پێشکەوتنی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە کە ئەو هەموو دەزگەی بینین و بیستن و تەکنیکی نوێیە هاتۆتە ئاراوە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و کەناڵی ئاسمانی و ڕۆژنامەگەری بە هەموو جۆرەکانییەوە تا ئەو ئاستەی کە خۆی لە مەیدانەکەدا سەپاندوە و بە دەسەڵاتی چوارەم ناو زەند دەکرێ (٦٤)، بۆیە دەبینین ڕاگەیاندن لە لە کۆن و ئێستەشدا ڕۆڵی گرینگتر و زیاتر دەبینێت لە هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی تاکەکاندا

---

(٦٢) ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی، ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی ئیسلامی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوار چرا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٨، ل ١.

(٦٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٣.

(٦٤) بۆ زیاتر زانیاری و شارەزای لە مێژووی ڕاگەیاندن، بڕوانە: هەڤاڵ ئەبوبەکر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣.

سەبارەت بە بوارە جۆربەجۆرەکان لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە. ڕاگەیاندن یەکێکە لە پێکهاتەکانی سیستەمی سیاسی، بەپێی ئەو کاریگەرییەی کە هەیەتی لەسەر هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتی و دروستکردنی ڕای گشتیی، لە هەمانکاتدا دەزگەکانی ڕاگەیاندن رۆڵێکی کارا دەگێڕێت لە بەشداری سیاسی هاووڵاتییاندا، بۆیە شارەزایانی ئەو بوارە لەنێو پاڵنەرە کولتووریەکان بۆ بەشداری سیاسی باس لە کاریگەری ڕاگەیاندن دەکەن لەو بارەیەوە [65]، یەکێك لەو ئەرکە سەرەکییانەی کە دەزگەکانی ڕاگەیاندن بە ئەنجامی دەگەیەنێ بریتییە لە ئەرکی پێکهێنانی ڕاو بۆچونەکان لەلای تاك و کۆمەڵ و میللەت، چونکە ئەرکی میدیا یارمەتیدانی تاکەکانی کۆمەڵە بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکان و ئاگاداربوون لە ژینگەی دەوروبەر بۆ ئەوەی خۆیانی لەگەڵدا بگونجێنن، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەم کارە لە ڕێگەی میدیاوە کارئاسانییەکی تەواوی بۆ تاکەکان دەستەبەر کردووە [66].

بەو پێیەی کە بەشێکە لە زنجیرەی پەرەسەندنی تەکنۆلۆژی، دەزگەکانی ڕاگەیاندن رۆڵێکی باش دەگێڕن لە کاری گەشەسەندندا لە ڕووی چەمکی مرۆییە بەر فرەوانەکانەوە وەك باری سیاسی و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و نیشتمانی و...هتد.

لە کۆتایدا دەڵێین لە ڕێگەی کەناڵەکان و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە ڕۆژانە و بەشێوەیەکی بەردەوام کۆمەڵێك بیر و باوەڕ و زانیاریی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی دەگوازرێنەوە بۆ جەماوەر، گرینگی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەپرۆسەیەکی لەم شێوەیەدا ئەوەیە کە ئەم کەناڵانە وزە و توانایەکی لە ڕادەبەدەریان هەیە بۆ دەست بەسەردا گرتنی ئەقڵ و هۆشی

---

(٦٥) خالید عومەر ڕەشید، پێگەی ڕاگەیاندن لە سیستەمی سیاسیی دا، گۆڤاری ڕۆشنگەری، ژمارە ٢٣ تا ٢٤، لە بڵاوکرنەوەکانی نێوەندی ڕۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی هزری و سیاسیی، ل٤١ .

(٦٦) محەمەد عەبدوللا کەلاری، جیهانگیری میدیا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، ساڵی ٢٠٠٩، ل ١٥٠.

خەڵکی و ئاراستەکردنیان بە زەبری ئەو کاریگەرییەی کە دروستی دەکات. ئەم کەناڵانـەی ڕاگەیاندن ڕۆڵیان هەیـە لـە خولْقانـدنی ڕۆشـنبیرییەکی گشـتیی و جەماوەریـدا، لەگـەڵ ئەوەشدا دروستکردنی وابەستەبوونی نەتەوەیی و نیشتمانی و وروژاندنی هەسـت و سـۆزی جەماوەر لەپاڵ پاراستنی سەقامگیری و ئاسایشی سیستەمی سیاسییدا [٦٧].

بەکورتی وای دەبینین کە بەبێ بوونی دەزگەکانی ڕاگەیاندن بە تایبەتیتر ڕاگەیاندنی ئـازاد و سەربەخۆ پرۆسەی دیموکراتی تـەواو نـابێ و بـەڕێوە ناچـێ و فاکتـەرێکی سـەرەکیی و بەرچاون لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی سیاسی لە میانەی بەرنامەی هەمەجۆرەوە کە لـەم دەزگەیانــەوە پــەخش دەکــرێن تــاکو ڕۆشــنبیریی سیاســی لای تاکــەکانی کۆمەڵگــە بەرزبکاتەوە.

(٤.٢.٢) خێزان و قوتابخانە

لەپاڵ ئەو ڕێگە و کەناڵانـەی کـە باسمـانکرد لـە بـەدیهێنانی ڕۆشـنبیریی سیاسـی لـە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتدا، جێگەی خۆیەتی کە ئاماژەیەکیش بە ڕۆڵی خێزان و قوتابخانـە بکەین، **خێزان** بە گرینگترین ئامرازەکانی پەروەردەکردنی سیاسیی دادەنرێت و مـەزنترین کاریگەریی هەیە لەسەر ژیانی تاکەکان، چونکە خێزان یەکەم گرووپ و جێنشینگەیە کـە تـاك تیایـدا دەژی و پـەروەردە دەبـێ و هـەموو پێداویسـتییە بـایۆلۆجی و دەروونـی و کۆمەڵایەتییەکانی تێدا تێر دەکات، لە بەرامبەریشـدا هـەموو ئـەو زانیـاریی و بـەها و دابونەریتانەی کە لە خێزاندا هەیە بۆی دەگوازرێتەوە بە باش یان بەخراپ [٦٨].

دروسـتکردنی تــاکێکی ڕۆشــنبیر و دەوڵەمەنــد بــە ڕۆشــنبیرییە جۆربــەجۆرەکان و لەنێوانیشیاندا ڕۆشنبیریی سیاسی بەشێکی گرینگی ڕادەوەستێ لەسەر ئەو ژینگەیەی کە

---

(٦٧) رابەر تەلعەت، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨ .

(٦٨) کنێر عەبدوڵا، سەرچاەی پێشوو، ل ٢٣٣.

له خێزانەکەی دا بونی هەیە. بۆیە تا چەندە خێزان خوێندەوار و هۆشیاربێت بە پرسە جیاوازەکان دەبێتە دەروازەیەکی سەرەکیی کە تاك لێیەوە پەروەردە دەبێت وپێدەگات ورۆشنبیردەبێت قوتابخانەش ڕێگەیەکی دیکەیە لەو ڕێگەیانەی کەسەرچاوەی پەروەردەکردن و فێرکردنی تاکەکانە کە لە دوای خێزان وێستگەیەکی دیکە کە تاك تیایدا پێیدا تێپەڕ دەبێ، بۆیە دەشێت قوتابخانە بەشداری بکات لە گۆڕینی سیستەمی کولتووری باو و هێنانی کولتووری نوێ، ئەویش لە ڕێگەی ڕۆشنبیرکردنی سیاسی و سیستەمی قوتابخانەوە، ڕۆشنبیرکردن لە ڕێگەی قوتابخانەوە لەڕێی چەند مادەیەکی دیاری کراوەوە دەبێت کە پڕ بن لە بابەتی کولتوری نوێ و لەگەڵیشیدا تەرخانکردنی مامۆستای لێوەشاوە و پسپۆر لەم بوارە. کە هەتا مامۆستا باوەڕی بە بەها و بابەتەکانی سیستەمی سیاسی زیاتر هەبێت، باشتر دەتوانێت ئەو بەهایانە لە دەروونی قوتابییەکاندا بچێنێ، هەتا پێوەندیی نێوان مامۆستا و قوتابی دۆخێکی تەندروست و دیموکراتیبونی پێوە دیار بێ و قوتابخانە زیاتر قوتابییەکان هانب دات بۆ پراوەکردنی کار و چالاکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی، زیاتر چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکرێت کە ئامادەیی بۆ بەشداریکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مەیلی کارکردن لایان زیاد بکات [٦٩]، بۆیە دەبینین قوتابخانە و مامۆستا و پێکەوە هاوکار و بەشدارن لە پەروەردەکردنی قوتابیەکی سەرکەوتوو و تاکێکی ڕۆشنبیر.

---

(٦٩) د. کەمال مەنوفی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٣ .

بەشی سێیەم: پرسی ڕۆشنبیریی سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونییەکمان لەسەر ئەم پرسە هەبێت لە هەرێمی کوردستان، هەر بۆیە دەروازەی دووەمی تۆژینەوەکە تەرخان کراوە بۆ لایەنی مەیدانی بەو مەبەستەی زیاتر جەخت لەسەر پرسێکی وەکو ڕۆشنبیریی سیاسی بکەین.

(١.٣) ناسیۆنالیزم و سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان.

(١.١.٣) ناسیۆنالیزم و کولتووری کورد .

ناسیۆنالیزم، بەواتا گشتییەکەی دیاردەیەکی سرووشتی و ئاساییە، چونکە مرۆڤ هەر لە کۆنەوە، ویستویەتی لەگەڵ ئەو کەسانەدا تێکەڵاوی و پێوەندیی هاوبەشی هەبێت لەو زمانیان تێ دەگات و هەست دەکات کە کولتوورێکی هاوبەش و مێژوویێکی هاوبەش و کۆمەڵە ئامانجێکی هاوبەشی لەگەڵیاندا هەیە، لە هەمانکاتدا لە کەسان و خەڵکی بیانی کە سەر بەکولتوورێکی جیاوازبوون خۆی بەدوور گرتووە.
لە چەند سەدەی ڕابردوودا ناسیۆنالیزم بزوتنەوەیەکی کاریگەر و بەهێز و بەرچاو بووە و ڕۆڵێکی چارەنووساز و کاریگەری لە ئاراستەکردنی ڕووداوە جۆربەجۆرەکانی دنیادا بینیوە، کەم ڕوودا و پێشهاتی سیاسی یان ڕۆشنبیریی هەیە کە جێ پێکانی ناسیۆنالیزمی تیا دیار نەبێت، ناسیۆنالیزم لانیکەم لە شۆڕشی ١٧٨٩ی فەڕەنساوە وبێگومان زۆر پێش ئەم مێژووەش ڕۆڵێکی سەرەکیی لە گۆرانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی جیهانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی و جیهان بەگشتیی هەبووە [٧٠].

---

(٧٠) ڕێبین هەردی، ناسیۆنالیزم و وەرگێڕان، گۆڤاری ڕەهەند، گۆڤارێکی مانگانەی تیۆری کولتورییە، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی، ژمارە(٢)، ٢٠١٠، ل ٥.

ناسیۆنالیزم وەك دیاردەیەکی سیاسی ـ مێژووی دەکرێت دوو واتا یان دوو نـاوەڕۆکی لێك جیاواز و پێك ناکۆکی هەبێت کە لە پێوەندیی لەگـەڵ بابـەتی دەرکەوتنیـدا بـە پێوەندیی لەگەڵ ئامانجەکانیدا دیـاری دەکـرێن، لـە لایەکـەوە دەشـێت ناسـیۆنالیزم هاوتای ئازادی و یەکسانی و هەقخوازی بێت.
ئەمەش لەو کاتانە دا دەبێت کە نەتەوەیەکی ژێردەست لە دژی ستەم و داگیرکـردن و لە پێناو ئازادیدا خەبات دەکات، یان لە لایەکی دیکەوە دەشێت ناسـیۆنالیزم واتـای شۆڤێنیزم و ستەم و ڕەگەزپەرستی بێت کاتێك نەتەوەیەکی سەردەست یـان داگیرکـەر بۆ درێـژەدان بـە داگیرکـردن، یـان چەوسـاندنەوەی کەمایـەتی نەتـەوەیی، یـان بـۆ پەلاماردانی نەتەوەیی دراوسێ ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم بەکاردێنێت [٧١].
هەروەها لە ڕوانگەیەکی سیاسییەوە چەمکی ناسـیۆنالیزم بـەم شـێوەیە گوزارشـتی لێکراوە (ناسیۆنالیزم بریتییە لە خواستی لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندی نەتەوەیی خـۆ بەتەنیا، بەتایبەت لەو کاتانە دا کە ململانێ لەگەڵ بەرژەوەندیی نەتـەوەکانی دیکـە لە ئارادابێت) [٧٢].
وەك ئەنجامگیرییەکی ئەم بۆچوون و پێناسانەی کە ئاماژەمان پێـدا دەتـوانیین بڵـێین ناسـیۆنالیزم بریتییـە لـە هۆشـیاری ئەنـدامانی نەتـەوە بـەوەی کـە خـاوەنی تایبەتمەندییەکی بابەتی و خـودی نەتـەوەین، کـە ئەمـەش هەسـتی بـەرز ڕاگرتنـی کولتوور و زمان و مێژووی نەتەوە چێ دەکات. ناسیۆنالیزم هۆشیاری و هەڵوێستێکی

---

(٧١) ڕەفیق سابیر، کەلتوور و ناسیۆنالیزم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ١٨.

(٧٢) موسڵح عەبدولقەهار ئیروانی، ئاین و ناسیۆنالیزم، ڕۆڵ و کاریگەری و پەیوەندی نێوانیان لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە هەرێمی کوردستان، نامەی ماستەر پێشکەشی کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەددین کراوە، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ٢٦.

تایبەتە بەرامبەر زمان و کولتوور و مێـژووی نەتـەوە و هۆشـیاری و هەڵوێسـتێکی شکۆدارانە دەبەخشێتە تاکەکان.
کاتێك کە باس لە ناسیۆنالیزم دەکەین دەبێت باس لەو پێوەندییە بکەین کە لە نێوان ناسیۆنالیزم و نەتەوە دا هەیە،

بە جۆرێك کە ئارنست گیلنەر هزرڤانی ئینگلیزی لە پێوەندیی نێـوان نەتـەوە و ناسیۆنالیزم خـاڵێکی زۆر گـرینگ دەستنیشـان دەکـات کـە ئـەو خاڵـەش برێتییـە لەوڕاستییە سۆسیۆلۆژی و سیاسییەی کە دەڵێت: (ناسـیۆنالیزم، نەتـەوە و دەوڵـەت نەتەوەش دروست دەکات، واتە بێدارکردنەوەی نەتەوە نییە بۆ هەستکردن بـە بـوونی خۆی، بگرە ناسیۆنالیزم نەتەوە دادەهێنێت لەو شوێنەدا کە نەتەوەیی تێدا نییە) [٧٣].
لێرەوە چ نەتەوە و چ دەوڵەت نەتـەوە و چ کۆمەڵگـە سیاسـییەکانیش دروسـتبونیان شتێکی سرووشتی و ئەزەلی و خـوداکرد نـیین، بگـرە دروسـتکراو و دەرهاویشـتەی هەلومەرجێکی مێژووی و کولتووری و کۆمەلآیەتی و بگرە ئاینی و دواجار سیاسین.
ناسیۆنالیزم دووپاتی دەکاتەوە کە یەکبونی نەتەوەیی پێویستە لـە ڕووی سیاسـییەوە سەر بە خۆبێت، دەبێت سنووری نەتـەوە و دەوڵـەت هـاوجووت بـن یـان دەخوازێـت کولتوور و شێوەی دەوڵەت هاوئاهەنگ و تـەبابن، بـۆ ئـەوەی کـەلتوور و کیـانێکی سیاسی پێکبهێنرێت. بەم واتایە ناسیۆنالیزم وەك سیسـتەمێکی هـزری و بزاڤێکـی سیاسی نەتەوە دروست دەکات [٧٤].
ئێستە ئەگەر لەژێر ڕۆشنایی ئەو باسـەی سـەرەوەدا کـە ئاماژەمـان پـێ دا بـۆ چەمکی ناسیۆنالیزم بمانەوێ سەرنجێ لە ناسیۆنالیزمی کوردی بدەین و بیخوێنینەوە دەگەین بەو ڕاستییەی کە ناسیۆنالیزمی کوردی، بە لێکدانەوەی لایەنی سیاسـی و

---

(٧٣) هاوژین مەلا ئەمین، ناسیۆنالیزم و ئازادی و تاکەکەس، گۆڤاری ڕۆشنگەری، لە بلاوکراوەکانی نێوەندی ڕۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری و سیاسی، ژمارە(٢٦)، ل ٦٣.
(٧٤) ڕەفیق سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

کۆمەڵایەتی و هزری و کولتوورییەکانی بۆ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتی ژێردەستە و نیشتمان داگیرکراوی وەك نەتەوەیی کورد نەك هەر نرخ و بایەخی مێژووی گەورەی هەیە، بگرە ئەوەشمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ناسیۆنالیزمی کوردی تا چ ئاستێك لەژێر هەڕەشە و پەلاماردان دابووە [(٧٥)]. ناسیۆنالیزمی کوردی نوێنەری کولتوورێکی تایبەتە. کۆمەڵێك ئامانجی هاوبەش و ڕواڵەتی لێکچووی هەیە، لە هەمانکاتدا لە هەر بەشێکی کوردستان دا بە جۆرێ ڕەوش و تایبەتمەندیی خۆی وەرگرتووە، کە ناتواندرێت بە بەشێك یان تەواوکەری بزاڤی بەشێکی دیکەی دابنرێت [(٧٦)]. بۆ نموونە ناسیۆنالیزمی کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم ولە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی دا وەك کاردانەوە بەرامبەر دەسەڵاتی ناسیۆنالیستی تورك دەرکەوت، بەڵام ناسیۆنالیزمی کورد، بە پێچەوانەی ناسیۆنالیزمی تورك و فارس و عارەب، دەرفەتی ئەوەی بۆ نەڕەخساوە پرۆژەی ناسیۆنالیزمی خۆی لە بیر و ئایدیاوە بگۆڕێت بۆ کەتوار، لە جیاتی ئەوە وڵاتە کۆلۆنیالە سەرکەوتووەکانی یەکەمین جەنگی جیهانی وڵاتەکەیان دابەشکرد، ناسیۆنالیزمی کورد بەر پەلامارێکی گەورەی دەوڵەتی ناسیۆنالی نەتەوە سەردەستەکانی کوردستان کەوت، ئیدی وەك ناسیۆنالیزمێکی پەلاماردرا و ژێر دەستەکراو، کە نوێنەری کولتوورێکی داپلۆسێنراو، لە حاڵەتی داکۆکی لەخۆکردندا مایەوە، بە واتایەکی دی تا ئێستەش شەڕی ناسیۆنالیزمی کورد، پێش هەرشتێك، شەڕی خۆپاراستنە [(٧٧)].لێرەدا ئەگەر هەڵوێستەیەك لەسەر ناسیۆنالیزمی کورد بکەین هەست دەکەین کەوا ناسیۆنالیزمی کورد هەر لە ساتەوەختی

---

(٧٥) جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ١١.

(٧٦) ڕەفیق سابیر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٣.

(٧٧) هەمان سەرچاوەولاپەڕەی پێشوو.

سەرهەڵدانییەوە تاکو ئێستە کۆمەڵێ ئاریشەی تایبەت بە خۆی هەبووە، دیارە دەتوانیین بڵێین کە بەشێ لەو قەیران و ئاریشانە لەسەر ئاستی ناوچەکەدا گشتین و تەنیا پێوەست نین بە ناسیۆنالیزمی کورد، بگرە گرفتی زۆرێ لە ناسیۆنالیزمی گەلانی دیکەی ناوچەکەشە، واتە گرفتی ناسیۆنالیزمە لە پێوەندی بە کولتوور و شارستانییەتی ناوچەکە و ئیسلام و ئەو ناوەڕۆکە هزرییەی کە هەڵیانگرتووە لەگەڵ دەوڵەتی دوای کۆلۆنیالێزم، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نوێنەری ناسیۆنالیزمێکی ترە واتە کۆلۆنیالێزم دروستی کردوە یاخوود پاشماوەیەکی لاوازی شەڕەکان و دابەشکردنەوەی سیاسی و جوگرافی وڵاتانی ناوچەکەیە (٧٨).
پاشان ئەگەر بمانەوێت باسێك لە مێژووی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم بکەین لەناو کورد دا دەبینێین جیاوازی بیروڕا هەیە لەسەر دیارکردنی مێژووی سەرهەڵدانی ئەم بیرۆکەیە لە کۆمەڵگەی کوردی دا. کە هەندێك پێیان وایە سەرەتاکانی بیری نەتەوەیی کودی بۆ سەدەکانی شازدە و حەڤدەی زاینی دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە ئاماژە بە هەوڵەکانی نووسینەوەی مێژووی کوردی دەکەن و ڕاستەوخۆش باس لە کتێبی (شەرەفنامە)ی شەرەفخانی بەلیسی ١٥٤٣ – ١٦٠٤ دەکەن، بەڵام لە لایەکی دیکەوە نیمچە کۆدەنگییەك لە نێوەندە ڕۆشنبیرییەکان دا پەیدابووە کە شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوللای نەهری لە ساڵی (١٨٨١) بە سەرەتای چەکەرەکردن و سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی دا دەنرێت، چونکە ئەدەبیاتی شۆڕشەکە بە شێوەیەکی سەرەتایی چەمکە ناسیۆنالیستەکانی نەتەوە و جیاوازبوون بەکاردەهێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێبەرایەتی شۆڕش بۆ پاساودان و رەوایەلێدان بەو تێکۆشانەی دەستیان دابوویە و ئەو ئامانجانەی هەڵیان گرتبوو بەتایبەتیش خودی شێخ عوبەیدوللای

(٧٨) ئەبوبەکر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٢٩ .

نــەهری کــە ڕۆڵــی ســـەرکردەیەکی ڕەمـــزی دەبینـــی، بیرۆکـــەی جیاوازبوونیـــان هێنابووەکایەوە، هەروەها باســی ســەربەخۆیی کوردســتانیش یــاخوود کۆکردنــەوەی کوردەکان لەژێر دەسەڵاتێکی کوردی دا لە بەرنامەی شۆڕش دا بوو (٧٩).

بەم شێوەیە ناسیۆنالیزمی کوردی قۆناخ بەقۆناخ لە چەند ڕەهەندێکەوە بــە بنــەمای جۆراوجــۆرەوە بــەناو چــین وتوێــژەکانی کۆمەڵگــەی کوردیــدا ڕۆدەچــێت و خــۆی دەچەسپێنێت، لەسەرەتای سەدەی بیستەمیشدا ناســیۆنالیزمی کــوردی زیــاتر خــۆی ڕێکدەخات و لەو پێناوەشدا چەندین پارتی سیاسی و ڕێکخراوی پیشەیی تایبەت بــە قوتابیان و مامۆستایان و ئافرەتان و پیشە جۆربەجۆرەکانی دیکە پێك دەهێنرێن و لە زۆرینەی شارەکانی کوردستان دا بڵاو دەبنەوە و تاکی کوردی لە خۆیان کۆدەکەنەوە.

ناسیۆنالیزمی کوردی وەك ناسیۆنالیزمی هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان خــاوەنی کۆمەڵێك خواست و ئامانجی نەتەوەیی تایبەت بە خۆی بــووە. بــۆ ئــەم مەبەســتەش کۆمەڵێك هۆکارهەبوونە کە ڕێگــە خۆشــکەربوون بــۆ گەشەســەندنی ناســیۆنالیزمی کوردی کەلێرەدا بەشێوەیەکی کورت ئاماژەیان پێدەدەین:

١. ڕەوشی کولتووری کورد، بەو پێیەی کە ناسیۆنالیزمی کورد بەرهەم و میراتگــر و نوێنەری ئەم کولتوورەیە (٨٠). لێرەدا مەبەستمان لە کەلتوور سەرجەم ئــەو بەرهــەم و ئەنجامە مێژوویانەیە کە کۆمەڵێکی دیارکراو لە مێژووی خۆیاندا هێناویانەتە بەرهەم لە زمان و بیر و ئەدەب و هونەر و میراتی فۆلکلۆری و بابەتە تیۆری و زانستیەکان و دابونەریت. کەلتوور بەشێکە لە کەسایەتی و ناسنامەیەك کــە کۆمــەڵ بەگشــتیی و مرۆڤەکانی بەتایبەتی خۆیانی لەوی دی پێ جیا دەکەنەوە،

---

(٧٩) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر مێژووی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی، بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠ – ٣٣ و ڕەفیق سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣ – ٧٠.

(٨٠) ڕەفیق سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣.

نەتەوەیی کوردیش بە هۆی ئەو کەلتوورەیەوە توانیویەتی بوونی خۆی وەك گرووپێکی ئێتنیکی جیاواز لە تورك و عارەب و فارس، بپارێزێت و ناسیۆنالیزمی خۆی لەسەر بونیاد بنێ.

٢. سیاسەتی ستەمکارانە و ستەمی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردیان بە سەردا دابەشکراوە، یەکێکی دیکەیە لەو هۆکارانەی کە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی، بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی شۆڕش و ڕاپەڕینە کوردییەکان بدەین ئەم هۆکارەمان بەڕوونی بەرچاو دەکەوێت، بۆیە ئەگەر سەرەتاکانی ناسیۆنالیزمی کوردیش بگێڕینەوە بۆ شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری دەتوانین بڵێین ئەو ناسیۆنالیزمە کاردانەوە بووە بە ڕووی بزوتنەوەی ناوەندچێتی و داتەپینی دەسەڵات و چەوساندنەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی (٨١).

بۆیە لێرەدا ئەم خاڵە کە ستەمکاری بووە بەرامبەر بە گەلی کورد هۆکاری چەکەرەکردنی ناسیۆنالیزمی کورد بووە وەك کاردانەوەیەك بەڕووی ناسیۆنالیزمەکانی دیکەی ناوچەکە .

٣. ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری کوردی لە برەودان بە ناسیۆنالیزمی کوردی. دیارە بێگومان ڕۆژنامەگەری ڕۆڵێکی دیاری هەیە لە بڵاوکردنەوە و برەودان بە هەستی نەتەوەیی و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی تاك و گۆڕانکاریی لە کۆمەڵگە، ڕوژنامەگەری کوردی سەرەتا لەبەر ئەم مەبەستانە و بۆ تەواوکردنی خەباتی نەتەوەیی سەری هەڵداوە، لەبەر ئەوە ئەگەر سەیری ڕۆژنامەی کوردی بکەین کە لە (٢٢ نیسانی ١٨٩٨) لە لایەن بنەماڵەی بەدرخانییەکان دەرکرا بەناوی (کوردستان) پتر گرینگی بەلایەنی ڕۆشنبیریی و زانست دەدا، دواتر لایەنەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەخۆگرت. بەشێوەیەکی گشتیی ڕەوتی ڕۆژنامەگەری کوردی لە پەروەردەکردنی تاك و کولتووری کوردی گرینگی

---

(٨١) ئەبوبەکر عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣١. و ڕەفیق سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣-٤٥.

خۆی هەبووە و دەستی باڵای هەبووە لە بزواندنی بیر و هۆشی نەتەوایەتی کوردی لای تاکی کورد و ڕواندنی هەستی ناسیۆنالیزمی لە ناخی تاکەکان دا.

وەك ئەنجامگیرییەك بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی لەژێر ڕۆشنای ئەو باسەی سەرەوەدا و ئەو بارودۆخەی کە ناسیۆنالیزمی کوردی تیایدا سەریهەڵداوە، دەکرێ بڵێین ئەو ناسیۆنالیزمەی کەلای تاکی کوردی هەیە لەسەر سۆز و ئیش دەکات، تاکو ئێستەش دیدێکی مەعریفی قووڵمان نییە بۆ ناسیۆنالیزم، ناسیۆنالیزم نە بۆتە کایە و بابەتێکی هزری و تیۆری وا کە بتوانێت پێوەر بداتە دەست هاووڵاتی و کۆمەڵگە بۆ دادوەریکردن لەبارەی سیاسەت و دروشم و گوتار و نەخشەکان، ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕووی مێژووییەوە تەمەنی لە ناسیۆنالیزمەکانی دیکەی ناوچەکە کەمتر نییە، بەڵام لەبەر سرووشتی کۆمەڵگەی کوردی و دابەشبوونی کوردستان و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و بەئاکام نەگەیشتنی بزوتنەوە نەتەوەیەکە و دروستنەکردنی دەوڵەت، و لەبەرچەندین هۆکاری تر ناسیۆنالیزمی کوردی نەیتوانیوە لە هەندێ ڕووەوە ناوەڕۆکی سرووشتی خۆی پەیدا بکات و ئەرکەکانی بە جوانی ڕاپەڕینێ[82]. بۆیە ناسیۆنالیزمی کوردی لەژێر جەبری کەتوارەکەدا خۆی لە ناسیۆنالیزمێکی ڕزگاریخوازانەدا دەبینێتەوە چونکە داواکاری نەتەوەیی دوورمەودا لە ئامانج لەلایەك و ڕیشەی ئەم ناسیۆنالیزمە لە لایەکی دیکەوە برێتییە لە ڕزگاری و سەربەخۆیی.

لەپاڵ ناسیۆنالیزم فاکتەری دیکەی وەك ئاین و دابونەریت ڕۆڵ و کاریگەرییان هەیە بە سەر کۆمەڵگەوە، بەتایبەتی کۆمەڵگەیەکی وەك کۆمەڵگەی کوردی، بەڵام هەریەکەیان بەڕێژەی جیاواز ئەو کاریگەریە دروست دەکەن، لە تۆژینەوەیەکی لەم شێوەیەشدا ناکرێت باس لە کۆی هەموو ئەو لایەنانە بکرێت، بۆیە تەنیا جەختمان لەسەر ناسیۆنالیزم کردۆتەوە.

---

(٨٢) ئەبوبەکر عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٩.

(٢.١.٣) سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان:

لێرەدا دەمانەوێت تیشکێك بخەینە سەر سیستەمی سیاسی (سیستەمی فەرمانڕەوای) لە هەرێمی کوردستان. بۆ ئەوەی بزانین چ جۆرە سیستەمێك لە هەرێمی کوردستان پێڕەو دەکرێت؟ تاوەکو لەو گۆشەنیگایەوە پێوەندی هاوولاتییان لەگەڵ ئەو دەسەلاتە شرۆڤە بکەین. دیارە لە هەموو ولاتێکی دنیادا سیستەمێکی حوکمڕانی هەیە کە پێڕەوی لێ دەکرێت، سیستەمی حوکمڕانیش برێتییە لەو ڕیوشوێنەی کە ژیانی سیاسی ولاتی پێ بەڕێوە دەبرێ. لە هەرێمی کوردستانیدا ئەوەی جێگەی ئاماژە پێدان بێت لە دوای ئەو ڕووداوە یەك لە دوای یەکانەی کە ڕوویان دا، سەرەنجام لە دوای ڕاپەڕینەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ گەلی کوردستانی باشوور. پارتە سیاسییەکان لە کوردستان هەرهەموو لەسەر ئەوە کۆکبوون سیستەمی دیموکراتی سیستەمی ژیانی کوردستانی ئازاد بێت، بگرە بە درێژای خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستانیش دیموکراتی هەمیشە بە ئامانج گیراوە و لە بەرنامەکان دا تێکستی لەسەرکراوە [٨٣].

سەرەنجام لە بەرواری ١٩٩٢/٥/١٩ هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری لە کوردستان دا ئەنجام درا بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عێراق. لەگەڵ ڕابەری بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان، کە نێزیکەی یەك ملیۆن دەنگدەر بەشدارییان لەم هەڵبژادنەدا کرد، سەرەڕای ئەوەی کە بەهەڵبژاردنێکی سەرکەوتوو لە قەڵەم درا لەگەڵ ئەوەشدا تاقیکردنەوەیەکی دیموکراتی بوو بۆ خەڵکی کوردستان، کە بۆ یەکەمجار بوو لە کوردستان پرۆسەیەکی لەم شێوەیە بەڕێوە بچێ و ئەنجام بدرێ [٨٤]. بەم شێوەیە لەدوای پرۆسەی هەڵبژاردن سەرباری ئەوەی کە بەرئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنە گرژی و نائارامییەکی خستە

---

(٨٣) ڕزگار محەمد قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣.

(٨٤) چنار سەعد عەبدوللا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٩ .

نێو ڕیزی حزبە بەشداربووەکان، بەڵام لە پێناو پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد، هەروەها بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین، لایەنەکان دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر و ئەنجامدانی چەندین کۆبوونەوە ڕازیبوون بە بە پەرلەمانێکی پەنجا بە پەنجا.

بەم جۆرە پەرلەمانی کوردستان دوای هەڵبژاردن یەکەم دانیشتنی خۆی لە (١٤ی حوزەیرانی ١٩٩٢) گرێدا، و پاش مانگێکی تەواو دەستەی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان پێك هێنرا و حکوومەت هەڵبژێردراو دەستی بەکارەکانی خۆی کرد [٨٥].

بەم شێوەیە هەرێمی کوردستان یەکەیەکی سیاسیی دامەزراند کە خاوەن ڕەوایەتی بوو لەبەرئەوەی لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی خەڵکی کوردستانەوە هەڵبژێردرا.

ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە سیستەمی فەرمانڕەوای (سیستەمی سیاسی) لە کوردستان برێتییە لە سیستەمی پەرلەمانی وەك لە مادەی یەکەم لە بنەما سەرەکییەکان لە (پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ـ عێراق) دا هاتووە کە دەڵێ: (کوردستان ـ عێراق هەرێمێکە لە نێوان دەوڵەتی عێراقی فیدراڵیدا، سیستەمە سیاسییەکەی پەرلەمانی، کۆماری و دیموکراتییە و پشت بە فرەلایەنی سیاسی و بنەمای لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دەستاو دەستکردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی گشتیی ڕاستەوخۆی نهێنی و دەورییەوە دەبەستێ) [٨٦]. پاش باسکردنی سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، دەمانەوێت تیشکێك بخەینە سەر پێوەندیی نێوان هاووڵاتی و دەسەڵات لە کوردستان، هەوڵ دەدەین ڕێچکە و ڕێبازێکی زانستی و ئەکادیمی بگرین لە دوو لایەنەوە باسی بکەین، پێوەندیی یاسایی نێوان هاووڵاتی و دەسەڵات لە لایەك و پێوەندی سیاسی نێوان هاووڵاتی و دەسەڵات لە لایەکی دیکەوە.

---

(٨٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨١ .

(٨٦) وەرگیراوە لە: پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستانی ـ عێراق، لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بەم ناونیشانە: http:// www.perleman.org ٢٠١٠/٤/٣ .

(١.٢.١.٣) پێوەندی یاسای نێوان هاووڵاتی و دەسەڵات لە کوردستان:

لە دیارکردنی پێوەندیی یاسایی نێوان هاووڵاتی و دەسەڵات لە کوردستان دا دەمانەوێت لە ڕێگەیەکی دەستوورییەوە لە بابەتەکە بدوێین کە تیایدا هاووڵاتی بە حکوومەت و دەسەڵات دەبەسترێتەوە لە ڕێگەی دیارکردنی ماف و ئەرکەکان کە لە دەستووردا هاتووە .

دەروازەی دووەم لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان باس لە مافە سەرەکییەکان دەکات پێکهاتووە لە ٢١ مادە، (مادە ١٨ تا ٣٨) و دابەشکراوە بەسەر چوار بەشدا، لە بەشی یەکەم دا باس لە مافە مافە شارستانی و سیاسییەکان کراوە لە (مادە ١٨ تا ٢٢) کە تیایدا هاتووە دەبێ شکۆمەندی تاکەکانی نێو ئەم هەرێمە پارێزراو بێت و لە هەمانکاتدا هەموو کەس مافی ژیان و ئازادی هەیە و هیچ کەسێك ناتوانێ لێی بێبەش بکات یان لێی بەر تەسك بکاتەوە، هەموو کەس مافی ئازادی کۆبوونەوە و پێکهێنانی کۆمەڵە و یەکێتیەکانی هەیە و تاکەکان ئازادن لە بەشداریکردن و بوون بە ئەندام لە ڕێکخراو و پارتە سیاسییەکان، هەروەها لە مادە ٢٠ دا هاتووە کە هەموو کەس بەرامبەر یاسا یەکسانە و هەموو چەشنە جیاکارییەك لەسەر بناخەی نەژاد، ڕەنگ، ڕەگەز، زمان، ئاین، و ... هتد قەدەخەیە.

لە بەشی دووەمی هەمان دەروازەدا باس لە مافە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان دەکات لە مادە ٢٣ تا ٢٨ کە تیایدا هاتووە کە هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە ئاستێکی گوزەرانی بەرز و تەواوی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە سەربەرزانە بژی، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو کەس مافی بیمەی کۆمەڵایەتی هەیە بەبێ جیاوازی.

بەشی سێیەم لە دەروازەی دووەم لە (مافە سەرەکییەکان)ی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، تەرخانکراوە بۆ مافە نەتەوەیی و ئاینییەکانی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق کە لە (مادە ٢٩ تا٣٦) دەگرێتەوە جەختکراوەتەوە لەوەی کە هەموو ئەو کەسانەی سەر بەیەکێك لە پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانن مافی ئەوەیان هەیە بەناوی خۆیانەوە بە فەرمی بناسرێن، سەوداییان لەگەڵ بکرێت، هەروەها دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان دەبێ بنەمای یەکسانی کارا دەستەبەر بکات و کاربکەن بۆ بەدیهێنانیان لە نێوان

خەڵکانی سەر بە پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینە جیاوازەکان، کەشێکی پێکـەوەژیانی ئاشـتییانە فەراهەم بکەن. هەرچی بەشی چوارەمی ئەم دەروازەشە تایبەتکراوە بۆ ڕێکەوتن و پەیماننامە و یاسا نێودەوڵەتییەکان کە (مادەی ٣٧و٣٨) لەخۆدەگرێت، تیایدا هاتووە کە هەر کەسـێك مافی خۆیـەتی کـەڵك لـەو مافانـەش وەربگرێـت کـە لـە ڕێککەوتننامـە و پەیماننامـە و بەڵێننامە و جاڕنامە نێودەوڵەتییەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤەوە هـاتوون)[٨٧] ئەمانـەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێـدا بـریتی بـوون لـەو مـادە دەسـتوورییانەی کـە لـە (پـڕۆژەی دەستووری هـەرێمی کوردسـتان ــ عـیراق) دا هـاتووە سـەبارەت بـە مـاف و ئەرکـەکانی هاووڵاتییان لە هەرێمی کوردستان و ڕێکخستنی پێوەندییە یاسایەکانی نێوان هاووڵاتییـان و دەسەڵات لە کوردستان.

(٢.٢.١.٣) پێوەندی سیاسی نێوان هاووڵاتی و دەسەڵات لە کوردستان

لەنێو ئـەم پێوەندییـە سیاسـییەدا بەشـداری سیاسـیمان هەڵبـژاردووە، کـە باسـی لێوەبکەین، چونکە لە ڕێگەی بەشـداریکردنی سیاسـی هاووڵاتییانـەوە بـە هـەموو شێوازە جۆربەجۆرەکانیەوە ئەم پێوەندییە سیاسییە لە نێـوان هـاووڵاتی و دەسـەڵاتدا دێتەبوون، بۆیە هەوڵمان داوە وەڵامی ئەم پرسیارانە بخەینـە ڕوو. بەشـداری سیاسـی چییە؟ ئاستەکانی بەشداری سیاسی چییە؟ کەناڵەکانی بەشداری سیاسـی کامانـەن؟. پاشان تیشکێك دەخەینە سەر ئەم پێوەندییە (پێوەنـدی سیاسـی نێـوان هـاووڵاتی و دەسەڵات) لە کوردستان .
توخمی بەشداریکردن بەشێکی هەرە گرینگـی پرۆسـەی دیموکراتییـە بـە هـەموو واتاکانیـەوە لـە هەمانکاتـدا توخمێکـە لـە توخمـەکانی هـاووڵاتیبوون (مـافی

---

(٨٧) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە و ڕوونکردنەوەی زیاتر لەبارەیەوە، بڕوانە: پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ـ عێراق، بەگشتی و دەروازەی دووەم (مافە سەرەکییەکان) بەتایبەتی، ل ١٢ تا ٢٧.

هاوولاتی)، له گەڵ ئەوەشدا پێوەندییەکانی بەشداری سیاسی بە دیموکراتییەوە پێوەندییەکی بەڵگەنەویستە، چونکە دیموکراتی بەجۆرێك لە جۆرەکان واتای هەمەلایەن دەگەیەنێ کە بە ئەندامانی کۆمەڵ دەدرێت تاوەکو بە ئازادی بەشداری بکەن لەو بڕیارانەی کە پێوەستن بەبوارەکان ژیانیان، ئامانجی هەرە گەورەی کۆمەڵگەی دیموکراتی ئەوەیە بەشداری هاوولاتییان لە پرۆسەی سیاسی ولات فرەوان بکات، بەهۆی ئەمەشەوە کۆنترۆڵی میللی و جەماوەری بۆ فەرمانڕوا سیاسییەکان زیاتر دەکات، هەر ئەوەشە جیاوازی نێوان هەرە گەورەی نێوان کۆمەڵگەی دیکتاتۆری و کۆمەڵگەی دیموکراتی [٨٨].

لێرەدا دەبینین پێوەندییەکی دوولایەنە هەیە لە نێوان دیموکراتی و بەشداری هاوولاتیان، بە جۆرێك سیستەمی دیموکرات ڕێگە خۆش دەکات کە تاکەکان بەشداری کارایان هەبێت لە کۆی گشتیی پرسە جۆربەجۆرەکان، لە لایەکی دیکەیشەوە بەشداری زیاتری هاوولاتییان و بەدەمەوەهاتنی هاوولاتیان بۆ پرسە هەنوکەیەکان سیماکانی دیموکراتی قوولتر دەکات، پاشان ئەگەر باسێك لە خودی بەشداری سیاسی بکەین، دەبینینن شیکردنەوەی زۆری بۆکراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی بەشداری سیاسی (واتای ئەو پرۆسەیەیە کە تاك لە ڕێگەیەوە ڕۆڵی دەبێت لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگەکەی و چانسێکی بۆ هەڵدەکەوێ تاکو بەشداری لە گفتوگۆی ئامانجە گشتیەکانی کۆمەڵگەکەی بکات و باشترین ڕێگە بۆ جێبەجێکردنیان دیاری بکات) [٨٩]. هەر یەکە لە "ساموێل هانتنگتۆن و نیلسۆن" بەم شێوەیە پێناسەی بەشداری سیاسی دەکەن (ئەو چالاکییەیە کەوا کۆمەڵێك هاوولاتی دیاری کراو ئەنجامی دەدەن بە مەبەستی کاریگەری دانان لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری

---

(٨٨) ڕزگار محەمد قادر ، سەرچاەی پێشوو ، ل ٢٤٢.

(٨٩) عوسمان عەلی حسن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٨ — ٩٩.

حوكميدا) [٩٠]. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە بەشـداری سیاسـی گرینگییەکـەی لـە ڕادەی ئەو کاریگەرییەوە خۆی دەبینێتەوە کە هەیەتی بۆ سەر ژیانی سیاسی وڵات. بەشداری سیاسی زۆر و کەم لە هـەموو کۆمەڵگەکانـدا بەرچـاو دەکـەوێت، بـەڵام و شێوەی ئەم بەشداریکردنە لە هەموو کۆمەڵگەکاندا وەك یەك نییە، هەموو تاکـەکان وەك پێویست خەریکی چالاکی سیاسـی نـین و بەشـداری هاووڵاتیـان لـە کاروبـاری سیاسییدا نابەرامبەرە و کاریگەری تاکـەکان و گرووپـەکانیش لـە پرۆسـەی واقعـی بڕیاردانی سیاسییدا جیاوازە.

ئاستەکانی بەشداری سیاسی: ئاستەکانی بەشداری سیاسـی لـە چـەند شـێوەیەکی سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە کە لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دی و لە کاتێکەوە بـۆ کاتێکی دیکە جیاوازە، کە بەشێوەیەکی گشتیی بارودۆخ و ڕادەی بەشداری سیاسی و خولیای هاووڵاتی بۆ بەشداری لە کاری گشتیی، کاری تێدەکات.

ئاستی یەکەم : ئاستی بەرزی بەشداریکردن (ئەوانەی پۆستی سیاسی بەڕێوەدەبەن): ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە پرۆسەی وەرگرتنی بڕیاری سیاسییان بە دەستە و کار لە ژیانی کۆمەڵگە و پێوەندییەکانی دەرەوەیان دەکەن، ئەم ئاستە ئەوانە دەگرێتەوە کە هەندێ لـەم مەرجانـەی تیادایـە وەك (ئەنـدامێتی لـە پـارتێکی سیاسـی، خۆبەخشـی بـۆ ڕێکخراوێك یان پاڵێوراوێـك، ئامـادە و بەشـداری لـە کۆبوونـەوە سیاسـییەکان بـە بەردەوامی، بەشداری لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و... هتد)

ئاستی دووەم: ئەوانەی گرینگی و بایەخ بە چالاکییە سیاسییەکان دەدەن: ئەوانە دەگرێتەوە کە بەشێوەیەکی گشتیی بایەخ دەدەن بە هەموو ئەو ڕووداوانـەی کـە لـە

(٩٠) ڕابەر تەلعەت، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١.

گۆڕەپانی سیاسییدا ڕوودەدات و بەدواداچوونی بۆ دەکەن، وەك بەشداری لە دەنگدان لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردن.

ئاستی سیٚ یەم : خۆپارێزەکان لە کاری سیاسی: هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لە کاری سیاسییدا خۆیان دەپارێزن و گرینگی بەکاری سیاسی نادەن و هیچ مەیلێکیان نییە بۆ پرۆسە سیاسییەکان و هیچ کات و داهاتێکیش بۆ ئەم مەبەستە تەرخان ناکەن ئەگەرچی لەوانەیە هەندێکیان بەشێوەیەك لە شێوەکان ناچار بن لە کاتی تەنگژەکان یان هەستکردن بەوەی بەرژەوەندییەکانیان هەڕەشە و مەترسی لەسەرە بەژداری بکەن لە پرۆسە سیاسییەکان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر.

ئاستی چوارەم: توندڕۆییە سیاسییەکان: ئەوانەی لە دەرەوەی چوارچێوەی کاری ڕەوادا کار دەکەن و پەنا دەبەنەبەر شێوازی توندوتیژی، هەموو ئەمانە هەستێکی دوژمنکارانەیان بەرامبەر کۆمەڵگە بە شێوەیەکی گشتیی و بەرامبەر بە سیستەمی سیاسی بە شێوەیەکی تایبەتی هەیە، ئەمانەش زیاتر لە دوو بەش پێك دێن بەشێکیان هیچ گویٚ بە پرۆسەی سیاسی نادەن و دەچنە خانەی گرووپی پەراوێزبووەکان، بەشەکەی دیکەش بەشداری دەکەن لەسەر بنەمای توندوتیژی، هەموو جۆرە ڕێگەیەکی توند و تیژی دەگرنەبەر لە دژی سیتەمی سیاسی [91].

بە شێوەیەکی گشتیی ئاستەکانی بەشداری سیاسی خۆی لەم چوار ئاستەدا دەبینێتەوە کە ئاماژەمان پێدا.

ڕێگە و کەناڵەکانی بەشداری سیاسی: سەبارەت بە کەناڵەکانی بەشداری سیاسی دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشی بکەین:

---

(٩١) د.السيد عليوه و د. منى محمود، المشاركه السياسيه، منشور عەلى الانترنيت في الموقع التالي : http:// www.dctcrs.org ، ٢٠١٠/٤/٣.

١. بەشداری لـە ڕێگـەی دامودەزگـە و دامـەزراوە فەرمیـەکان : مەبەسـت لـەم بەشداریکردنە، ئەوەیە کە تاك ڕۆڵ و پلە و پایەی کـارگێڕی و بیرۆکراسـی جیاجیـای دەبێت لەنێو دامو دەزگەکانی حکوومەت و دەوڵەت دا.

٢. بەشداریکردن لە ڕێگەی حزبە سیاسییەکان: حزب وەك ڕێکخراوێکـی سیاسـی و کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێت لە دروستکردنی پێوەندیی لە نێوان دەسـەڵات و ئەو هاووڵاتییانەی کە خوازیاری بەشداریکردنن لە سیاسەتدا.

٣. **بەشداریکردن لە ڕێگەی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی:** ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی، یەکێك لە ئەرکەکانیان ئەوەیە کە ببنە مایەی چێکردنی پردی گفتوگۆ لە نێوان دەسەڵات و هاووڵاتیاندا، لێرەشەوە دەرگەیەك دەکاتەوە بەڕووی تاکەکانی کۆمەڵگەدا بۆ بەشداریکردن لە کایە جۆربەجۆرەکان.

١. بەشداریکردن لە ڕێگەی دەنگدان لە کاتی هەڵبژاردن: ئەم جۆرە بەشـداریکردنە نزمترین ئاستی بەشداری تاکەکانە لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگە دا، کـە لـە ڕێگـەی چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدانەوە دەبێت لە ماوەی چەند ساڵێکدا.

٢. بەشداریکردن لە ڕێگەی ڕاپرسی: ئەمەش جۆرێکە لە بەشـداریکردنی سیاسـی، کـە سیستەمە دیموکراتییەکان پێڕەوی دەکەن، بەر لە دەرکردن و جێبەجێکردنی یاسـایەك یـان دەرکردنی بڕیارێکی چارەنووسساز، بیروڕای خەڵکی وەردەگرن.

٣. بەشداریکردن لە ڕێگەی گرووپەکانی پاڵەپەستۆ: یەکێکی دیکە لـە ڕێگـەکانی بەشداریکردن، کە هاووڵاتییان دوای ئـەوەی کـە هیوایـان بـە کەناڵـە فەرمییـەکان نامێنێت تا لـە ڕێگەیـەوە بـە ئامـانج و خواسـتەکانیان بگـەن، پـەنا دەبەنـە بـەر

دروستکردنی گرووپی جیاجیای فشار، تا لەو ڕێگەیەوە زۆر بۆ حکوومــەت و لایەنــە فەرمییەکان بهێنن تا بەدەنگ خواستەکانیانەوە بچن [٩٢].

لەژێر ڕۆشنایی ئەو باسەی سەرەوەدا، ئەگەر تیشکێك بخەینە سەر بەشداری سیاســی لای تاکی کورد لە کۆمەڵگەی کوردیدا تێبینی ئەوە دەکەین، بەشــداری هاوولاتیــان بۆ پرسە سیاسییەکان لە ئاستێکی بەرز و پێویستدا نییــە، هەرچــەندە لــە دەروازەی دووەمی تۆژینەوەکەمان کە تایبەتەبەلایەنی مەیدانی زیاتر ئەم ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، بەشداری سیاسی لای تاکی کورد دەتوانین بڵێین لە ئاستی دووەم و ئاســتی سێیەمدا ، کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەشداری کردنەکەیشــیان زیاتر لە ڕێگەی ئەم دوو کەناڵەوەیە.

یەکەم، بەشداریکردن لــە ڕێگــەی حزبــە سیاســییەکان، بــەو پێیــەی کــە حــزب لــە کۆمەڵگــەی کــوردی دا لــە زۆرینــەی بوارەکــانی ژیــانی تاکەکانــدا بــوونی هەیــە و کاریگەری خۆی بە جێ دەهێڵێ لەسەریان، و پانتاییەکی فرەوانیان داگیرکردوە.

دووەم، بەشداریکردن لە ڕێگــەی دەنگــدان لــە کــاتی هەڵبــژاردن. کــە ئەمــەش ئاستێکی نزمی بەشداریکردنە، زۆرینەی تاکی کورد لــە کــاتی هەڵبژادنەکانــدا پراکتیزەی ئەم دۆخەکە دەکەن.

(٢.٣) کورد و ڕۆشنبیریی سیاسی:

دیارە بێگومان ئەگەر لە ولاتانی ڕۆژئــاوا بەگشــتیی و لــە ولاتێکــی وەك فەرەنســادا بــە تایبــەتی ســەرهەڵدان و دروســتبونی ڕۆشــنبیریی بــە لایەنــە جۆربەجۆرەکانییــەوە وەکــو

(٩٢) ڕابەر تەڵعەت، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧ — ٦٨ و د.ئیبڕاهیم ئیبڕای، ئاست و شێوەکانی بەشداری سیاسیی، و: حیکمەت نامیق، گۆڤاری تۆژینەوە، لە لایەن (بنکەی تۆژینەوە) لە (دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی) دەردەچێت، هەولێر، ژمارە(٢)، ساڵی یەکەم، حوزەیرانی ٢٠٠٥، ل ٧٥-٧٩.

کێڵگەیەکی ئۆتۆنۆمی ڕۆشنبیران و هاوولاتییان بگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەهەم، ئەوە دەتوانیین بڵێین تا ئێستە کە سەدەی بیست و یەکە لە کوردستان دا، ڕۆشنبیریی بە هەموو لایەنەکانیەوە و لە نێوانیشیان دا ڕۆشنبیریی سیاسی، وەك کێڵگەیەکی سەربەخۆ و گەشەسەندو کە تۆوی سەرهەڵدانی تێدا چەکەرە بکات لەنێو پرۆسێسی بیناکردندایە و ئێستەشی لە گەڵدا بێت چوارچێوەکانی ئەم کێڵگەیە، فۆڕمەکانی، ستراتیژیەکانی، سیستەمی بنیاتنانی، بەتەواوی دانەمەزراوە [٩٣]، بەڵام ئەمەش واتای ئەوە ناگەیەنێت کە لە کوردستان دا ڕۆشنبیر وەك ئەکتەرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ڕۆشنبیریی وەك رووبەرێکی فرەوانی پێگە جیاوازەکان بوونیان نەبووە، لە ئێستەشدا بوونیان نییە، بگرە بە پێچەوانەوە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە تا ئێستە بەهۆی بەرفرەوانکردنی مەیدانی خوێندن و قوتابخانەکان، کردنەوە و گەشەکردنی زانکۆکان، کۆچکردن لە لادێوە بۆ شار، کۆچکردن لە نیشتمانەوە بۆ ڕۆژئاوا، سەرهەڵدانی چاپخانە و دەزگەکانی چاپ و بلاوکردنەوە و بە دەیان هۆکاری دیکەش بەشداری ڕاستەوخۆیان لە بیناکردنی ڕۆشنبیریی وەك ڕوبەربەری بەرهەمهێنانی مەعریفە جیاوازەکان و ڕۆشنبیر وەك ئەکتەرێکی خاوەن زانست دا کردووە [٩٤].

هاوکاتیش لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا، ڕۆشنبیرییەکی بێ تەنگژە نییە، ڕۆشنبیرییەکی بێ قەیران مردووە، چونکە ئەوە قەیرانە ناچارمان دەکات بهزرین

---

(٩٣) عادل باخەوان، ڕۆشنبیری سیاسیی و سیاسەتی ڕۆشنبیر، گۆڤاری ڕەهەند، گۆڤارێکی مانگانەی تیۆری کولتوورییە، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی، ژمارە(٢)، ٢٠١٠، ل ١٨.

(٩٤) هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

(بیربکەینەوە) و بجولێین، بۆ ئەوەی ئاسۆ تازەکان بدۆزینەوە. (٩٥) تاوەکو لە ڕێگەی بیرکردنەوەکانمانەوە پەی بە ڕاستییەکان بەرین.
ڕۆشنبیریی کوردیش بەدەر نییە لە کەموکوڕی و قەیران، یەکێك لەو گرفتە ڕۆژانەییانەی ڕووبەڕووی ڕۆشنبیریی کوردی دەبێتەوە برێتییە لە بەرجەستەکردن و تێکەڵکردنی چەمك و پێناسە هزرییە باوە جیهانییەکان (ڕۆژئاواییەکان) لەگەڵ کەتواری کولتووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیدا، کە حاڵەتێکە دەکرێ لێیەوە سستبوونی ڕۆشنبیریی کوردی ببینین (٩٦) هەڵبەتە ئەم دیاردەیەش کێشەیەکی بەرچاوە لە پانتایی ئەمڕۆی ڕۆشنبیریی کوردی دا بە تایبەتی لە دوای ڕاپەڕین، و کرانەوەی زیاتری کۆمەڵگەکان بە ڕووی سیستەمی نوێی جیهانی دا و لەژێر سایەی گلۆبالیزەیشن، ئەم گرفتەی کە باسمان لێوەکرد لەناو پانتایی ڕۆشنبیریی کوردی دا ئامادەیی هەیە و زیاتر بووە، بەجۆرێك سەرتاپای نووسینەکانمان بە کتێب و گۆڤار و بلاوکراوە ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، بگرە زمانحاڵی حزبەکانیش بەو "چەمك و پێناسە هزرییە باوە جیهانییانە"بارگاویکراون.
دیارە کۆپیکردنی هەمان ئەو هزرە و ئایدیایانەش بۆ کۆمەڵگەیەکی وەك کۆمەڵگەی کوردی کارێکی نەك هەر تەندروست نییە، بگرە قەیرانیشی لێ دەکەوێتەوە. بۆیە دەبینین ڕۆشنبیریی کوردی زادەی هەڵقولاوی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەکەی خۆی نییە و لەژێرکاریگەری کولتووری کۆمەڵگەکانی ناوچەکە لەلایەك و کولتووری ڕۆژئاوا لەلایەکی دیکەوە، بۆیە ئێمە تەنیا لەژێر دۆخی ژێردەستەی و دابەشبوونی سیاسی و جوگرافیدا ناژین، بگرە لە دۆخی لێکدابڕان و دابەشبوونی کولتووریشدا دەژین (٩٧).

---

(٩٥) هەندرێن، خامەیەکی ڕۆشنبیری لە پشت گوێی زمان، چاپی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری – بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١٦٧.

(٩٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧١.

(٩٧) ڕەفیق سابیر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦.

وەکو بەرئـەنجامێك بـۆ ئـەم تێڕوانینـەی سـەرەوە پـەی بـەو ڕاسـتییە دەبـەین کە"مرۆڤی کورد پێش هەر شتێك بەرهەمی ئەو کولتوورەیە کە لە ناوچەکەدایە یان لە بەشە کوردستانەکەیدا، هێنراوەتە بەرهـەم و بـە سیسـتەمی کولتـووریی ناوچەکەیەوە بەستراوەتەوە" [٩٨].

پاشان ئەگەر تیشکێك بخەینە سەر پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی لە کوردستاندا، کـە لەم ڕێگەیەوە زیاتر ڕۆشنبیریی سیاسی بڵاودەبێتەوە، دەبینین لە ماوەی چـەند سـاڵی ڕابردوودا بەتایبەت لەدوای نەوەدەکانەوە لە کوردستان، بە دۆخێکی دژوار و پـڕ لـە ناکۆکی و لێ کدژی دا تێپەڕ بووە، شەڕی ناوەخۆ لەگەڵ ئـەوەی زیـانێکی دارایـی و مرۆیـی زۆری لـێ کەوتـەوە دەسـەڵات و ئیـدارەی لـە کوردسـتان دابەشـکردو بەرئەنجامێکی ترسناکیشی لێکەوتەوە وەك دابەشکردنی دەزگە پەروەردەیی و زانستی و ئەکادیمیەکان، لەنێو ئەو کەشوهەوا سیاسییەی کە لە کوردستان دا دروست ببوو بە هەموو لایەکەوە تاکی کوردیـان ناچـارکرد، تـاکو بـەنێو پرۆسـەیەکی پێگەیانـدنی سیاسی تەواو دژ و ناکۆك دا گوزەر بکات، کە ئەو تاکە بە زەحمەت بتوانێت بـەها و ئەرزشە نەتەوەیی و حزبیەکان لێکدی جودا بکاتەوە و ببێت بە خـاوەنی هۆشـیاری و ڕۆشنبیرییەکی سیاسی ئەوتۆ کە خۆی بتوانێت ئاراستەی سیاسی و ئایدیۆلۆژیـەکانی خۆی دەستنیشان بکات [٩٩].

ئەو بارودۆخـەی کـە کوردسـتان سـاڵانێك پێیـدا تێپـەڕی، لەگـەڵ خۆیـدا تـرس و نیگەرانییەکی لە ناخی تاکەکاندا دروستکرد بەرامبەر بە حزبایەتی و دوور کەوتنەوە لە سیاسەت و پەراوێزخستن و گلەیی و گازندەی بەردەوام لە حزب و دەسەڵات

(٩٨) هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

(٩٩) ڕابەر تەڵعەت، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤.

کەنارگیری و خۆگرتن لەژیانی سیاسیشدا، لەنێو هەموو گرووپە کۆمەڵایەتیەکاندا ، لە بارو دۆخێکی تایبەتدا دروست دەبێت، ئەم بارودۆخەش هەروەکو باسمانکرد لە کاتی شەڕ و ئاژاوە و ناسەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی دا دێتە ئاراوە [١٠٠].
بۆیە دەبینین لە پێش ڕاپەڕین کۆمەڵێك پارتی سیاسی لە کوردستان دا هەبوو، دوای ڕاپەڕینیش ئەو پارتە سیاسیانە هاتنەوە ناو شارەکان و کاری سیاسیان لە کاری نهێنییەوە بۆ کاری ئاشکرایانە گۆڕا، لەگەڵ ئەوەشدا چەند پارتێکی سیاسی دیکە دروست بوون، بەڵام ئەوەی وایکرد ئەو پارتە سیاسیانەی کوردستان نەتوانن ئەو ڕۆڵە بگێڕن کە لە سایەی دیموکراتیدا لە پارتە سیاسییەکان چاوەڕوان دەکرێت، نەبوون یان لاوازی ئەو دوو مەرجە سەرەکییەیە، کە دەبێت لە پارتە سیاسییەکاندا بوونی هەبێت
یەکەم: باوەڕبوون بەدیموکراتی وەکو سیستەمی فەرمانڕەوایی لە کوردستان.
دووەم: پێڕەوکردنی دیموکراتی لە ژیانی ناوخۆی حزبدا [١٠١]، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر ژیانی سیاسی ئەم هەرێمە و تەنانەت ڕەنگدانەوەی لەسەر جەماوەری کوردستانیش هەبوو، ئەویش بە سازدان و پەروەردەکردن و ئامادەکردنیان لەسەر هەمان جۆری بیرکردنەوە کە لە ناخی پارتە سیاسییەکانی کوردستان دا چەکەرەیان کردبوو.
پێویستە هەر کەسێك لە بواری سیاسییدا کار بکات دەبێت پاشخانێکی ڕۆشنبیریی لەو بوارەدا هەبێت، ناگونجێت کەسی بێئاگا لە ڕۆشنبیریی سیاسی و هزری سیاسی و زانستی سیاسی، بتوانێت کاری سیاسی بکات، بۆیە ڕەنگە یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی سیاسەتکردن لە کۆمەڵگەیەکی وەکو کوردستان دا نەبوون یان لاوازی

---

(١٠٠) رابەر تەڵعەت، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥.

(١٠١) ڕزگار محەمەد قادر، سەرچاەی پێشوو، ل ٢٣١ .

ئەو پاشخان و ڕۆشنبیرییە سیاسییە بێت دووچاری ئەو کەسانە بۆتەوە کە بەکاری سیاسییەوە سەرقاڵن [١٠٢].

هەروەها لاوازی دامودەزگەکانی کۆمەڵگەی شارستانی لە کوردستاندا و سستی ئەدای ئەم کۆمەڵە و ڕێکخراوانە و لەپاڵ ئەویشدا لاوازی دامودەزگە پەروەردەی و ئەکادیمیەکان لە ڕووی بەرنامە و پرۆگرامی زانستییەوە، بۆشاییەکی گەورەی ناوەتەوە لە ڕۆڵی ئەم دامودەزگەیانەدا لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی [١٠٣].

لە میانەی ئەو شرۆڤەییەی کە لەبارەی ڕەوشی ڕۆشنبیریی سیاسی لە کوردستان کردمان دەتوانیین بڵێین ئەو هۆشیاری و مەعریفە سیاسییەی کە لای تاکی کورد هەیە بەرهەمی ئەو ژینگەیەیە کە لەم هەرێمەدا خولقاوە، کە چەندین هۆکار دەستیان لە بەدیهێنانیدا هەبووە وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، کە بێگومان ئەو ڕۆشنبیرییەش لە ئاستێکی بەرز و پێویستدا نییە.

---

(١٠٢) عەتا قەرەداخی، کورد و ڕۆشنبیری سیاسیی، گۆڤاری لڤین، سلێمانی، ساڵی هەشتەم، ٢٠١٠/١/٢٠، ژمارە (١١٥)، ل ٨.

(١٠٣) ڕابەر تەڵعەت، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣.

دەروازەی دووەم : لایەنی مەیدانی

دەستپێك

دیارە بێگومان هەر لە کاتی دەستنیشانکردنی بابـەتی تۆژینـەوە لەسـەر لێتـۆژ وا پێویست دەکات هەموو هەنگاوەکان لە سەرەتاوە تاکو دوا هەنگاو دیار بکات و لـە بەر چاوبگرێت بۆ سەرکەوتنی تۆژینەوەکەی، لەو کاتەی کە بابەتێکی هەستیاری وەك ڕۆشنبیریی سیاسی تۆژینەوەی لەسەر دەکرێت پێویستیی بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی مەیدانی دەبێت، لەبەرئەوەی تەنیا سەرچاوە نووسراوەکان بەس نییە، بۆ باسـکردن و زانینی ڕۆشنبیریی سیاسی، چونکە ڕۆشنبیریی سیاسی پێوەندییەکی توندوتۆڵی هەیە بە ژیانی هاووڵاتییانەوە بۆیە ئاستی ڕۆشنبیریی سیاسی لـەلای تاکـەکان لەلایـەك و ڕۆشنبیریی سیاسی لە هـەموو کۆمەڵگـەکان لەلایـەکی دیکـەوە وەك یـەك نییـە و جیاوازە، تاکو بتوانی نموونەی لێکۆڵینەوەیەکی دیاری کراوی وەکو (تابریـل ئەڵمۆنـد یان د.کمال ئەڵمەنۆفی) وەکو سەرچاوەی سەرەکیی وەربگریت و لەسـەر کۆمەڵگـەی کوردی جێبەجێی بکەی، بۆیە لـە میانـەی تۆژینەوەکـەمان بـە پێویسـتمان زانیـوە بەشێکی لێ تەرخان بکەین بۆ لایەنی مەیدانی سەبارەت بە ڕۆشنبیریی سیاسـی لـە کۆمەڵگەی کوردی دا. سەرەڕای گرفت و گرانی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی مەیـدانی، لەکۆی دابەشکردنی (٢٨٠) فۆڕم بەسەر نموونەی لێکۆڵینەوەکـەدا (٢٦٠) فـۆڕم بـە شێوەیەکی دروست گەڕاونەتەوە، لە بەرامبەردا (٢٠) فۆڕم بە پووچەڵ و نەگەڕاوە لە قەڵەم دراون.

(١) ئامادەكارييەكانى لێكۆڵينەوە مەيدانييەكە

(١ ـ ١) كۆمەڵگەى لێكۆڵينەوە و نموونەى تۆژينەوە:

دياركردنى نموونەى لێكۆڵينەوە بەيەكێك لە كارە هەرە گرينگەكانى تۆژينەوەى مەيدانى دادەنرێت كە بەرئەنجامى سەركەوتن و هەرەسهێنانى لێكۆڵينەوەكەى لەسەر بەندە، نموونەى هەڵبژێردراو (نموونەى لێكۆڵينەوە، واتە هەڵبژاردنى ڕێژەيەكى دياركراو لە تاكەكانى نێو كۆمەڵگە، كە ئەم ڕێژە دياركراوەش نوێنەرايەتى كۆمەڵگە دەكات بۆ وەلامدانەوەى پرسيارەكان، هەر لەبەرئەوەش ئێمە هەوڵمانداوەكە نموونەيەكى هەڕەمەكى دەستنيشان بكەين لە قوتابيان و فەرمانبەران و پيشە جۆربەجۆرەكانى ديكە بە ڕەگەز و تەمەنە جياوازەكانەوە، هەروەها وەرگرتنى نموونەكە لە جۆرى نموونەى قەبارە بچووكە كە پێكهاتووە لە (٢٦٠) يەكە.

(١ — ٢) گريمانەكانى لێكۆڵينەوە مەيدانييەكە:

لەم لێكۆڵينەوەيەدا چەند گريمانەيەكمان خستۆتەڕوو تاكو لەرێگەى ئەم لێكۆڵينەوە مەيدانييەوە بگەينە بەرئەنجامى ئەم گريواتانە و هەوڵدان بۆ سەلماندنيان.

١ـ بەشدارى و هاوكارى هاووڵاتييان لەگەڵ ڕێكخراوەكان و كاركردن لەگەڵيانـدا لە ئاستێكى بەرز و پێويستدانيە.

٢ـ بەو پێيەى كە حزب لە كۆمەڵگەى كوردى دا لە زۆرينەى بوارەكانى ژيانى تاكەكاندا بوونى هەيە و كاريگەرى خۆى بە جێ دەهێڵێ لەسەريان، لێرەدا گريمانەى

ئەوە دەکەین کەوا هاوولاتییان تاڕادەیەکی باش وابەستەبوونیان بۆ حزبێك یاخوود لایەنێکی سیاسی هەیە.

٣ـ پرەنسیبەکانی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان دا لە ڕەوشێکی سەرکەوتوودایە.

٤ـ ڕۆشنبیران ڕۆڵێکی بەرچاوو کاریگەر دەگێڕن لە گەشەدان و بەرجەستەکردنی ڕەوتی دیموکراتی لە کوردستان.

٥ـ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی و پارتە سیاسییەکان و دەزگەکانی ڕاگەیاندن تا ڕادەیەکی زۆر توانیوییانە ڕۆشنبیریی سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردی دا بڵاو بکەنەوە.

(١ ـ ٣) ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی:

بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لەم لێکۆڵینەوەیەدا میکانزمێکی زانستی باوەڕپێکراو بەکارهێنراوە کە ئەویش برێتییە لە فۆڕمی ڕاپرسی کە ئەم میکانزمەش زۆر یارمەتیدەرن بۆ کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کە پێویست بووە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، بۆ ئامادەکردنی ئەم فۆڕمانەش ڕەچاوی مەرجی زانستی پێویست کراوە، وە فۆڕمەکە پرسیاری تایبەتی و گشتیی لە خۆدەگرێت سەبارەت بە بواری لێکۆڵینەوەکە لەسەر بابەتی ڕۆشنبیریی سیاسی، ژمارەی پرسیارەکانی نێو فۆڕمەکەش برێتی بوو لە (١٢) پرسیار بە گشتیی و تایبەتییەوە.

(١ ـ ٤) سنووری لێکۆڵینەوەکە:

سنووری ئەم لێکۆڵینەوەیەی کە ئێمە ئەنجامانداوە لە ڕووی ماوەی کاتەوە لە ماوەیەکی کەمدا توانیومانە لێکۆڵینەوەکە ئەنجام بدەین لە بەرواری ٢ / ٢ / ٢٠١٠ تاکو ١٠ / ٢ /٢٠١٠، لە ڕووی سنووری جوگرافیشەوە سەنتەری پارێزگەی هەولێر بە نموونە وەرگرگیراوە.

(١ ـ ٥) ئامرازەکانی ئاماری:

لــەم لێکۆڵینەوەیــە دا بــە مەبەســتی پیشــاندان و ڕێکخســتن و شــیکردنەوەی زانیارییەکانی نێو نموونــەی لێکۆڵینەوەکــەمان، ســوودمان لــە ئــامرازێکی ئامــاری وەرگرتووە ، کە ئەمەش بریتییە لە ڕێژەی سەدی بەم ڕێسایەی لای خوارەوە

ڕێژەی سەدی = بەش ÷ گشت x ١٠٠

(٢) خستنەڕووی زانیارییەکان و شیکردنەوەی

ئەنجامی فۆڕمەکانی لێکۆڵینەوەکە.

خشتەی ژمارە (١) پێکهاتەی ڕەگەزەکانی نموونەی لێکۆڵینەوەکە ڕوون دەکاتەوە

ڕەگەز	ژمارە	٪
نێر	١٥١	٠٧،٥٨
مێ	١٠٩	٩٣،٤١
کۆی گشتیی	٢٦٠	١٠٠

ئەم خشتەیە ڕێژەی پێکهاتەی هەردوو ڕەگەزی تاکەکانی تۆژینەوەکانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە بە جۆرێك کە لە کۆی (٢٦٠) بە شداربوو (١٥١) کە سیان لە ڕەگەزی نێربوون و لە بەرامبەردا (١٠٩) کەسیان لە ڕەگەزی مێن.
واتە لە (٥٨،٠٧٪) بەشداربووانی لێکۆڵینەوەکە ڕەگەزی نێرن لە هەمانکاتدا لە (٤١،٩٣٪) بەشداربووانی لێکۆڵینەوەکە ڕەگەزی مێ بوون. ئەم ئەنجامەش بۆ کۆمەڵگەیەك لە نموونەی کۆمەڵگەی کوردی ڕەنگە سرووشتی بێتە بەرچاو لەگەڵ ئەوەشدا کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان هەردوو ڕێژەکەدا نییە، بەو پێیەی ڕێژەی نێر لە هەموو بوارەکانی ناو ژیان دا ئامادەییان زیاتر هەیە وەك لە ڕەگەزی مێ بەتایبەت لە پرسە سیاسییەکاندا و بەتەنگەوەهاتنی ئەم دوو ڕەگەزە بۆ پرسە سیاسییە گشتییەکان.

هێڵکاری ژمارە (١) پێکهاتەی ڕەگەزەکانی نموونەی لێکۆڵینەوەکە ڕوون دەکاتەوە

خشتەی ژمارە (٢) تەمەنی تاکەکانی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان ڕوون دەکاتەوە.

تەمەن	ژمارە	٪
١٨ – ٢٢	١٢٩	٦١،٤٩
٢٣ – ٢٧	٨٩	٢٣،٣٤
٢٨ – ٣٢	٢٢	٤٦،٨
٣٣ـ سەروتر	٢٠	٧٠،٧
کۆی گشتیی	٢٦٠	١٠٠

ئەو زانیارییانەی کە لەم خشتەیەی سەرەوەدا هاتووە سەبارەت بە تەمەنی ئەو کەسانەیە کە بەشداربوونە لە پڕکردنەوەی فۆڕمەکانماندا. کە لە (٤٩،٦١٪)ی نموونەی لێکۆڵینەوەکە تەمەنیان لەنێوان (١٨ــ٢٢) سالیدایەو لە (٣٤،٢٣٪) تەمەنیان لە نێوان (٢٣ـ٢٧) ساڵی دایەو بەرێژەی (٨،٤٦٪) تەمەنیان لە نێوان

هێڵکاری ژمارە (٢) تەمەنی تاکەکانی نموونەی لێکۆڵینەوەکە ڕووندەکاتەوە

(٢٨ـ٣٢) ساڵی بووە، و لە (٧٠،٧%) تەمەنیان لـە (٣٣ـــ بـۆ بـەرەو سـەرتر) بووە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە زیاترین ڕێژەی بەشدار بوو لە ڕووی تەمەنەوە دە کەوێتە نێوان (١٨ـ٢٢) ساڵییەوە ئەمەش لەبەرئەوەی کـە ڕێژەیـەکی زۆر لەوانـەی بەشداری پڕکردنەوەی فۆڕمەکانیان کـردووە لـەو تەمەنـەدابوون و قوتـابی زانکـۆ و پەیمانگەکان بوون، کە دیارە ئەمەش چینێکی دیار و بەرچاوە لە کۆمەڵگە.

خشتەی ژمارە (٣) پیشەی تاکەکانی نموونەی لێکۆڵینەوەکە ڕوون دەکاتەوە

پیشە	ژمارە	%
قوتابی	١٨٣	٧٠،٣٨
فەرمانبەر	٣٥	١٣،٤٦
پیشـە جـۆر بـە جۆرەکانی تر	٤٢	١٦،١٥
کۆی گشتیی	٢٦٠	١٠٠

هێڵکاری ژمارە (٣) پیشەی تاکەکانی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان ڕوون دەکاتەوە

لەم خشتەیەدا دەریدەخات کە لە (٧٠،٣٨٪)ی ئەو تاکانەی کە فۆڕمەکانیان پڕکردۆتەوە و بەشداربون لە لێکۆڵینەوەکەمان پیشەیان قوتابی بووە. لە بەرامبەردا لە (١٣،٤٦٪)ی تاکەکانی نموونەکە پیشەیان فەرمانبەرە، وە لە هەمانکاتدا لە (١٦،١٥٪)ی تاکەکانی بەشداربوو لەلێکۆڵینەوەکەمان پیشەی جۆر بەجۆری دیکەیان هەبووە وەك (دوکاندار، شۆفێر، ڕۆژنامەنوس،
لێتۆژ، بەرگ دوور ... هتد). ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوەرگرتنی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان (عینە البحث) بە شێوەیەکی زۆر فرەوان نەبووە کە تێکڕای چین و توێژەکان بگرێتەوە زیاتر لەنێوچینی قوتابیاندا فۆڕمەکان دابەشکراوە.

خشتەی ژمارە (٤) ئاستی خوێندەواری تاکەکانی نموونەی لێکۆڵینەوەکە ڕوون دەکاتەوە.

ئاستی خوێندن	ژمارە	%
نەخوێندەوار	١	٠،٣٨
سەرەتایی	١٦	٦،١٥
ناوەندی	١٧	٥٣،٦
ئامادەیی	٢٢	٤٦،٨
زانکۆ و پەیمانگە	١٩٢	٨٤،٧٣
زانکۆ بەرەو سەر	١٢	٦١،٤
کۆی گشتیی	٢٦٠	١٠٠

هێڵکاری ژمارە (٤) ئاستی خوێندەواری تاکەکانی

نموونەی لێکۆڵینەوەکە ڕوون دەکاتەوە

ئەم خشتەیە سەبارەت بە ئاستی خوێندەواری ئەندامانی نموونەی لێکۆڵینەوەکە زانیاریمان پێ دەخشێت، بە جۆرێك کە ڕێژەی خویندنی سەرەتایی برێتییە لە (١٥،٦٪)، خوێندنی ناوەندی (٥٣،٦٪)، خوێندنی ئامادەیی (٤٦،٨٪) بە ڕێژەی (٨٤،٧٣٪) قوتابی زانکۆ و پەیمانگەنیان تەواویان کردووە، وە هەروەها بە ڕێژەی (٦١،٤٪) ئاستی خوێندیان لە زانکۆ بەرەو سەرترە. واتە (ماجستێر و دکتۆرا) تەنیا بە ڕێژەی (٣٨،٠٪) نەخوێندەوارە.

لێرەدا ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەوەیە کە بەرزترین ڕێژەی کەسەکانی ناو نموونەی لێکۆڵینەوەکە قوتابی زانکۆ و پەیمانگەیان تەواویان کردووە، بۆیە دەتوانین بڵێین زانکۆ و پەیمانگەکان ئەگەر بێت و خۆیان مەیدانێك نەبن بۆ بزاڤ و کار و چالاکی و جووڵانەوە و هێنانە پێشەوەی ڕووداوەکان ئەوا لەڕیزی پێشەوەی هەستکردندان بە پرسێکی کی وەکو ڕۆشنبیریی سیاسی.

خشتەی ژمارە (٥) باری کۆمەڵایەتیی تاکەکانی نموونەکە ڕوون دەکاتەوە .

باری کۆمەڵایەتی	ژمارە	٪
خێزاندار	٧٠	٩٢،٢٦
سەڵت	١٩٠	٥٧،٧٣
کۆی گشتیی	٢٦٠	١٠٠

هێڵکاری ژمارە (٥) باری کۆمەڵایەتیی تاکەکانی نموونەکە ڕوون دەکاتەوە.

ئەم خشتەیە باری کۆمەڵایەتیی بەشداربووانی لێکۆڵینەوەکـەمان بـۆ ڕوون دەکاتـەوە، کـە لـە (٢٦،٩٢٪)ی ئەو کەسانەی کە بەشداریان لە ڕاپرسییەکەماندا کردووە خێزاندارن و چوونەتە نێو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە، لە بەرامبەردا (٥٧،٧٣٪)ی ڕێژەی بەشداربووان سەڵتن و نەچوونەتەوە نێو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە.

ئەمەش بەشێکی ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەو تەمەنـەی کـە هەیانـە بەشـێکی دیکـەش ڕەنگـە بگەڕێتەوە بۆ باری ئابووری تاکەکان، یان هەر هۆکارێکی تر کە شیاوی ئاماژەکردن بێت.

خشتەی ژمارە (٦) هاوکاری و بەشداری تاکەکانی نێو لێکۆڵینەوەکە لەگەڵ ڕێکخراوەکان ڕوون دەکاتەوە .

هاوکاری و بەشداری لەگەڵ ڕێکخراوەکان	ژمارە	٪
بەڵێ	٨٠	٧٦،٣٠
نەخێر	١٨٠	٢٤،٦٩
کۆی گشتیی	٢٦٠	١٠٠

له خشتەی ژمارە (٦) ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە لە کۆی گشتیی نموونەکە بەهەر دوو ڕەگەزەوە، ڕێژەی (٧٦،٣٠٪) لە هاووڵاتییان بەشداری و هاوکارییان هەیە لەگەڵ ڕیکخراوەکان و وەڵامیان بە بەڵێیە، لە بەرامبەردا بەڕێژەی (٢٤،٦٩٪) هاووڵاتییان وەڵامیان بە نەخێر داوەتەوە و هیچ هاوکاری و بەشدارییەکیان نییە لەگەڵ ڕێکخراوەکان.سەرەنجام لە ڕێگەی ئەم نموونەیەوە کە وەرمان گرتووە بۆمان دەردەکەوێ،کەوا هاووڵاتییان هاوکاری و بەشدارییان لەگەڵ ڕیکخراوەکان لە ئاستێکی نزمدایە و زۆرینەی هاووڵاتییان دوورن لەم ڕێکخراوانە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا درێژەپێدەری ئەو دابڕان و دوورکەوتنەوەیەیە کە لە نێوان هاووڵاتییان و ژیانی سیاسیدا هەیە، بۆیە دەکرێ بڵێین دوورکەوتنەوەی هاووڵاتییان لە دامودەزگەکان و میکانیزمەکانی دەسەڵات بەگشتیی و ڕێکخراوەکان بە تایبەتی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت،کە هۆیەکانی هاندان و ئاراستەکردنی هاووڵاتییان بۆ بەشداریکردن لە ژیانی سیاسیدا لاوازە و هیچ هەنگاوێکی بەرچاو لە لایەن خودی دەسەڵات و ڕێکخراوەکانەوە نەنراوە لەم بارەیەوە، لەلایەکی دیکەیشەوە لاوازی کار و چالاکی ڕێکخراوەکان دیار دەکات لە کوردستان کە نەیان توانیوە بەڕاستی ببن بە سەکۆی گفتوگۆ لە نێوان هاووڵاتیان و دەسەڵاتی سیاسییدا، ئەمەش چەندین هۆکاری هەیە، کە ڕەنگە گرینگترینیان پاشکۆیەتی ئەو ڕێکخراوانە بێت بۆ حزب و دەسەڵات.

هێڵکاری ژمارە (٦) هاوکای و بەشداری تاکەکانی نێو لێکۆڵینەوەکە لەگەڵ ڕێکخراوەکان ڕوون دەکاتەوە

خشتەی ژمارە (٧) وابەستە بوونی تاکەکانی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان بۆ حزبێك یاخوود لایەنێکی سیاسی ڕوون دەکاتەوە .

وابەستە بوون بۆ حزبێك یاخوود لایەنێکی سیاسی	ژمارە	٪
بەڵێ	١٣٧	٥٢،٦٩
نەخێر	١٢٣	٤٧،٣١
کۆی گشتیی	٢٦٠	١٠٠

زانیارییەکانی نێو خشتەی ژمارە (٧) بۆمان ڕوون دەکاتەوە،کە لە کۆی گشتیی تاکەکانی نموونەکە بە هەردوو ڕەگەزەکەوە، ڕێژەی (٦٩،٥٢٪) وەڵامی ئەم پرسیارەیان بە بەڵێ داوەتەوە و وابەستەگیان هەیە بۆحزبێك یاخوود لایەنێکی سیاسی، لە بەرامبەردا ڕێژەی (٣١،٤٧٪)ی ئەو کەسانەی کە بەشداربوون لە ڕاپرسییەکەدا وەڵامی ئەم پرسیارەیان بە نەخێر داوەتەوە و وابەستەگیان نییە بۆ هیچ حزبێك یاخوود لایەنێکی سیاسی.

هێڵکاری ژمارە (٧) وابەستە بوونی تاکەکانی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان بۆ حزبێك یاخۆ لایەنێکی سیاسی ڕوون دەکاتەوە.

لە زانیاریی نـاو خشـتەکەدا بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە کـە بەرێژەیـەکی مامناوەنـدی هاووڵاتییان وابەستەگیان بۆ حزبێك یـاخوود لایـەنێکی سیاسـی هەیە،ئەمـەش لـە لایەکەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هاووڵاتییـان هۆشـیاری و ڕۆشـنبیرییەکی سیاسـی ئەوتۆیان هەیە بەرامبەر حزب و لایەنێکی سیاسی، لە لایـەکی دیکەیشـەوە بـوونی حزبی جۆراوجۆر لە کۆمەڵگەی ئێمەدا وای کردووە کە هەر یەکـەیان بـە ئاراسـتە و فۆرمێکی جیاواز کاریگەری خۆیان هەبێت لەسەر هاووڵاتییان و مـۆرکی حزبایـەتی زۆرینەی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگە بگرێتەوە.

پاشان بەرێژەی (٣١،٤٧٪)ی تاکەکانی بەشداربوی نێو ڕاپرسیەکەمان وابەستەبونیان بۆ هیچ حزب و لایەنێکی سیاسی نییە و نەبوون یـان لاوازی وابەسـتەگی حزبـی لای تاکی کوردی پێوەندیدارە بە کۆمەڵە هۆکارێك،کە هەنـدێکیان پێوەسـتە بەتاکـەکان خۆیانەوە کە نایانەوێت کار لەگەڵ حزبەکاندا بکەن و متمانەیان پێ نییە، هەنـدێکی دیکەشیان پێوەستن بە کێماسی حزبە کوردییەکان و داخراوییان بەڕووی هاووڵاتییان.

خشــتەی ژمــارە (٨) ڕاو بۆچــوونی تاکــەکانی نێــو لێکۆڵینەوەکــەمان بــۆ ڕوون دەکاتەوە سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی ڕەوشی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان .

ڕەوشی دیموکراتی هەرێمی کوردستان	ژمارە	٪
ڕەوشێکی سەرکەوتووە	٩٨	٦٩،٣٧
ڕەشێکی سەرنەکەوتووە	١٤٠	٨٤،٥٣
ڕەشێکی مامناوەندە	١٨	٩٢،٦
بێ وەڵام	٤	٥٣،١
کۆی گشتیی	٢٦٠	١٠٠

لــە زانیارییــەکانی نێــو ئــەم خشــتەیەدا ئــەوەمان بــۆ دەخاتــە ڕوو کــە بەڕێــژەی (٦٩،٣٧٪)ی بەشداربووانی نێو ڕاپرسییەکەمان ڕەوشی دیموکراتی لە کوردستان بە ڕەوشێکی سەرکەوتوو لە قەڵەم دەدەن، ئەم هەڵسەنگاندنەشیان بۆ چەند هۆکارێـك دەگەڕێتەوە لەوانە:

١ـ هەنگاوی گەورە نراوە بۆ پراکتیزەکردنی دیموکراتی لە کوردســتان، کــە خــۆی لــە دروســتبوونی ڕێکخــراوە شارســتانی و پیشــەیەکان و ســەرهەڵدانی ئۆپۆزســیۆن و ڕاگەیاندنی ئازاد و ئازادی ڕادەربڕیندا دەبینێتەوە.

٢ـ بەشداربووان پێیان وایە کەوا پێوەرەکانی دیموکراتی لە هەرێمی کوردســتان بــونی هەیە، بەو پێیەی هەرێمی کوردستان جیــاواز لــە دەڤــەرەکانیانی دیکــەی عێــراق و هەنگاوی بــاش و بەرچــاوی بڕیــوە لــە ڕووی ســەقامگیری سیاســی، خۆشــگوزەرانی و...هتد.

۳ـ بوونی فره حزبی له کوردستان به هزر و ئایدیای جیاوازەوە، که ئەمەش خۆی بۆ خۆی سیمای دیموکراتی قوولّتر دەکاتەوە.

* ئەنجامدانی هەڵبژاردن وگەڕانەوە بۆ ڕای میللەت لە پێکهێنانی دامەزراوەکانی فەرمانڕەوای وەك پەرلەمان تاکو بلّندگۆی ڕاستەقینەی نوێنەرانی میللەت و هاوولاّتیان بێ .

* له کوردستاندا لەماوەی دوای ڕاپەڕین تاکو ئێستە بە تایبەت تر ئەم چەند ساڵەی دوای توانراوە پێکەوە ژیانێکی ئاشتیانە و شارستانیانە لە نێوان سەرجەم نەتەوە و پێکهاتە جیاوازەکان بە جیاوازی ئاینی و مەزهەبی و وابەستەبونی سیاسی و کۆمەلاّیەتی و زمان و کلتورییەوە دابین بکرێت .

لە بەرامبەر ئەم بۆچوونەی سەرەوەشدا بەرێژەی (۸٤،٥۳٪)ی بەشداربووانی لێکۆڵینەوەکەمان پێیان وایە ڕەوشی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان ڕەوشێکی ناسەرکەوتووە لەبەر چەند هۆکارێك لەوانە:

بەشداربووان پێیان وایە دەسەلاّت لەژێر ئایدیای حزبدایە و قۆرخی دامودەزگە و فەرمانگە حکومییەکانیان کردووە، هەندێکی دیکەیان پێیان وایە کەوا زۆرینەی بنەما و پرەنسیپەکانی دیموکراتی لە کوردستان تەنیا لە چوارچێوەی دروشمدایە و بەکردەنی پێڕەو ناکرێت. وەك بوونی چەمکی سەروەری یاسا، کێبەڕکێی دیموکراتی بۆ گەیشتن بە دەسەلاّت، جیاکردنەوەی دەستی حزب لە حکوومەت، دانانی کەسی شیاو و لێهاتوو بۆ شوێن و کاری شیاو و...هتد.

ـ بەشێوەیەکی پێویست و تەواو ڕێگە نەدراوە،کە خەڵکی داواکاری و داکۆکی لە مافەکانی خۆیان بکەن و پراوە ئازادانەی مافە شارستانی و سیاسییەکانی خۆیان بکەن، کە ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، پەراوێزخستنی توێژێکی هەرە گرینگی کۆمەڵگە لە پرسە جۆربەجۆرەکان کە ئەویش توێژی گەنجانە.

ـ نەبوونی پێوەرە دیموکراتییەکان کە خۆی لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و شەفاف بۆ دەستاو دەستکردنی ئاشتییانەی دەسەلاّت و دوورخستنەوەی دەستی حزب لە

حکوومەت و ئازادییەکی تەواو و ئۆپۆزسیۆنێکی کارا و جیاوازی نەکردن لە نێوان تاکەکان بە هۆی ڕاوبۆچونی جیاواز و وابە دا دەبینێتەوە وابەستەبوونیان

ـ فەراهەم نەکردنی پێداویستیە جۆر بە جۆرەکان بۆ هەموو تاکەکان بەبێ جیاوازی بەشێوەیەکی تەواو لە هەموو ڕوویەکەوە هەبوونی گەندەڵی و تاکڕەوی و نادادپەروەری و زاڵبونی بەرژەوەندی حزبی بەسەر بەرژەوەندییە گشتییەکان.

لە هەمانکاتدا بەڕێژەی (٩٢،٦٪)ی بەشداربووان وای دەبینن کە ڕەوشی دیموکراتی لە کوردستان ڕەوشێکی مامناوەندە، بەو پێیەی کەوا هەنگاوی باش نراوە لەم ڕووەوە، هەرچەندە دەبێ کاری زیاتر بکرێت بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان لە لایەن هەموو چین و توێژەکانەوە، لەبەرئەوەی تا ئێستەش کولتووری کۆمەڵگە و ئەقڵیەتی حزبەکان کۆسپن لەبەردەم بەرەو پێشچوونی ڕەوشی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان دا.

بە ڕێژەی (٥٣،١٪) تاکەکانی لێکۆڵینەوەکەمان وەڵامی ئەم پرسیارەیان نەداوەتەوە.

هێڵکاری ژمارە (٨) ڕاو و بۆچوونی تاکەکانی نێو نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان ڕوون دەکاتەوە سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی ڕەوشی هەرێمی کوردستا

خشتەی ژمارە (٩) ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە گەشەدان بە ڕەوتی دیموکراتی لە کوردستان ڕوون دەکاتەوە .

ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە گەشەدان بە ڕەوتی دیموکراتی لە کوردستان	ژمارە	٪
زۆر	٢٥	٦١،٩
تارادەیەك	١٧٦	٦٩،٦٧
نییە	٢٨	٧٦،١٠
نازانم	٣١	١١،٩٢
کۆی گشتیی	٢٦٠	١٠٠

لە خشتەی ژمارە (٩) دا لە کۆی گشتیی ئەو تاکانەی کە بەشداربوون لە لێکۆڵینەوەکەمان ڕێژەی (٩،٦١٪) پێیان وایە کەوا ڕۆشنبیران ڕۆڵێکی زۆریان هەبووە لە گەشەدان بە ڕەوتی دیموکراتی لە کوردستان، وە ڕێژەی (٦٩،٦٧٪) دەڵێن تاڕادەیەك ڕۆشنبیران ڕۆڵیان گێڕاوە لەم ڕووەوە،هەروەها ڕێژەی (٧٦،١٠٪)ی بەشداربووان پێیان وایە کەوا ڕۆشنبیران ڕۆڵیان نییە لە گەشەدان بە ڕەوتی دیموکراتی لە کوردستان،لە بەرامبەردا ڕێژەی (٩٢،١١٪) وەلامی ئەم پرسیارەیان بەنازانم داوەتەوە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕۆشنبیران بە ڕێژەیەکی زۆر تاڕادەیەك ڕۆڵیان هەبووە لە گەشەدان بەڕەوتی دیموکراتی لە کوردستان، دەستەبژێریێکی ڕۆشنبیران لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بە دەستەبژێری زۆر هۆشمەند و زیندوو دادەنرێت و دەتوانن جیّ دەستیان دیار بێت لەزۆر ڕووەوە بەو پێیەی کە دەتوانن لە ڕێگەی هزر و نووسینەکانیان کاریگەری دابنێن لەسەر تاکەکان.

هێڵکاری ژماره (٩) ڕۆڵی ڕۆشنبیران له گەشەدان بەرەوتی دیموکراتی له کوردستان روون دەکاتەوه .

خشـــتەی ژمـــارە (١٠) ڕۆڵـــی ڕێکخراوەکـــانی کۆمەڵگـــەی شارســـتانی و پارتـــە سیاسییەکان و دەزگەکانی ڕاگەیاندن ڕوون دەکاتـــەوە لـــە بڵاوکردنـــەوەی ڕۆشـــنبیریی سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردیدا .

ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی و پارتە سیاسییەکان و دەزگەکانی ڕاگەیاندن	ژمارە	٪
تارادەیەکی زۆر	٣٠	٥٣،١١
تارادەیەکی مامناوەند	١٣٤	٥١،٥٣
تارادەیەکی کەم	٩٦	٣٦،٩٢
کۆی گشتیی	٢٦٠	١٠٠

هێڵکاری ژمارە (١٠) ڕۆڵی ڕێکخراوەکـانی کۆمەڵگـەی شارسـتانی و پارتـە سیاسـییەکان و دەزگەکانی ڕاگەیاندن لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردیدا ڕوون دەکاتەوە .

لـه خشـتەی ژمـارە (١٠)دا لـە کـۆی گشـتیی ئـەو تاکانـەی کـە بەشـداریان لـە لێکۆڵینەوەکـەدا کـردووە، ڕێـژەی (١١،٥٣٪) پێیـان وایـە کـەوا تاڕادەیـەکی زۆر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی و پارتە سیاسییەکان و دەزگـەکانی ڕاگەیانـدن ڕۆڵیان هەبووە لە بڵاو کردنەوەی ڕۆشنبیریی سیاسـی لـە کۆمەڵگـەی کوردیـدا، لـە هەمانکاتدا بە ڕێژەی (٥١،٥٣٪)ی تاکەکانی نموونەی لێکۆڵینەوەکە لەو بڕوایـەدان کـە ڕێکخراوەکـانی کۆمەڵگـەی شارسـتانی و پارتـە سیاسـییەکان و دەزگـەکانی ڕاگەیاندن تا ڕادەیەکی مامناوەند ئەم ڕۆڵەیان گێڕاوە و کاریان کـردووە لەسـەر بـە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، لە بەرامبەریشدا بە ڕێژەی (٩٢،٣٦٪)ی بەشداربووان وایدەبینن کەوا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگـەی شارسـتانی و پارتە سیاسییەکان و دەزگەکانی ڕاگەیاندن تاڕادەیەکی کـەم توانیویانـە ڕۆشـنبیریی سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بڵاو بکەنەوە.
لێرەدا ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کەوا بە ڕێژەی (٥١،٥٣٪)ی تاکەکانی نموونەی لێکۆڵینەوەکە ڕۆڵی هەر یەکە لە ڕێکخراوەکـانی کۆمەڵگـەی شارسـتانی و پارتە سیاسییەکان و دەزگەکانی ڕاگەیاندن لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی سیاسـی لـە کۆمەڵگەی کوردیدا بە ڕادەیەکی مامناوەندی لە قەڵەم دەدەن .

خشتەی ژمارە (١١) توانای ئەو کەناڵانە ڕوون دەکاتەوە، کـە زیـاتر توانیویانـە ڕۆشنبیریی سیاسی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا لای تاکی کورد بەرزبکەنەوە .

کەناڵەکان	ژمارە	٪
پارتە سیاسییەکان	٥٢	٢٠
ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی	٤٦	١٧،٦٩

دەزگەكانی راگەیاندن	١٥٠	٥٧،٦٩
بێ وەڵام	١٢	٤،٦١
کۆی گشتیی	٢٦٠	١٠٠٪

هێڵکاری ژمارە (١١) توانای ئەو کەناڵانە ڕوون دەکاتەوە کە زیاتر توانیویانە ڕۆشنبیریی سیاسی لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا لای تاکەکان بەرزبکەنەوە .

له زانیارییەکانی نێو ئەم خشتەیەدا ئەوەمان بۆ دەخاتە ڕوو کە بە ڕێژەی (٢٠٪)ی بەشداربوانی نێو ڕاپرسیەکەمان لەو بڕوایەدان کە پارتە سیاسییەکان یەکێکن لەو کەناڵانەی کە زیاتر توانیویەتی ڕۆشنبیریی سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردیدا لای تاکەکان بەرزبکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە ڕێژەی (١٧،٦٩٪)ی تاکەکانی نموونەی لێکۆڵینەوەکە پێیان وایە کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی لەو کەناڵانەیە کە توانیویەتی ئەم ڕۆڵە بگێڕێت، لە بەرامبەریشدا بە ڕێژەی (٥٧،٦٩٪)ی بەشداربوان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن،کەوا دەزگەکانی ڕاگەیاندن یەکێك بوە لەو کەناڵانەی کە زیاتر توانیویەتی ڕۆشنبیریی سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردیدا لای تاکەکان بەرزبکاتەوە، هەروەها بە ڕێژەی (٤،٦١٪)ی بەشداربووان وەڵامی ئەم پرسیارەیان نەداوەتەوە،لە زانیاریی ناو خشتەکەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ڕێژەیەکی زۆری هاووڵاتییان لەو بڕوایەدان کە دەزگەکانی ڕاگەیاندن زیاتر لە پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی دەتوانێ ڕۆشنبیریی سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردیدا لای تاکەکان بەرزبکاتەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە میدیا وەك تەکنۆلۆژیایەکی سەردەم بە شێوەیەکی بەرچاو بڵاوبۆتەوە و سنوورەکانی بەزاندووە و لە ڕێگەی بەرنامە جۆربەجۆرەکانییەوە زۆرترین کاریگەری دادەنێت لەسەر تاکەکان، لەم ڕووانگەشەوە دەزگەکانی ڕاگەیاندن لە ڕێگەی بەرنامەی سیاسی و تایبەت بە ڕۆشنبیریی سیاسی و هۆشیارکردنەوەی تاکەکان توانیویەتی ئاستی ڕۆشنبیریی سیاسی لای تاکی کورد بەرزبکاتەوە.

ϖ به ڕای تۆ، چی بکرێت باشه بۆ ئەوەی ڕۆشنبیریی سیاسی لای تاکی کورد له ئاستێکی بەرزدا بێت؟.

له میانەی پرسیاری نێو فۆڕمی ڕاپرسییەکەمان، ئەم پرسیاره کراوەیەمان خستۆته ڕوو بۆ ئەوەی تاکەکانی نموونەی لێکۆڵینەوەکه ڕای خۆیان دەربڕن سەبارەت بەم پرسه. تێکڕای وەڵامی بەشداربووانی لێکۆڵینەوەکه لەم چەند خاڵەدا دەخەینه ڕوو:

- له بنەڕەتدا پڕۆسەی ڕۆشنبیریی سیاسی پڕۆسەیەکی گشتیی و بەردەوامه، بۆیه پێویسته که هەموو دامودەزگەکانی سیستەمی سیاسی کار بۆ پەرەپێدانی بکەن.
- کارکردن بۆ هێنانەدی سەروەری یاسا و بەرجەستەکردنی ناوەڕۆکی دیموکراتی و پاراستنی مافی مرۆڤ و ئازادییەکانی تاك و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و هاندانی گەنجان بۆ ناو دەسەڵات و کەمکردنەوەی جیاوازی و بڵاوکردنەوەی یەکسانی و بەدەمەوە هاتنی داواکاری خەڵکی و فریو نەدانیان به بەڵێنی بێ بنەما و پێدانی زیاتری ڕۆڵی تاك له پڕۆسەی بڕیاردان دا.
- بایەخی پتر به بواری ڕاگەیاندن بدرێت و سەربەخۆیی و ئازادییەکی زیاتری پێ ببەخشرێت و له پاشکۆیەتی حزب دووربخرێتەوە، له بەرامبەریشدا دەبێت ڕۆڵی دەزگەکانی ڕاگەیاندن به ئاراستەی کاری گشتیی و ناساندنی سیاسەت بەواتای ڕاستەقینەی خۆی بێت، نەك بەرتەسك کردنەوەی بۆ لایەنێکی سیاسی دیاری کراو.
- هەوڵبدرێت گوتاری ناسیۆنالیستی نەبێتە گوتارێکی سەرکەر له بەرامبەر ڕۆشنبیرکردن و پتەوکردنی هۆشیاریی سیاسی لای تاکەکان، چونکه دواجار هەر ئەو ڕۆشنبیریه سیاسییەیه که ئاستی بەشداری سیاسی تاکەکان بەرزدەکاتەوە و له بەرامبەریشدا تاکەکان له لاموبالاتی سیاسی دوردەخاتەوە.
- پێویسته هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی بەشداری کارایان هەبێت له میانەی کاری خۆیان بۆ ئەوەی خەڵکی ئاشنا بکەن به پرسه جۆر بەجۆرەکان، له نێویشیاندا پرسی ڕۆشنبیریی سیاسی، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت گرینگی زیاتر به

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی بدرێت و لەژێر چەپۆکی حزب بهێنرێتـە دەرەوە و کاربکرێت بۆ سەربەخۆییان.
ـ ڕاگەیاندنەکان دەبێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت لە ڕۆشنیرکردنی خۆیان بگرن لـە ڕێگـەی دانانی بەرنامەی تایبەتمەند لەم بوارەدا، ئەمەش لە ڕێگەی پێداچوونەوە بە بەرنامە و پرۆگرامەکانی دەزگەکانی ڕاگەیاندن.
ـ پارتە سیاسییەکان بەو پێیەی کە زۆرترین ئەنـدامیان لـە خۆگرتـووە بـە بـەراورد بەدامەزراوەکانی دیکە، بۆیە دەبێت لە هەمبەر پرسێکی وەکو ڕۆشنبیریی سیاسـیدا زۆرترین وزە و توانای خۆیان لە پێناو ڕۆشنبیرکردنی تاکەکان خەرج بکەن لە ڕێگـەی بونی پلانێکی تۆکمە لەسەرجەم ڕێکخستنەکانیان بۆ ئەم کارە.
ـ گرینگی دان بە ناوەنـد و دەزگـە زانسـتییەکانی وەکـو کۆلێـژەکان و دەزگـەکانی تۆژینەوەی زانستی، هـەوڵ بـدرێت ڕیفـۆڕمێکی گشـتیی لـە پرۆگرامـی خوێنـدنی زانکۆکاندا بکرێت بەجۆرێك کە بتوانرێت لە ڕێگەیەوە ئاسـتی زانسـتی قوتابیـان و خوێندکارانی پێ بەرزبکرێتەوە لە بوارە جۆربەجۆرەکان.
ـ فرەوانترکردنی پانتایی دیموکراتی و ئازادی ڕادەربڕین و هاندانی زیاتری هاووڵاتیـان بـۆ بەشـداری لـە پرۆسـە سیاسـییەکان و کردنـەوەی سـەنتەرەکانی ڕۆشـنبیریی بـۆ گەشەپێدانی چینەکانی کۆمەڵگە.
ـ بایەخدان بە کۆڕ و سیمینار و وۆرك شۆپ لەلایەن کەسـانی شـارەزا و ڕۆشـنبیرانی سەربەخۆ، کە دەیانەوێت کەتوار وەك خـۆی وێنـا بکـەن، لەگـەڵ کردنـەوەی خـولی جۆراوجۆر بۆ ئاشناکردنی تاك بە چەمکی ڕۆشنبیریی سیاسی.

(٣) بەرئەنجامی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکە و ڕاسپاردە و پێشنیازەکان:

(٣ ـ ١) بەرئەنجامی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکە.

بە شێوەیەکی گشتیی دەتوانین گرینگترین ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە :

ـ لە نموونەی لێکۆڵینەوەکەدا بۆمان دەرکەوتووە، کە ڕێژەی (٣٠،٧٦٪)ی تاکەکانی نموونەکە بەشداری و هاوکاریان هەیە لەگەڵ ڕێکخراوەکان، لە بەرامبەردا لەسەرجەمی نموونەکە دا بە ڕێژەی (٦٩،٢٤٪)ی تاکەکان هیچ جۆرە بەشداری و هاوکارییەکیان نییە لەگەڵ ڕێکخراوەکان، ئەمەش لە ڕاستی دا درێژەپێدەری ئەو دابڕان و دوورکەوتنەوەیە یە کەلە نێوان هاووڵاتییان و ژیانی سیاسییدا هەیە، لە هەمانکاتدا ئەم بەرئەنجامە ڕاستی و دروستی گریمانەی یەکەمی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکە دەسەلمێنێت.

ـ زۆرینەی بەشداربووانی لێکۆڵینەوەکەمان بە ڕێژەی (٦٢،٥٢٪)ی وابەستبونیان بۆ حزبێك یاخوود لایەنێکی سیاسی هەیە، ئەم ئەنجامەش ڕاستی و دروستی گریمانەی دووەم دەسەلمێنێنت لە لێکۆڵینەوە مەیدانییەکە. بەوپێیەی کە حزب لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە زۆرینەی بوارەکانی ژیانی تاکەکاندا بوونی هەیە و کاریگەری خۆی بە جێ دەهێڵێ لەسەریان.

ــ لە نموونەکەدا دەردەکەوێت کە بە ڕێژەی (٨٤،٥٣٪)ی بەشداربوانی نێو ڕاپرسیەکەمان ڕەوشی دیموکراتی لە کوردستاندا بە ڕەوشێکی ناسەرکەوتوو لە قەڵەم دەدەن، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێك کە لە شرۆڤەکردنی پرسیاری سێ یەمی

ڕاپرسیەکەماندا ئاماژەمان پێداوە، ئـەم ئەنجامـەش ئـەوەمان بـۆ دەردەخـات کـەوا گریمانەی سیٚ یەم لە لێکۆڵینەوە مەیدانییەکەدا نە هاتۆتەدی و ڕاست دەرنەچووە.

-لەسەرجەمی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان دا بە ڕێژەی (٦٩،٦٧٪)ی تاکەکانی بەشدار لە لێکۆڵینەوەکەمان، تاڕادەیەك ئاماژە بە ڕۆڵی ڕۆشنبیران دەکەن لـە گەشـەدان بـە ڕەوتی دیموکراتی لە کوردستان ئەمەش لە لایەکەوە تـا ئەندازەیـەك پشـتگیری لـەو گریمانەیەمان دەکات کە پێمان وابوو ڕۆشنبیران ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەر دەگێڕن.

-لە لێکۆڵینەوەکەماندا بـە ڕێـژەی (٥٣،٥١٪) ڕۆڵـی ڕێکخراوەکـانی کۆمەڵگـەی شارستانی و پارتە سیاسییەکان و دەزگەکانی ڕاگەیاندن لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشـنبیریی سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردی دا، بە ڕۆڵێکی تاڕادەیەك مامناوەند لە قەڵـەم دەدەن بـە حـوکمی ئـەو دەورو کـارو چـالاکیانەی کـە دەیگێـڕن لـە کۆمەڵگـە. ئەمـەش بەشێوەیەکی تەواو پشتگیری لە گریمانـەی پێنچـەمی لێکۆڵینـەوە مەیدانییەکـەمان ناکات و پشتڕاستی ناکاتەوە.

(٣ — ٢) پێشنیاز و ڕاسپاردەکان.

لە بەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە مەیدانییە کە دەتوانین ئەم چەند پێشنیاز و ڕاسپاردەیە بخەینە ڕوو:

ـ هەوڵ بدرێت لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ کەمکردنەوەی هەژموون و کاریگەری و حزبەکان لەسەر کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی و دەزگەکانی ڕاگەیاندن، وە چالاککردنی ڕۆڵی ئەم ڕێکخرا و دەزگەیانە لەنێو کۆمەڵگەدا.

ـ بایەخ و گرینگی پێدانی زیاتری چینی ڕۆشنبیران بە تایبەتی تر ڕۆشنبیرانی سەربەخۆ، لە ڕێگەی پێدانی دەرفەتی زیاتر بۆیان لە کردنەوەی کۆڕ و ۆرك شۆپ و خولی و جۆراوجۆر، بۆ ڕوونکردنەوەی چەمك و پرسە جیاوازەکان بۆ هاوولاتییان لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی لایان، بە هەموو چین و توێژەکانەوە.

ـ ڕێکخراوەکان بە هەموو چەشنەکانییەوە لە خودی خۆیان دا پێداچوونەوەیەکی جدی لە کار و چالاکی و پێڕەو و پرۆگرامەکانیان بکەن، هەوڵ بدەن کاری زیاتر و چالاکی بەسوودتر و دانانی پرۆگرامی زانستی و ئەکادیمی تاکو بتوانن بە ئاراستەی برەودان بە بەرزکردنەوەی ئاستی تاکەکان کاربکەن.

ـ پێویستە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها لەلایەن لێتۆژ و پسپۆڕان زیاتر هەوڵی بدرێت بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستی تایبەت بە ڕۆشنبیریی سیاسی و هۆشیاری سیاسی، بۆ ئەوەی ئاستەنگەکان دەستنیشان بکرێت و چارەسەریەکانیش بخرێتە ڕوو، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە بتوانرێت ئاستی هۆشیاری تاکەکان لەبارەی پرسێکی لەم جۆرە بەرزبکرێتەوە.

ــ حکوومەت و لایەنە پێوەندیدارەکان پێویستە زیاتر هەوڵی زیاتر بدەن بۆ باشترکردنی گوزەرانی هاوولاتیان و هەوڵدان بۆ کرانەوەی زیاتری کەناڵەکانی بەشداریکردن بە ڕووی هەموو توێژەکانی کۆمەڵدا بەتایبەتی توێژی گەنجان و لاوان، چونکە چینی گەنجان لە هەموو کۆمەڵگەیەك دا داینەمۆی هەڵسوڕاندنی کۆمەڵگەن، بەو ئایدیا و ئامانجانەی کە لە ناخیان دایە.

بەرئەنجام

بەشێوەیەکی گشتیی بەرئەنجامەکانی تۆژینەوەکە بەهەر دوو لایەنی تیۆری و مەیدانییەوە لەم چەند خاڵەدا دەخەینەڕوو:

ڕۆشنبیریی سیاسی بریتییە لە کۆی ئەو بیرو بۆچو،ن و زانیاری و تێڕوانین و ئاراستە و بەها باوەڕپێکراوانەی کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو واتایەك بە پرۆسەی سیاسی دەبەخشێت، سەبارەت بە کاروباری سیاسی و حوکمڕانی، دەوڵەت و دەسەڵات، وابەستەگی و ڕەوایەتی و بەشداریکردن، کە پێوەندیدیان بە سیاسەتەوە هەیە لە هەموو کۆمەڵگەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا سرووشتی پێوەندی نێوان هاوولاتی و حکوومەت ڕوون دەکاتەوە، بەجۆرێك کە هەموو نەتەوەیەك خاوەنی ڕۆشنبیریی خۆیەتی کە بەشێکە لە سەرخانی ڕابردووی و دەوڵەمەندیشی دەکات بە ڕۆشنبیریی سەردەمەکەی، ڕۆشنبیریی سیاسی پێوەندییەکی پتەوی بە هەڵسوکەوت و ژیانی تاکەکانەوە هەیە، لەهەمانکاتدا کاریگەری خۆی بەجێ دەهێڵێ لەسەر سیستەمی فەرمانڕەوایی و ڕەوتی بەدیموکراتیکردنی کۆمەڵگە.

ڕۆشنبیری سیاسی پێویستیی بە سەقامگیری سیاسی هەیە، چونکە هاوڕێکی لە نێوان جۆری ڕۆشنبیریی سیاسی و جۆری بونیادە□سیاسییەکە ئارامی و سەقامگیری سیستەمی سیاسی بەرقەرار دەکات. وەئەگەر ئەم دوو توخمە (ڕۆشنبیریی سیاسی لە لایەك و سیستەمی سیاسی لە لایەکی دیکەوە) لەناو هەر کۆمەڵگەیەکدا کۆك نەبوون ئەوا کەلێنێ لە نێوان بونیادی سیستەمی سیاسی و ڕۆشنبیریی سیاسی دروست دەبێت و هەڕەشە لەسەر کاری ئەو سیستەمە دروست دەکات. بۆیە جێگیربوونی سیاسی پشت بە ڕۆشنبیریی سیاسی دەبەستێت، تەبایی وکۆکبونی

ڕۆشـــنبیریی سیاســـی دەســـتەبژێر (حاکمـــەکان) و ڕۆشـــنبیریی سیاســـی هـــاووڵاتی یارمەتیـــدەرن بـــۆ جێگیربـــوونی سیاســـیك بەپێچەوانەشـــەوە پارچـــە پارچـــە بـــوونی ڕۆشنبیریی و جیاوازی نێوان ڕۆشنبیریی جەماوەر و ڕۆشنبیریی دەستەبژێر سەرچاوەی هەڕەشەکردنە بۆ جێگیربوونی سیستەمی سیاسی بۆیـە دەبیـنین پێوەندییـەکی پتـەو هەیە لە نێوان ڕۆشنبیریی سیاسی و شێوازی سیستەمی سیاسی و بەشێوەیەکی تونـد پێکەوە گرێدراون.

لە بەدیهێنانی دیموکراتیدا گرینگی ڕۆشنبیری سیاسی و ئەو ناوەندانە دەردەکـەوێت، کە کار لەسەر بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی سیاسی دەکەن. کە تاچ ڕادەیەك کاریگەرییان هەیە لە فەراهـەمکردنی دیمـوکراتی، چـونکە لـە بنەڕەتـدا دیمـوکراتی برێتییە لەو سیستەمەی دەرفەتی بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسـیدا بـۆ تاکەکـەس دەخولقێنێ، بۆیە تەنانەت ئەگەر ڕێساو یاسا دیموکراتییەکانیش لە وڵاتێکدا بەرقەرار و لەئارادا بن، بەبێ تاکەکەسی هۆشـیار و ڕۆشـنبیر بـە پرسـە جۆربـەجۆرەکان ئـەم پرۆسەیە ناتەواو و پڕ لە کەموکوڕی دەبێت، لەبەرئەوەی دیموکراتی ڕاستەقینە، تەنیا کاتێك دەتوانێت بوونی هەبێت، کە تاکەکان خاوەن ویستی ئازادبوونی هـەبێت و لـە ڕێگەی ئـەو باکگراوەنـدە ڕۆشـنبیرییەی کـە هەیـەتی. ئەمـەیش تـەنیا لەڕێگـەی بڵاوبوونەوەی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی سیاسی و ئازادکردنی تاکەکەس لە کۆتوبەندی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە خێڵەکییەکانەوە بونیاد دەنرێت. بۆیە لێرەوە دەگەین بەو یە بەرئەنجامەی کە ڕۆشنبیریی سیاسی بە ئاستێکی بەرز لە هەر کۆمەڵگەیەکداولـەلای هەر تاکێك، کاریگەری دەبێت لە فەراهەمکردنی بنەماکانی دیموکراتیدا.

بەدیهێنانی ڕۆشنبیریی سیاسی لەناو کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی و لە ژیانی سیاسییدا، لـە ڕێگـەی چـەندین کـەناڵی جۆراوجـۆرەوە فەراهـەم دەبێـت، بـەڵام کەناڵـەکانی وەکـو (پارتەسیاسییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی، دەزگەکانی ڕاگەیاندن، خێـزان و قوتابخانە) لەم ڕووەوە ڕۆڵی زیاتر دەگێڕن، بەو پێیەی کە ئەم کەناڵانە لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی و پێشکەوتوودا دیارترین ئامرازەکانی پەرەپێدانی ڕۆشنبیرین.

ئەو جۆرە ڕوشنبیریە سیاسییەی کە لە کۆمەڵگەی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا تێبینی دەکرێت، خۆی لە جۆری ڕۆشنبیریی سیاسی، پاشکۆیەتی دا دەبینێتەوە، لەبەرئەوەی هەرچەندە هاوولاتیان لەم جۆرە ڕۆشنبیریە سیاسییەدا، هۆشمەند دەبن بە سیستەمی سیاسی و ئەو کارانەی کە دەیکات، بەلام لە ڕاستیدا تاکەکان هەستێکی لاواز و سادەیان هەیە بۆ کار و چالاکی سیاسی. هەرێمی کوردستانیش وەك بەشێك لە عێراق بەهۆی دەسەلاتی سەرکوتکەرانەی حکوومەتە یەك لەدوای یەکەکان کەلەم ولاتەدا دەسەلاتیان لە دەستبووە، کاریان لەسەر بەرتەسککردنەوەی هەموو جموجولّ و بەشداری و کاروچالاکی سیاسی هاوولاتییان کردوە، وایان لێکراوە کە بەهەمان ئەقلّییەتی چینی فەرمانڕەوا بیربکەنەوە، وە لێ نەگەڕاون تاك لە دەرەوەی چوارچێوەی دەسەلات هیچ جۆرە بەشدارییەکی سیاسیان هەبێت، بەلام لەگەلّ ئەوەشدا لەم چەند سالّەی دوایدا لە هەرێمی کوردستاندا تاڕادەیەك زەمینەسازییەك ڕەخساوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی ئەم جۆرە ڕۆشنبیرییە تێپەڕێنێت و بەرەو ڕۆشنبیریی سیاسی بەشداریکردن هەنگاوبنێت.
لە ڕێگەی ئەو نموونەیەوە کە لە لێکۆلّینەوە مەیدانییەکەدا وەرمانگرتووە، بۆمان دەردەکەوێ ،کەوا هاوولاتیان لە هەرێمی کوردستان هاوکاری و بەشدارییان لەگەلّ ڕێکخراوەکان لە ئاستێکی نزمدایە و زۆرینەی هاوولاتیان دوورن لەم ڕێکخراوانە، ئەمەش خۆی لە خۆی دا درێژەپێدەری ئەو دابڕان و دوورکەوتنەوەیەیە،کە لە نێوان هاوولاتییان و ژیانی سیاسییدا هەیە، ئەمەش لەلایەکەوە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئامرازەکانی هاندان و ئاراستەکردنی هاوولاتییان بۆ بەشداریکردن لە ژیانی سیاسییدا لاوازە و هەنگاوێکی بەرچاو لە لایەن خودی دەسەلات و ڕێکخراوەکانەوە نەنراوە لەم بارەیەوە، لەلایەکی دیکە هەوە بۆ لاوازی ئەدای کاری ڕێکخراوەکان دەگەڕێتەوە لە کوردستان کە نەیان توانیوە بەڕاستی ببن بە پردی دایەلۆگ و گفتوگۆ لە نێوان هاوولاتیان و دەسەلاتی سیاسی و مەلّبەندی ڕێنمونی و هۆشیارکردنەوەی کۆمەلّگە.
بەشێوەیەکی گشتیی ڕۆشنبیریی سیاسی لای تاکی کورد لە ئاستێکی بەرزو پێویستدا نیە وە ئەو هۆشیاری و مەعریفە سیاسییەی کە لای تاکەکاندا تاکەکاندا هەیە بەرهەمی ئەو

ژینگەیەیە کە لەم هەرێمەدا خولڤاوە، کە چەندین هۆکار دەستیان لە دیهێنانی دا هـەبووە لەوانە.
ناکارایی و سستی کاری پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی و دەزگەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، لە پـاڵ ئەوەیشـدا لاوازی دامودزگـە پەروەردەیی و ئەکادیمیەکان لـە ڕووی بەرنامـە و پرۆگرامـی زانسـتییەوە بۆشـاییەکی گەورەی لەئارادایە لە ڕۆڵی ئەم دامو دەزگەیانەشدا لە ئەنجامـدانی پرۆسـەی پێگەیانـدنی سیاسی و پەروەردەکردنی سیاسی و هۆشیارکردنەوەی هاوولاتییان یەکجار لاوازە
کەنارگیری و خۆگرتنی هاوولاتیان لە ژیانی سیاسیشدا گرینگی نەدانی هاوولاتییان بە پرسە سیاسییەکان بەشێوەیەکی گشتیی، لەبەرئەوەی لەلایەکەوە تاکـەکان بـۆ خۆیـان لـە کاری سیاسییدا خۆیان دەپارێزن و گرینگی بەکاری سیاسی نادەن و هیچ مـەیلێکیان نیـە بـۆ پرۆسـە سیاسـییەکان، لەلایـەکی دیکەشـەوە هۆیـەکانی هانـدان و ئاراسـتەکردنی هاوولاتییان بۆ بەشداریکردن لە ژیانی سیاسییدا لاوازە.

سەرچاوە کوردییەکان:

ـــ ئەبوبەکر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٨.
- ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی، ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی ئیسلامی، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوار چرا، سلێمانی، ٢٠٠٨.
- بەهرام محەمەد کاکل، ڕۆشنبیریی... کۆمەڵگەی شارستانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینای، سلێمانی، ٢٠٠٦.
ـــ جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، سلێمانی، ٢٠٠٤.
- چنار سەعد عەبدوڵا، کاریگەری باری سیاسی لەسەر گەشەکردنی هۆشیاری نەتەوەیی کورد دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١، چاپی یەکەم، بەڕێوبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ٢٠٠٥.
- خالید خاڵ، کوردایەتی و ڕۆشنبیریی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٧.
- دامەزراوەی میهەن، کۆمەڵگەی شارستانی هێزێکی نوێ، و: کۆسار فەتاحی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ٢٠٠٦.
- ڕابەر تەڵعەت، گەنج و بەشداری سیاسی، چاپی یەکەم، دەزگەی تۆژینەوەی موکریانی، هەولێر ، ٢٠٠٦.
- ڕامین جەهانبەگلو، مۆدێرنەکان، و: ئازاد بەرزنجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگەی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.
- ڕزگار محەمەد قادر، لە پێناو کوردستانێکی نوێ دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧.

ـ ڕەفیق سابیر، کەلتوور و ناسیۆنالیزم، چاپی دووەم، دەزگەی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

ـ سەعید مەموزینی، سیاسەت گەمەیەکی بەردەوام، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٠.

ـ سۆران علیپور، ڕۆشنبیر کێ یە ؟ چارەنوسی چییە ؟، کۆمەڵەوتار، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧.

ـ د.شێرزاد نجار، هزر و سیاسەت، بەرە و ڕۆشنبیرێکی هاو چەرخ، و : محەمەد وەسمان، دەزگەی O.P.L.C بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠٠٥.

ـ عوسمان عەلی وەیسی، حزب لە کۆمەڵگەی سەردەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩.

ـ عومەر حەمەدەمین نورەدینی، سیستەمی نوێی جیهانی و دۆزی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٣.

ـ د.کەریم أبوحلاوە، گیروگازی چەمکی کۆمەڵی شارستانی، و: اسماعیل کوردە ـ ڕەوشت ڕەشید ـ نوری بێخاڵ ، چاپی دووەم، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، هەولێر، ٢٠٠٤.

ـ د. کەمال مەنوفی، تیۆری سیستەمە سیاسییەکان، و: ئاوات ئەحمد، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، شوێن نەنوسراوە، ٢٠٠٧.

ـ کۆمەڵێك نووسەر، زانستی سیاسی، و: ئاوات ئەحمد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦.

مەریوان وریا قانع، شوناس و ئاڵۆزی، چاپ نەنوسراوە، چاپخانەی ڕەنج ، سلێمانی، ٢٠٠٤.

ـ د. محەمەد بن سعود ئەلبەشر، سەرەتایەك لە پێوەندیکردنی سیاسی، و: مەم بورهان قانع، چاپی یەکەم ،چاپخانەی بینیای، ٢٠٠٧.

ـ محەمەد عەبدوڵا کەلاری، جیهانگیری میدیا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، ساڵی ٢٠٠٩.
ـ موسڵح عەبدولقەهار ئیروانی، ئاین و ناسیۆنالیزم، ڕۆڵ و کاریگەری و پێوەندی نێوانیان لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە هەرێمی کوردستان، نامەی ماستەر پێشکەشی کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین کراوە، هەولێر، ٢٠٠٢.
ـ محەمەد فاتیح، ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیری حزبایەتی، بەشی ڕوناکبیری (١٠٩) مەکتەبی ڕێکخستن، سلێمانی، ٢٠٠٥.
ـ د.هانی ئەلرەزا و د. ڕامز عەمار، ڕای گشتیی و ڕاگەیاندن و بانگەشەکردن و: ئەحمەد سەلام، چاپخانەی ئەلەند، چاپ و ساڵ نەنووسراوە.
ـ هەڤاڵ ئەبوبەکر، ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی کوردی، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیریی، سلێمانی، ٢٠٠٢.
ـ هەندرێن، خامەیەکی ڕۆشنبیریی لە پشت گوێی زمان، چاپی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیریی ـ بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٧.

گۆڤارەکان:

ـــ د.ئیبراهیم ئیبراش، ئاست و شێوەکانی بەشداری سیاسی، و: حیکمەت نامیق،گۆڤاری تۆژینەوە، دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ژمارە (٢) ساڵی یەکەم، حوزەیرانی ٢٠٠٥.
ـ خالید عومەر ڕەشید، پێگەی ڕاگەیاندن لە سیستەمی سیاسییدا، گۆڤاری ڕۆشنگەری، ژمارە (٢٣ ـــ ٢٤)، لە بڵاوکروەکانی نێوەندی ڕۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری و سیاسی ، ساڵ و شوێن نەنووسراوە.
ـ ڕێبین هەردی، ناسیۆنالیزم و وەرگێڕان، گۆڤاری ڕەهەند، گۆڤارێکی مانگانەی تیۆری کولتوورییە، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی، ژمارە (٢)، ساڵی ٢٠١٠.
ـ سەروەر محەمەد عەبدوڵلا، کۆسپەکانی بنیاتنانی کولتووری بەشداریکردن، گۆڤاری هێشتا، هەڵەبجە، ژمارە ٦ و ٧، ٢٠٠٧.
ـ عابد خالید ڕەسوڵ، ڕۆڵی حکوومەت لە بەشداریکردنی سیاسیدا، گۆڤاری ڕۆشنگەری، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری و سیاسی، ژمارە (٢٥)، ساڵ و شوێن نەنوسراوە.
ـ عادل باخەوان، ڕۆشنبیریی سیاسی و سیاسەتی ڕۆشنبیر، گۆڤاری ڕەهەند، گۆڤارێکی مانگانەی تیۆری کولتوورییە، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی، ژمارە (٢)، ساڵی ٢٠١٠.
ـ عەتا قەرەداخی، کورد و ڕۆشنبیریی سیاسی، گۆڤاری لڤین، سلێمانی، ساڵی هەشتەم، ژمارە (١١٥)، ٢٠١٠/١/٢٠.
ـ عوسمان عەلی حەسەن، بەشداری سیاسی (لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی یاساییە) گۆڤاری یاسا و ڕامیاری، گۆڤارێکی نیو ساڵانەیی زانستییە، لەلایەن کۆلێژی یاسا و ڕامیاری زانکۆی سەلاحەدین دەردەچێت، ساڵی شەشەم، ژمارە (٤)، ٢٠٠٨.

ـ فازل عومەر ڕەشید، ڕۆڵی ڕۆشنبیر لە شەڕی ناوخۆدا، گۆڤاری خامـە، گۆڤـارێکی ئەکادیمی زانستی قوتابیانەی وەرزییە، سەنتەری خامە بۆ ڕاگەیاندن و لێکۆڵینـەوەی قوتابیان دەریدەکات، هەولێر، ژمارە (٢)، زستانی ٢٠٠٦.
ـ کنێر عەبدوڵا، بەشـداریکردن لـە نێـوان ڕۆشـنبیریی و پەروەردەکردنـدا، گۆڤـاری سەردەم، گۆڤارێکی تایبەتە بە وەرگێڕان و کولتووری بیانی، دەزگەی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ساڵی دەیەم، ژمارە (٥٥)، هاوینی ٢٠٠٨.
ـ هاوژین مەلا ئەمین، ناسیۆنالیزم و ئـازادی و تاکەکـەس، گۆڤـاری ڕۆشـنگەری، لـە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری و سیاسی، ژمارە (٢٦).

فەرهەنگەکان:

ـ زاهیر محەمەدی و یاسین حاجی زادە ، فەرهەنگی سیاسی، چـاپخانەی ڕۆژهـەڵات، هەولێر، چاپ نەنوسراوە، ٢٠٠٦.
ـ مەسعود عەبدولخالق، مەوسوعەی جـودی، چـاپی یەکـەم، نووسـینگەی شـرۆڤە، هەولێر، ٢٠٠٨.

دەستوور:
ـ پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان — عێراق.

سەرچاوە عەرەبییەکان:
ـ جابريل أية ئةلمؤند وجى.بنجام باويل الابـن، السياسـات المقارنـة في وقتنـا الحاضـر، ترجمة : هشام عبدالله، الطبعة الاولى، الدار الاهلية للنشر والطبع، عمان، ١٩٨٨.
ـ د. حسان محةمـةد شـفيق العـانى، الانظمـة السياسـية و الدسـتورية المقارنـة، بـدون مطبعة و طبعة، ٢٠٠٧.

- د. سهيل عروسي، المجتمع المدنى و الدولة، دار الفكر، طبعة الاولى، دمشق - سوريا، ٢٠٠٨.
- شوقى جلال، المجتمنع المدنى و ثقافة الاصلاح، دار العين، القاهرة، الطبعة الاولى، ٢٠٠٥.
- د. عبدالله محةمةد الرحمن، علم الاجتماع السياسي، الطبعة الاولى، دار النهضة العربية، بيروت، ٢٠٠١.
- موريس دوفرجية، علم اجتماع السياسة، ترجمة : د. سليم حداد، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر والتوزيع، بيروت، طبعة الثانى، ٢٠٠١.

گۆڤار:
- د. عبدالله احمد الذيفاني، التربية والمجتمع والثقافة، مجلة دراسات اجتماعية، مجلة فصلية علمية يصدرها قسم الدراسات الاجتماعية، بيت الحكمة - بغداد، سنة الثانية، رِقم (٥)، ٢٠٠٠.

سەرچاوە ئەلیكترۆنییەكان:
- " الشبكة النبا المعلوماتية " (مفهوم الثقافة السياسية) ، منشور على الانترنيت في الموقع التالي: http://ar.wikipedia.org www.google.com
- د.السيد عليوة و د. منى محمود، المشاركة السياسيية، منشور على الانترنيت في الموقع التالي : www.dctcrs.org //:http
- پەرلەمانی كوردستانی - عێراق ، http:// www.perleman.org

پاشكۆ

وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی

زانكۆی سەڵاحەدین ـ هەولێر   ژمارەی فۆر (   )

كۆلێژی یاسا و ڕامیاری   بەرواری   / ٢٠١٠/٢

بەشی ڕامیاری/بەیانیان

فۆڕمی ڕاپرسی

هاووڵاتی بەڕێز:

ئەم فۆڕمەی لەبەردەستتدایە ئامانجی زانینی بیروڕای تایبەتی تۆیە لەبارەی ئەو بابەتانەی كە لە خۆی گرتووە، گومان لەوەدا نییە كە وەڵامدانەوەت بەشێوەیەكی وورد و دڵنیاییەوە دەبێتە هۆی زیاتر و سودبەخشین بەلێكۆڵینەوەكەمان، بۆ زیاتر دڵنیابوونت ئەم زانیاریانە بۆ توێژینەوەیەكە بەناونیشانی (ڕۆشنبیریی سیاسی و كاریگەری لەبەدیموكراتیزەكردنی كۆمەڵگە، (هەرێمی كوردستان وەك نموونە) كە تەنیا بۆ كاری زانستی (توێژینەوەی وەرگرتنی پلەی بەكالۆریۆس لە زانستی سیاسەت) بەكاردێت...

تێبینی:

١- نیشانەی ($\sqrt{}$) لە بەرامبەر ئەو بیرۆکەیە دابنێ کە بگونجاوی دەزانی.

٢- ڕای تایبەتی خۆت دەرببڕە لەبارەی پرسیاری (٦).

٣- هیچ بڕگەیەك بە بێ وەڵام بە جێ مەهێڵە. لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و سڵاومان بۆ تۆی بەڕێز....

زانیاریی گشتیی:

١. ڕەگەز : نێر ( ) مێ ( )

٢. تەمەن : ( )

٣. پیشە : ( )

٤. ئاستی خوێندنت : نەخوێندەوار ( ) سەرەتای ( ) ناوەندی ( ) ئامادەیی ( ) زانکۆ و پەیمانگە ( ) زانکۆ بەرەو سەر ( )

٥. باری کۆمەڵایەتی : خێزاندار ( ) سەڵت ( )

پرسیارەکان:

١- ئایا، هاوکاری و بەشداریت هەیە لەگەڵ ڕێکخراوەکان ؟

بەڵێ ( ) نەخێر ( )

٢- ئایا، وابەستەت هەیە بۆ حزبێك یاخوود لایەنێکی سیاسی ؟

بەڵێ ( ) نەخێر ( )

٣. بەڕای تۆ، ڕەوشی دیموکراتی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنی ؟

ڕەوشێکی سەرکەوتووە ( ) ڕەوشێکی سەرنەکەوتوە ( )

بۆچی ....

٤. پێت وایە، ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە گەشەدان بەرەوتی دیموکراتی لە کوردستان چۆنە؟

زۆر ( )   تاڕادەیەك ( )   کەم ( )   نازانم ( )

٥. ئایا، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی و پارتە سیاسییەکان و دەزگەکانی ڕاگەیاندن تا چەندە توانیویانە ڕۆشنبیریی سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بڵاوبکەنەوە؟

تاڕادەیەکی زۆر ( ) تاڕادەیەکی مامناوەند ( )   تاڕادەیەکی کەم ( )

٦ . بەڕای تۆ، چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ڕۆشنبیریی سیاسی لای تاکی کورد لە ئاستێکی بەرزدابێت ؟

١- ....

٢- ....

٣- ....

٧. بەڕای تۆ ، کام لەم کەناڵانە زیاتر توانیویانە ڕۆشنبیریی سیاسی لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا لای تاکی کورد بەرز بکاتەوە؟

١. پارتە سیاسییەکان ( )

٢. ڕیکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی ( )

٣. دەزگەکانی ڕاگەیاندن ( )

سوپاس بۆ هاوکاریت..

لێتۆژ لە چەند دێڕێکدا

- ناوی سیانی : سەروەر حەمە ئەحمەد
- لە ساڵی ١٩٨٨ز لە گوندی (زەڕایەن)ی دەشتی شارەزوور لە دایك بووە.
- قۆناخی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان بە پێشەنگی سەر پۆلەکەی بڕیوە.
- قۆناخەکانی ناوەندی و ئامادەیی لە قوتابخانەی دواناوەندی ئالانی کوڕان لە قەزای شارەزوور زۆر بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە.
- لەساڵی ٢٠٠٧ـ٢٠٠٦ لە کۆلێژی یاسا و ڕامیاری بەشی ڕامیاری زانکۆی سەلاحەدین وەرگیراوە.
- لە ساڵی ٢٠١٠ـ٢٠٠٩ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستە ڕامیارییەکان لە کۆلێژی یاسا و ڕامیاری زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر. بە پلەی یەکەم لەسەر ئاستی بەشەکەی بەدەستهێناوە.
- ی. لێتۆژ لە کۆلێژی یاسا و ڕامیاری زانکۆی سەلاحەدین.
- ی. لێکۆڵەری سیاسی لە کۆمەڵەی زانستە سیاسییەکانی کوردستان.
- خاوەنی چەندین تۆژینەوەی زانستییە وەك (ناسیۆنالیزمی کوردی، ئۆپۆزسیۆن لە سیستەمی سیاسی دیموکراتیدا).
- خاوەنی چەندین وتار و بابەتە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتە ئەلیکترۆنییەکان.